حیجاب

ناسنامەی ئافرەتی ئیماندارە

مەلا طاهر حسن حاجی نادر کەلەباشی

چاپی یەکەم

١٤٣٤ کۆچی - ٢٠١٣ زاینی

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

منتدى اقرأ الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

حيجـاب

ناسنامەی ئافرەتی ئیماندارە

بسم الله الرحمن الرحيم

حیجـاب

ناسنامەی ئافرەتی ئیماندارە

چاپی یەکەم

١٤٣٤ك ٢٠١٣ز

ناوی کتێب : حیجـاب ناسنامەی ئافرەتی ئیماندارە
نـوسـینـی : مەلا طاهر حسن حاجی نادر کەلەباشی
ژمارەی سپاردن : (١٢٤٢) ی ساڵی (٢٠١٣)
ژمارەی چاپ : یـەکـەم
چاپخانە :سیما
نەخشەسازی بەرگ : مەریوان فتاح
تـایپ : هاوڕێز علی، محمد صابر، هاوکار ئاوات
ئەرکی لەچاپدانی: بەشی کۆمەڵایەتی خێرخوازی لقی پیرەمەگرونی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان

پێشکەشە.....................

پێشەکی.......................

بەشی یەکەم

لقی یەکەم : پێناسەی پۆشاکی شەرعی .

لقی دووەم : بەڵگەکانی واجب بوونی پۆشاکی شەرعی (الحجاب الشرعی)

یەکەم : بەڵگەکان لە قورئانی پیرۆزدا.

دووەم : بەڵگەکان لە سونەتی پێغەمبەردا (صلی الله علیه وسلم).

سێ یەم : هەڵوێستی صەحابەکان لەم بارەیەوە .

لقی سێ یەم : ناوەکانی پۆشاکی شەرعی لە قورئانی پیرۆزدا .

یەکەم : لیباس

دووەم : خیمار

سێ یەم : جلباب

چوارەم : ثیاب

بەشی دووەم :

یەکەم : مەرجەکانی پۆشاکی شەرعی

دووەم : بەڵگەکانی دەرخستنی دەم و چاو .

بەشی سێ یەم ..

لقی یەکەم : خۆجوانکردن و خۆ ڕازاندنەوە (التبروج) .

أ : لە ڕووی شەرعی یەوە :

یەکەم : جل و بەرگ و پۆشاك .

دووەم : ماددەکانی خۆجوانکردنی لەش وەکو (خشڵ و خڕخاڵ).

سێ یەم : ماددەکانی خۆجوان کردن وەکو ئارایشت و سوراو سپیاو .

چوارەم : ماددەکانی خۆجوانکردن وەکو (برۆ باریك کردن و گۆڕینی برۆو برژانگەکان و نینۆکەکان) .

پێنجەم : حەرامە ئافرەتی موسڵمان .....

شەشەم : یەكێ لەو شتانەی كە ئەمڕۆ بۆتە عادەت و زۆربەی ئافرەتی موسڵمان دەیكات ئەوەیە كە ئافرەت دەست و پەنجەو كوڵم و چاوو لێوەكانی بۆیە دەكات .

ب : لە ڕووی تەندروستی یەوە

ج : لە ڕووی ئـابوری یـەوە

بەشی چوارەم :

یەكەم : بۆن خۆشی ئافرەتان (الطیب والنساء).

دووەم : هۆكارەكانی ڕووت و قوتی (سفوری) .

1- چاولیكەری
2- دەزگاكانی ڕاگەیاندن
3- ترسان لە لۆمەی خەڵكی .
4- هەندێك ئافرەت ئەڵێن باڵا پۆشیم لێ نایەت .
5- هەندێك ئەڵێن باڵا پۆشی نیشانەی دواكەوتنە
6- هەندێك دەڵێن باڵا پۆشی جل و بەرگێكی عەرەبی یە .
7- هەندێك ئافرەت ئەڵێن باڵا پۆش بیت كەس سەیرت ناكات .
8- حجاب نیشانەی پیری نیە .

بەشی پێنجەم :

خوێندن و باڵا پۆشی .

بەشی شەشەم :

ئەو نەخۆشیانەی بەهۆی زیناو داوێن پیسی یەوە تووشی مرۆڤ دەبن .

یەكەم : نەخۆشی زوهری (السفلس).

دووەم : نەخۆشی سەیلان (السیلان) .

سێ یەم : نەخۆشی هاربز (هربز جینتالس) یان (هربس الجنسی) .

بەشی حەوتەم :

جنـــس :

یەكەم : جنس لە ڕوانگەی علمانیەتەوە .

دووەم : جنس لە ڕوانگەی ئیســــلامەوە .

پێشکەشە

* بە دایك و باوکی بەڕێزم .

* بە هاوسەری دڵسۆز و خۆشەویستم، بەهەر پێنج جگەر گۆشەو نوری چاوانم (هیوا و سایە و سارا و سیوە و محمد) .

* بە براو خوشکەکانم .

* بە هەموو ئەو دایك و باوکە بەڕێزانەی کەدڵسۆزانە دەیانەوێ منداڵەکانیان لەسەر بەرنامەو ڕێبازی پیرۆزی ئیسلام پەروەردەکەن و کچەکانیان فێری باڵا پۆشی و جل و بەرگی شەرعی دەکەن .

* بە هەموو ئەو خوشکە بەڕێزانەی کە دەیانەوێ خۆیان بپارێزن لەو شاڵاوی ڕووتی و قوتییەی کەئەورووپاو خۆرئاوا دەیانەوێ بەناوی پێشکەوتن و ناوی جۆراو جۆرەوە فێری ئافرەتی مسوڵمانی بکەن!؟.

* بە هەموو دڵسۆزانی ئیسلام کەدەیانەوێت ئافرەتی ئیماندار دەست بە ڕێبازی ئیسلامەوە بگرێ و دوربن لەڕووتی و قوتی و هەڵپەی ناحەزان و خوانەناسان.

پێشـــەکی

سوپاس بۆ خوای پەروەردگار لەسەر هەموو خەڵات و بەخششەکانی کـە بـە ئێمـەی ئومەتی محمد (صلی الله علیه وسلم) بەخشیوە، بەتایبەت خەڵاتی ئیمان کە ئیما نمان هەیـە بـە خـواو بـەڕۆژی دوای و گـومڕاو سـەرگەردانی نـەکردوین، چونکە هەرکەسێ بەموسڵمانی بژی و خوای گەورە ئەو لوتفەی لە گەڵدا بکات بە ئیمانداری بچێتەوە لقای خـوا بەڕاسـتی سـەربەرزە و گـرەوی ژیـانی دونیـاو قیامـەتی بردۆتـەوە، ڕەحمـەت و میهرەبانی خواش لە ئێمە و سەرجەم ئیماندارانی ئەهلی قیبلە بێت . حەمد و سـەنای پێشکەش بەخوشك و برایـانی بـەڕێزم بکـەم لەکوردسـتانی خۆشەویـست بەتـایبـەت خوشکان بەئومێدی هۆشیارکردنەوەیان لەو شـاڵاوی بـێ دینـی و فەسـادیەی کەئـەمرۆ ئەمریکاو ئەوروپا لەڕێگای ئەڵقە لەگوێ کانیانەوە بەناوی پێشکەوتن و ئازادی یەوە دەیکەنە سەر جیهانی ئیسلامی لە ڕێگای سەدان ڕێکخراو سەنتەرەوە خۆیان کردووە بـە پارێزەری مافی ئـافرەت و فرمێسك تیمساحی بۆ دەڕێژن، جا لەم ساتە وەختە مێژووییەدا بەواجبی شەرعی سەرشانی خۆمی دەزانم باسی پۆشاکی شەرعی ئافرەت بکەم و وەڵامی هەموو ئەو بیروباوەڕو بۆچونە نازانستی یانەش بدەمـەوە کەڕەخنـە لـەئاینی پـیرۆزی ئیسلام دەگرن و حیجابیان بەمایەی دواکەوتوی کۆمەڵگا ناوبردووە، چونکە گەورەترین کێشە لە ڕابردوو و داهاتوودا ئـافرەت بـووەو ئـافرەت دەبـێ، بۆیـە دەبینیـی زۆربـەی کۆمەڵناس و فەیلەسـوف و یاسـاناس و سیاسـە تمەدارەکانیش خۆیـان بـە ئافرەتـەوە سەرقاڵ کردووە و لەڕێگە ڕاستەکەی خۆیان لایان داوە کە خواو پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) بۆیان دیاری کردووە. جا ئومێدەوارم خوای گەورە لێمـان قبـوڵ بکـات بیکاتە خزمەتێکی بچکۆلانەش بەئاینی پـیرۆزی ئیسلام و موسڵمانان، دەستی نـزاو پاڕانەوەش لە خوای پەروەردگار بەرزدەکەمەوە کە میللەتەکەمان بگەڕێنێتـەوە سـەر بەهـا بەرزو بنەما ڕەوشتی یە بـەرزەکانی ئیـسلام و ڕێبـازە ڕاستەکـەی حـەزرەتی محمد (صلی الله علیه وسلم).

مەلا طاهر حسن حاجی نادر کەلەباشی

پێم خۆشە لە سەرەتای باسەکەوە پێناسەیەکی جل‌وبەرگ بکەین لەڕووی زمانەوانی یەوە:

لەزمانی کوردی دا ووشەی ((جل‌وبەرگ)) یان (پۆشاك) بەکاردەهێنین، ووشەی (جل) تایبەتە بەو بەرگەی کە بۆ هەندێ ئاژەڵ بەکار دە هێنرێت بەلاّم بەشەکەی تری ئەم ووشە لێك دراوە کە (بەرگ) ە لەبنەرەت دا ووشەیەکی فارسی یەو بەواتای (گەلاّ) دێت مەبەست لەو گەلاّیانەیە کە درەختەکە دادەپۆشێت ،بەلاّم ووشەی (پۆشاك) زاراوەیەکی هاوبەشە لە نێوان زمانی کوردی‌و فارسی دا واتە لەبەرکردن‌و داپۆشین . لەزمانی عەرەبیشدا زیاتر ووشەی (لباس) (حیجاب) بەکار دەهێنرێت لە زمانی ئینگلیزیش دا زاراوەی (clothes) و (Dress) بەکاردەهێنرێت.

بێ گومان مرۆڤ بۆ سێ مەبەستی سەرەکی جل‌وبەرگ لەبەردەکات:

یەکەم: جل‌و بەرگ بۆ ئەوەیە مرۆڤ لەسەرماو گەرما بپارێزێت.

دووەم: جل‌و بەرگ بۆئەوەیە داوێنی مرۆڤ بپارێزێت.

سێ یەم: جل‌و بەرگ دەبێتە هۆی جوانی مرۆڤ بۆیە زانایانی دەرون ناسی ئەڵێن جوانی مرۆڤ بکەیت بە دە بەشەوە نۆ بەشی لە جل‌و بەرگەکەیایەتی. لەسەرەتای دروست بوونی ژیان دا مرۆڤ بۆ ئەوەی خۆی لەگەرماو سەرماو گیان لەبەر و دڕندەکان بپارێزێت خانووی دروست کرد چونکە خانوو مایەی ئارامی‌و

وئاسودەی یە بۆی کەواتە دەتوانین بڵێین خانووی یەکەمی مرۆڤ جـل و بەرگەکەیـەتی و هـەموو کەسـێ سـەرەتالە لـە جـلو بەرگەکەی دا ئارام ئەگرێو دواتر لەخانووەکەی دا نیشتە جێ ئەبێت.

بەشی یەکەم

لقی یەکەم: پێناسەی پۆشاکی شەرعی:

پۆشاکی شەرعی (الحجاب) بریتییە لەو پۆشاکەی ئافرەت لەشی خۆی پێدا دەپۆشێت لەبەرچاوی ئەو پیاوانەی کەمەحرەمی خۆی نین، بەواتایەکی تر پۆشاکی شەرعی ئەو پۆشاکەیە کە عەورەتی ئافرەت دادەپۆشێت لەبەرچاوی ئەو پیاوانەی کە مەحرەمی نین. هەروەها (حیجاب)بەواتای هەرشتێك ببێتە پەردەو بەربەست لەنێوان دوشت دا، زۆرکەس وای تێگەیشتووە کەحیجاب تەنها سەرپۆشێکە یان لەچکێکی سادەو ساکارە کەئافرەتان لەملی ئەکەن یاخود لایەکی سەری یان شێوەی قژی دادە پۆشێت نەخێر بالاَ پۆشی تەواو بریتیە لەو جلە ئاودامانەی کەهەموو لەشی ئافرەت دادە پۆشێ و بەعەرەبی پێی دەوترێت (الحیجاب) پۆشاکی شەرعی حیجاب ئەو پۆشاکە شەرعیەیە کەهەموو لەشی ئافرەت دائەپۆشێت و ئەبێتە قەلاَو شوورەیەکی پتەو، کەخوای بالاَ دەست و کاربەجێ بۆ پاراستنی شەرەف و کەرامەتی ئافرەتی ئیمانداری داناوە بەشێوەیەکی پۆلاَین و بە هێز بۆ پاراستن و ڕاگرتنی کۆمەڵگا لەهەموو خراپەو داوێن پیسی یەك، وە چوارچێوەیەکی دامەزراو بەهێزیشە کەئافرەت لەمیانەیدا ئەتوانێ کاری پەروەردەی بەرەکانی

دوواڕۆژو جگەرگۆشەکانی تێدا جۆش بداتو پەیکەری تەلاری دواڕۆژی گەل و نیشتمانێکی پاكو بێگەردی پێدابمەزرێنێت.
پۆشاکی ئیسلامی ئەو خانووەیە کە حورمەتو ناوەرۆکی ئەو ماڵە دەپارێزێت لەچاوی چاو چنۆکان لەزیانی دزو جەردەو پیاو خراپو گیانداره دڕندکان کەبەچواردەوری ئەو خانووەوەن. هەروەها پۆشاکی شەرعی ئەو بەرگە جوانە خوایی یەیە کە خوای گەورەو باڵا دەست کردوویەتی بە بەری میوەی پرتەقاڵو هەنارو لیمۆو نارنجدا، بۆ پاك ڕاگرتنیو پاراستنی ئەو میوەیەو خۆراکە لەهەموو میکرۆبو نەخۆشییەك، ئەو بەرگە ڕەق و پتەوەیە کەخوای کردوویەتی بە پارێزەری گوێزوو چوالەو بەپوختیو خاوێنی کاکڵەکەی دەپارێزێتو وەكو دایکێکی بەسۆز جگەر گۆشەکەی لەباوەش گرتووە، پۆشاکی ئیسلامی ئافرەتی ئیماندار وەك ئەو بەرگەوایە کە خوای گەورە بۆ ئەم بوونەوەرەی دروست کردووە داروو درەخت بەرگی هەیە ئەگەر توێکڵەکەی لێبکەیتەوە لەگەشەکردنو شکۆفە ئەوەستێ وەكو ئەو دەنکە گەنمو جۆیە وایە کەخوای گەورەو کاربەجێ بۆی دروست کردووە، لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا زاناکان چەند دەنکە گەنمێکییان لە ئەهرامەکانی میصردا دۆزییەوە مێژووەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ شەش هەزار ساڵ لەمەو بەر وەکو ئەو دەنکە گەنمەش وایە کە ئێستا ئێمە لەئاشی دەکەینو دەی خۆینو لەزەویە کشتوکاڵییەکان زەرعی ئەکەین

زاناکان ئەڵێن هۆی مانەوەی ئەو دەنکە گەنمانە بەهۆی ئەو بەرگ و توێکڵەوەیە کەخوا بۆی دروست کردووە، لەزنجیرە فلیمی حەزرەتی یوسف سەلامی خوای لەسەربێت کە لەکەناڵی ئاسمانی سەحەرەوە پێشکەش ئەکرا بەهۆی ئەو قاتی و قڕی و وشکە ساڵی یەی بەسەر وڵاتی میصردا هات کاهینەکان ئەو گەنمەی هەڵیان گرت بوو بەرگەکەیان لێکردبۆوە تا سەرەنجام خراپ بوو بەڵام ئەو گەنمەی کە حەزرەتی یوسف (سەلامی خوای لەسەر بێت) هەڵیان گرتبوو بە بەرگەکەیەوە بوو بۆیە چەند ساڵ خۆی گرت و سەرەنجام هەموو وڵاتی میصر لەو قات و قڕی و وشکە ساڵی ڕزگارکرد. جل و بەرگی شەرعی ئافرەتی ئیمان داریش وەك ئەو بەرگەوایە کە خوای گەورە بۆ ئەم زەوییەی دروست کردووە پێی دەڵێن (بەرگە هەوا) ئەوەتا خوای گەورە لە سورەتی ئەنبیائدا ئایەتی(٣٢)دائامارژە بۆ ئەم ڕاستیە گەورەیە ئەکات و ئەفەرموویت (وجعلنا السَّماءَ سقفاً محفوضاً). واتە ئێمە ئەم زەوییەمان بە هۆی بەرگێکەوە پاراستووە، ئەگەر ئەو بەرگەمان بۆ دروست نەکردایە نەمان ئەتوانی لەسەری بژین، بۆنموونە لە ساڵی ١٩٠٨ بەردێکی زۆرگەورە لەوڵاتی سیبریا لەیەکێتی سۆڤیەتی جاران لەئاسمانەوە کەوتە خوارەوە (٣٠٠) مەتر ئەبوو، کێشی تەقینەوەکەی سەد میگا تەن بوو، حەو سەد میل ئەرزی تەخت و خاپوور کرد و حەفتا هەزار مەتر زەوی لەناوبرد، لەدوری حافتا

میلەوە جلی بەبەری کەسەوە نەهێشت، زۆر ولاتی ئەوروپای ڕوونـاك كـردەوە، زانایـان ئەڵێن ڕۆژانـە هـەزاران بـەردی گـەورەو نەیزەك لەئاسمانەوە ئەكەوێتە خوارەوە بەڵام بەهۆی ئەو بەرگە هەوایەوە کە خوا بۆ زەوی درست کردووە ئەیپارێزێت، ئە گینا بە یەك بەردی گەورە ژیان لەناو ئەچوو.

پۆشـاكی شـەرعی ئـەو پەرژینەیـە كـە بەچـواردەوری باخـچەی گوڵو خونچە و میوەی هـەنارو سێوو هـەرمێ دا دروسـت كـراوە بۆ پاراسـتنی بەروو بوومـە تـازە پـێ گەشـیتووەكەی ئـەو بـاخ و گوڵستانەی لەدەستی ناپاكانو چاوی چاو پیسو ورگ زلەكان.

پۆشـاكی شـەرعی وەكو ئـەو پەرژینـە ئـابروو شـۆخ و شـەنگیو جـوانیو ناسـكی ئـافرەتی ئیمانـدار. ئەشـارێتەوە لـە چـاوی ناحەزانو دڵ نەخۆشـەكان كەواتـە چۆن پـەرژینی گـوڵ و بـاخ و گوڵستانەكان پێویـستە جلوبـەرگی ئـافرەتی ئیمانـداریش ئـاوا پێویـستیەكی كۆمەڵایـەتیو بەڵگـە نەویـستە بـۆ پاراسـتنو تێـك نەچوونی شیرازەی كۆمەڵایەتی و كۆمەڵگا. بۆیە خوای گەورە بە بـاڵای ئـافرەتی ڕەوابینیـوە و بـە بنەمایـەكی پتـەوی كۆمـەڵگای داناوە لە سەر ڕووی زەوی هەروەك لە سورەتی الاحزاب ئایـەتی (٥٩) دا دە فەرموویـەت ((يَـا أَيُّهَـا النَّبِـيُّ قُـلْ لأَزْوَاجِـكَ وَبَنَاتِـكَ وَنِسَاءِ الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِنْ جَلابِيـبِهِنَّ ذَلِكَ أَدْنَـى أَنْ يُعْـرَفْنَ فَلا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُوراً رَحِيماً)).

ئەفەرمویٚ ئەی خۆشەویستی خوا بڵێ: پێغەمبەر لەحەزرەتی جبریلی پرسی و فەرمووی چی بڵێم و بەکێ بڵێم، خوا بەحەزرەتی جبریلدا ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە و فەرموی: بەهەموو خێزانە بەڕێزەکانت و کچەکانت وەك حەزرەتی فاتمەو زەینب و روقیەو ئم کلسوم هەموویان کۆ بکەرەوە ئەم پەیامەی خوایان پێبڵێ کەخۆیان سەرتاپا داپۆشن و جوانی و ڕازاوەیی خۆیان دەرنەخەن چونکە لە چەندان ڕیوایەتدا هاتووە کەئافرەتان بە(ئازادو کۆیلەکانەوە)و(کەنیزەکان) دوە شەوانە بەیەکەوە ئەچوونە دەرەوە بۆ کاروو باری پێویستی خۆیان بۆ ناو دار خوورماو قامیش و بێشەلآنەکان پیاوان و گەنجانی فاسق و خراپەکارانیش ڕێگەیان پێ ئەگرتن تەشقەڵەیان پێ ئەکردن خوای گەورە لەم ئایەتە قورئانیەدا ئەفەرموێت ئەی محمد (صلی الله علیه وسلم) ئەم بانگەوازو پەیامە تەنیا بۆ خێزان و کچە بەڕێزەکانت نیە بەڵکو بۆ هەموو ئافرەتانی ئیماندارە تاڕۆژی دوایی، لە سەرەتای ئایەتەکەشەوە خوا ئەمر بەپێغەمبەر ئەکات کە لە پێشدا لەخێزان و کچە بەڕێزەکانیەوە دەست پێ بکات ئینجا پەیامەکە بە ئافرەتانی ئیماندار بگەیەنە، واتە هەر شتێك لەم دینە پیرۆزەدا هاتبێتە خوارەوە لەپێش هەموو کەسێکەوە دەبێت پێغەمبەرەکەی خۆی ماڵ و منداڵەکەی جێبەجێی بکات ئینجا ئەمر بە ئومەتەکەشی بکات جێ بە جێی بکەن، بەڕاستی لەکەیەکی گەورەیە بەسەر ئەم دینەوە کە زۆرجار کچەمەلاو کچە

شێخو حاجی و موسوڵمانی باش قاچی ڕووتەو خەڵك ئەڵێت ئەمە کچە مەلاکەیە وایە قوڕبەسەر سەری ئەو خەڵکە عەوامو نەزانە هەروەها خوای باڵا دەست وکاربەجێ بەئەمر ئەفەرمووێ ئەی محەمەد ئەم پەیام و ڕیسالەیە تەنها بۆ خێزانو کچەکانت نیە ((نساء المؤمنین)) بۆ هەموو ئافرەتانی ئیماندارە، ئەم ئەمرەش لەزمانی عەرەبیدا بۆ واجبە واتە: باڵا پۆشی واجبە وەك و نوێژو ڕۆژو زەکات ..... هتد. بۆ یە هەر ئافرەتێ خۆی بە ئیماندارو باوەڕدار ئەزانێت خوای گەورە بانگی ئەکات بۆ جێبە جێکردنی ئەم فەریزە خواییە کەمایەی ڕەزامەندی خواو بەدەست هێنانی بەهەشتی پانو بەرینە.هەروەها ئەفەرمووێ ((یۆ تین علیهن مِن جلا بیبهینّ)) بەبەرگێکی سەرتاپا ئاودامان خۆتان دا بپۆشن ((ذلك أدنى أن يُعْرَفنَ)) ئەو خۆداپۆشینە نازنامە ئافرەتی باوەڕدارەو پێی ئەناسرێتەوە وە زۆر ڕاستە جاری واهەیە ئەچیتە دائیرەیەکەوە یان ئەچیتە سەیارەیەکەوە یان ناو بازاڕێکەوە ئافرەتێکی داپۆشراو ئەبینی یەکسەر ئەزانی کە ئەو ئافرەتە ئیماندارەو بەگەورەو سەربەرزی ئەزانی ((فلایۆذین)) خەڵکی نالە باروو چاو پیسو دڵ خراپیش ناتوانی بە چاوی خراپەوە سەیری بکات. کەواتە پۆشاکی ئسلامی چەقڵی چاوی ناحەزانو ئەو کەسانەیە کەحەزیان لە داوێن پیسو بەرەڵایو تێکچوونی شیرازەی خێزانو داوێن پیسیە هەروەها هۆکارێکیشە بۆ بەرز ڕاگرتنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی

سەبارەت بە وشەی(جلابیب) کە لەکۆتای ئایەتەکەوە هاتووە کۆی ووشەی (جلباب)ە ئەو پۆشاکەیە کەئافرەت دادەپۆشێت هەر لەسەرەوە تاخوارەوەی لەش هەروەك‌و إبن عباس فەرموویەتی:

- جلباب: بریتیە لەو پۆشاکەی کەئافرەت خۆی پیٚ دادەپۆشێت.
- جلباب: بریتیە لەپۆشاکێکی فراوان کەئافرەت خۆی پێدادە پۆشێت.
- جلباب: بریتیە لەکراس.
- جلباب: بریتیە لەگشت بەرگ‌و پۆشاکێك لەسەر جلەکانیەوە لەبەری دەکا واتە:عەبا.
- جلباب: ئەو عەبایەیە کەلەسەر کراسەوەو بەسەر سەرو پۆشاکەکەیدا لەبەریدەکات بەخۆیدا شۆڕیدەکاتەوە دێتە خوارەوە پێیەکانیشی دادەپۆشێت.

أبن عەرەبی لەلێکدانەوەی ئەم ئایەتە پیرۆزەی قورئان کە دەفەرمووێ ((یـدُنینَ علیهنَّ مِن جلا بیبهنِّ)) دا دەفەرمووێ لەشیکردنەوەی زاراوەی (جلباب) دا، زانایان جیاوازیان هەیە هۆکەشی بۆ لێك نزیکبوونی واتاکان دەگەڕێتەوە ئەوەش کەواتای ڕاست‌و درووست دەدا بەدەستەوە ئەوەیە کەجلباب بریتیە لەو پۆشاکەی کەلەشی ئافرەت دادەپۆشێت بەواتایەکی تر بریتیە لەپۆشاکێکی فراوان‌و ئەستوور کەلەسەر جل‌و بەرگەکانی تری ئافرەتەوە لەبەردەکرێت گشت لەش هەر لەسەریەوە تادەگاتە پێیەکانی دادەپۆشێت بۆیەو دەتوانین بلێت

جلبـاب بریتیـە: لـەو عەبایـەی کـە ئـافرەت لەسـەر جلەکانیـەوە دەیـپۆشێت کـە لەسـەریەوە تاپێیـە کـانی دادە پۆشـێت بـۆ یـە پێویستە لەسەر ئافرەتانی موسڵمان کە ئەم ئایەتە پیرۆزە لەسەر خۆی جێبەجێبکاتو ملکە چی فەرمانەکانی خوابێت.

لقـی دووەم: بەڵگـەکانی واجـب بـوونی پۆشـاکی شەرعی(الحیجاب الشرعی).

بەڵگە کانی واجیب بوونی پۆشاکی شەرعی لەقوورئانی پیرۆزو سونەتی پێغەمبەردا.

یەکەم: بەڵگەکان لەقورئانی پیرۆزدا:

پۆشـاکی شـەرعی فەرزێکـە وەكو نوێـژکردنو ڕۆژوو گـرتن، لەقورئانـدا پۆشـاکی شـەرعی فەرزێکـە وەكو نوێـژکردنو ڕۆژوو گـرتنو حـەجو زەکـات نابێـت پـشتگوێ بخـرێ، هـەر ئافرەتێـك باوەڕی بە واجب بوونی نەبێتو بەو نیازە وازی لێبینێـت پێـی کـافر ئـەبێت، بەڵام ئەگـەر بەهۆی نـەریتی خراپـی کۆمـە ڵگـاوە وازی لێبێنێ بەڵام بڕوای تەواوی بەفەرزیەت بوونی هەبێت ئەوە سەرپێچی لەفەرمانەکانی خوا پێغەمبەری خوا کردوەو گوناهبارە.

●خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا لە سورەتی الاحزاب ئایەتی (٥٩) ئـە فـەرموویێت ((یَـا أَیُّهَـا النَّبِـيُّ قُـلْ لأَزْوَاجِـكَ وَبَنَاتِـكَ وَنِـسَاءِ الْمُؤْمِنِینَ یُدْنِینَ عَلَیْهِنَّ مِنْ جَلابِیبِهِنَّ ذَلِكَ أَدْنَـى أَنْ یُعْرَفْنَ فَلا یُـؤْذَیْنَ وَکَانَ اللَّهُ غَفُوراً رَحِیماً)) واتە ئەی خۆشەویستی خوا بەخێزانو

کچە بەڕێزەکانت و هەموو ئافرەتانی ئیمانداربڵێ کە خۆیان داپۆشن (إبن كثير) لە تەفسیر ئەم ئایەتە پیرۆزەدا ئەڵێت: خوای باڵا دەستو کاربەجێ فەرمانی بەپێغەمبەرەکەی کردووە کە فەرمان بە هەموو ئافرەتانی بڕوادار بکات سەرەتاش بەخێزانو کچە بەڕێزەکانی خۆی کەعەباکانیان بەسەر خۆیاندا بدەنو لە تەوقی سەریانەوە تا بنی پێیەکانیان شۆڕی بکەنەوە بەشێوەیەکی وا هەموو لەشیان دا پۆشێت، بۆ ئەوەی لەئافرەتانی زەمانی نەفامی جیابکرێنەوە دیارە ئەم فەرمان کردنە خوای گەورە بەپێغەومبەرکەی بە صیغەی ئەمرەو ئەمریش لێردا بۆ واجب بوونە کە بەواتای فەرز دێت. واتە: ئەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ئەمر بەئافرەتانی موسڵمان بکە کەپۆشاکی شەرعی بپۆشنو عەباکانیان بەخۆیانا بدەن ((ذلك أدنى أن يُعْرَفنَ)) ئەو خۆ داپۆشینەش باشترین ناسنامەی ئافرەتی ئیماندارەو پێی ئەناسرێتەوە. ولاهی کەئەچیتە شوێنێکو ئافرەتێکی داپۆشراو ئەبینی یەکسەر ئەزانی ئەو ئافرەتە ئیماندارەو بەگەورە و ئەمینی ئەزانی لێرەدا بە پێویستی ئەزانم بە سەر هاتی یەکێك لەنوسەرە ئیسلامییەکان کە خۆی بەچاوی خۆی بینیویەتی (مامۆستا علی باپیر لەکتێبی ئافرەتو خێزان لەسایەی شەریعەت دا لاپەرە (٢٥٢) گێڕاویەتەوە). حەز ئەکەم منیش بیخەمە بەرچاوی خوێنەرانی بەڕێز، ئەو نوسەرە بەڕێزەش کەخۆی ئەی گێڕێتەوەو ئەڵێت چەند ساڵێك لەمەوبەر ڕۆژێکیان کچێك هاتە

نوسـینگەکەمەوە لـەکۆلێجی شـەریعە هـەرزوو هەسـتم کـرد لەچـکێکی سـاختەی کـردووە نیـوەی قـژی بەدیارەوەیـە دووای وەرگرتنـی مۆڵـەت زۆر بەناسـۆرەوە بەسـەرهاتی تـاڵی خـۆی بـۆ گێڕامەوە بەهیوای ئەوەی یارمەتی بدەم و لەو گرفتە گەورەی کە بـە سـەری هـاتووە ڕزگـاری بێت،بـە کـوردی و کرمـانجی بـە سەرهاتەکەی ئەوە بوو کە ئەو کچە لەماڵێك دا گەورە بوو کەهیچ پاپەنـدێکی ئاینیـان نـەبووە، ئەم کـچەش سـەرەتا لەقوتابخانـەو پاشـان لـەزانکۆ خوێندوویـەتیو هـیچ چـاو دێرێکـی خێزانـیو ئاینیشی نەبووەو لەو کاتـەی کـە قوتـابی ئامادەیی بووە کـوڕان دەوریـان داوەو زۆر پێـی (معجیـب) بـوونو بـەردەوام هانیانـداوە کـەزیاتر خـۆی ڕووت بکاتـەوەو جـلو بـەرگی تەسـكو سـەرنج ڕاکێش لەبەرکات، ئـەڵێت منیش داواکەیانم پێخۆش بوو زیـاتر تەسلیمی قسەکەیان ئەبووم، بەجۆرێك لە قۆناغی زانکـۆدا زیـاتر لەمەسەلەی خۆڕازاندنـەوەو خـۆ ڕووت کردنـەوەدا ڕۆدەچووم تـا گەنجێك بەتەواوی دڵی داگیرکردمو ئەویش وای پیشان ئەدا کـە لـە قـوڵای دڵو دەروونو ناخیـەوە منـی خـۆش وئـەوێت، دووای بـیرو ڕاگۆڕینـەوە داوام لێکـرد کـە بەڕاسـتی ئـەو منـی خـۆش ئەوێـت بێتـە داخـوازیم، ئـەویش وتـی بێخـەم بە بەم زوانە دێمە داواتو دەبینەهاوسـەری ژینـی یـەکتری، ئەمـەش بوویـە هـۆی ئەوەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پـە یوەنـدی خۆشەویستیمان بە هێزتـر ئەبوو، سەرئەنجام لە یەکێك لە دیدارەکانمان کچێتی نەهێشتم و تـادوای چـەند ڕۆژێك داوام لێکـرد کـە کـار لـەکار تـرازاوەو بێتـە

داوام، ئەویش زۆر بەسوکیەوە وتی هێشتا بڕیاری ژن هێنانم نەداوە، هەر وەختێکیش بڕیاری ژن هێنانم دا کچێکی شەریف و بە حەیا دێنم کە خۆی نەکردبێتە بەردەستی کەس. ئە لێت لەو کاتەوە کە ئەو قسەیەم بیست موچورکەیەك لەبنی پێمەوە دەستی پێکردوو لەتەوقی سەرمەوە دەرچووە! ئەنجا هەستم کرد کەهەڵخەڵەتێنراوم و گاڵتەم پێکراوە هەر چەند خێزانەکەم ملتەزیمی دین نەبوون بەلام لەبەر عورف و نەریتی کۆمەڵگا نەموێرا مەسەلەکەم بۆ خێزانەکەم بگێڕمەوە چارەنوسی خۆم بەرەو نادیاری بەرم، بەدەم ئەو هاواروو ناڵیەوە وتی بەڕاستی ئەنجا بۆم دەرکەوتووە ئەگەر ئەمرەکانی خواو پێغەمبەری خوام جێبەجێ بکردایە بەم ڕۆژە ڕەشەی ئێستا نەدەگەیشتم و ناسنامەی پاکی و بێگەردی خۆم لە دەس نەئەدا، ئێستا هاتووم بۆلای تۆ وەك و برایەك چارە سەری ئەم کێشەیەم بکەی، ئەویش وتی خوشکی خۆم هەرشتێك کە خواو پێغەمبەرەکەی فەرموویانە بۆ قازانجی ئینسان و کۆمەڵگایە ئافرەتەکەش وتی بەپشتیوانی خوای گەورە لەم ڕۆوە هەوڵ ئەدەم کەخۆم داپۆشم لە ئارەزووەکانی نەفس و هەواوم دورکەومەوە. ئەو پۆشاکەی کەفەرزی خوایە ناسنامەی ئافرەتی ئیماندارە بیکەمە بەرم. کەواتە حیکمەتی ئەو پۆشاکەی کە خوالەسەر ئافرەتانی ئیمانداری فەرز کردووە بۆ گەورەیی ڕێزو حورمەتی ئافرەتە.

دووەم: بەڵگە لەبەڵگەو دەلیلەکانی قورئانی پیرۆز:

ئایەتی سی ویەکی سورەتی نوورە کە خوای گەورە دەفەرموێت:

(وَقُلْ لِلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلاَّ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَى جُيُوبِهِنَّ وَلا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلاَّ لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ آبَائِهِنَّ أَوْ آبَاءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ أَبْنَائِهِنَّ أَوْ أَبْنَاءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي أَخَوَاتِهِنَّ أَوْ نِسَائِهِنَّ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُنَّ أَوْ التَّابِعِينَ غَيْرِ أُوْلِي الإِرْبَةِ مِنْ الرِّجَالِ أَوْ الطِّفْلِ الَّذِينَ لَمْ يَظْهَرُوا عَلَى عَوْرَاتِ النِّسَاءِ وَلا يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ لِيُعْلَمَ مَا يُخْفِينَ مِنْ زِينَتِهِنَّ وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعاً أَيُّهَا الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ).

واتە:ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بە ئیمانداران بڵێ: کەچاوی خۆیان دەرنەخەن وداوێنی خۆیان بپارێزن لەرێگەی شەرعی یەوە نەبێت ئارەزووە سێکسیەکانی خۆیان جێبەجێ نەکەن باجوانی وزینەتی خۆیان دەرنەخەن و مەگەر ئەوە نەبێت کە بۆ زەرووەرەت دەردەکەوێت کە زانایان فەرموویانە دەم و چاو و هەردوو دەستیان نەبێت تا مەچەك، با لەچکەو پۆشاکەکانیشیان بەسەر سینگ وگەردنیانا بەردەنەوە بۆئەوەی جوانی ورازاوەیی خۆیان دەرنەخەن تەنیا بۆ مێردەکانیان نەبێت، یان باوکیان، یان باوکی مێردەکانیان، یان کوڕەکانیان، یان کوڕی مێردەکانیان، یان براکانیان، یان کوڕی براکانیان، یان کوڕی خوشکەکانیان، یان ئافرتانی وەك خۆیان واتە ئافرەتانی

مسوڵمان نەك ئافرەتانی نامسوڵمان، کەلەوانەیە لای پیاوانی نامسوڵمان باسیان بکەن وببێتە هۆی بڵاو بوونەوەی فیتنەو فەسادی، یان بۆ کەنیزەکەکانیان کەموڵکی خۆیانن یان بۆ ئەو پیاوانەی کەپێویستیان بەئافرەت نەماوەو مەترسی خیانەتیان نی یە وەکو پیاوە پیرە پەککەوتووەکانیان، یان ئەو پیاوە گێلانەی کە لەبارەی سێکسیەوە هیچ نازانن، یان ئەو منداڵە ساوایانەی کەهێشتا تەمەنیان نەگەیشتۆتە باڵغ بوون. ئەبێ ئافرەتانی ئیماندار ئەو ڕاستییە بزانن کە حەزو ئارەزووی منداڵان پەیوەندی بە باڵغ بوونەوەیە، چونکە منداڵی وا هەیە پێش تەمەنی دەساڵی وپێش باڵغ بوونیان هەستی سێکسی و ئارەزووی ئافرەتان دەکات. واتە سەیرکردنی (النظر)ی منداڵ بۆ ئافرەت پەیوەندی بەتەمەنی باڵغ بوونەوە نییە بۆیە دەبێت خوشکان لەهەر شوێنێك منداڵیان لەگەڵابوو تێبینی ئەوە بکەن ئەگەر بەشەهوەت وئارەزووەوە سەیری ئافرەتیان ئەکرد ئەبێت خۆیان دابپۆشن و خۆیان لەلایان ڕووت نەکەنەوە. زانایان ڕەحمەتی خوایان لەسەر بێت دەفەرموون ئایەتی سی و یەك سوورەتی نوور کەخوای گەورە دەفەرموێت: ((أو الطفل اللذين لم يظهروا على عورات النساء)).

مەبەستی لەو منداڵانەیە کە هیچ ئارەزوویەکی سێکسیان لەئافرەتان نی یە ئارەزوویان بۆ ناجولێیت بەڵام هەندێ منداڵ هەیە پێش باڵغ بوونیان حەزو ئارەزوویان بۆ ئافرەتان

ئـەجوڵێت، پڕبەچـاو پڕبــەدڵی ئـارەزووەوە سـەیریان دەكـەن. ئەبێـت ئافرەتـان خۆیـان لـەو جۆرە مندالأنـە پبـارێزن و خۆیـان لەبـەر چـاویان دەرنەخـەن، چـونكە لەوانەیـە منـداڵی وا هەیـە بەهۆی پەروەردەی ماڵ و ژینگەكەیـەوە كـە زۆر باسـی ئـافرەتی تیابكرێت زوو حەزوو ئارەزووی ئافرەتان لە ناخیا بڕسكێ، واتە ئـەو جـۆرە منداڵانـە زووتـر ئـارەزووی سێكـسیان ئـەجوڵێت و ئـەبێت ئافرەتـانی ئیمانـدار وریـای ئـەم ڕاسـتیانە بـن، هـەروەها لەكۆتای ئایەتەكەدا دەفەرمووێت: (بأرجلهن ليعلم مايخفين مـن زينتهن) ئەی پێغەمبەری خوا پێیان بڵێ نابێت ئافرەتی ئیماندار قاچـی بەئەرزەكـەدا بكێـشێ بـۆ ئـەوەی بـەدەنگی خڕخـاڵ و زێڕەكـەی سـەرەنجی پیـاوان بـۆ لای خـۆی ڕانـە كێـشێت، بـە عیبـارەتی ئـەم ئایەتـە نابێـت ئـافرەتی موسـڵمان پێڵاوێـك لـەپێ بكات كە بەڕێگادا ڕۆیشت تەقەی بێت یەكسەر پیاو ئاوڕبداتـەوە بۆی، ئە بێت، لە كۆتای ئایەتەكەشدا ئەفەرمووێت (وتوبوا إلى الله جميعـا أيهـا المؤمنـون) ئیمـان داران لـەكردەوە خراپـەكانتان پەشیمان ببنەوەو تۆبە بكەن بۆ ئـەوەی خوای گـەور سـەربەرزوو سەرفرئزی دنیاو قیامەتان بكات.

سێیەم بەڵگە لەبەڵگەو دەلیلەكانی قورئانی پیرۆز:

ئایــەتی سـی و سـێی سـورەتی أحزابـە كـەخوای پـەروەردگار ئەفەرمووێت ((وقرنَ في بيوتكُنَّ ولا تَبرَّجْنَ تَبَرُّجَ الجاهيلهَ ولأولي

وَ اقِمْنَ الصَلوةَ و ءاتِينَ الزَكوةَ و أطعنَ اللە ورسولَهُ إنما يُريدُ اللە لِيُذهِبَ عنكُم الرِجس أهلَ البيت و يُطهيرَكُم تَطهيراً))ئافرەتانی ئیماندار لەماڵەکانی خۆیان بمێنەوەو بۆ کارێکی زۆر پێویست نە بێت و کەسێکی مەحرەمیان لەگەڵدا نەبێت مەڕۆنە دەرەوە ئەگەر ڕۆیشتنە دەرەوەش جوانی و ڕازاوەی خۆیان وەك و ئافرەتانی جاهیلی دەرمەخەن چونکە ئافرەتان لە زەمانی جاهیلیەتدالە ماڵەوە بۆنی چڵك و چەپەڵیان لێدەهات بەڵام کەدەچوونە دەرەوە جوانترین و تەنكترین جل و بەرگیان لەبەرئەکرد باشترین عەتریشیان لەخۆیان دەداو بەبێ ئیش وکار ئەچوونە بازاڕ، بە داخەوە ئافرەتانی ئێستا ڕەفتاری سەردەمی جاهیلیەتیان زیندوو کردۆتەوە لەماڵەوە بۆنی ناخۆشیان لێدێت و کەئەچنە دەرەوەش جوانترین جل و بەرگ و باشترین عەتر بەکار ئەهێنن، بەبێ ئیشێکی زەرووری دووکان بەدووکانی ئەو بازارە ئەگەڕێ ئەمە چیە مەکسیەك یان شامپۆیەك ئە کرێت، خوشکی بەڕێزم، خێر لەوەدایە هەموو ڕۆژوو سەعاتێك ڕانەکەی بۆ بازاڕ ئەگەر زەروور نەبووی مەچۆرە بازاڕ واتە بەپێی پێویستی بچۆرە بازاڕو کەچوویتە دەرەوەش بە جل و بەرگێکی شەرعی و ئافرەتێك یان کە سێکی مەحرەمت لە گەڵدابێت خێرا ئیشەکەت بکەو بگەڕێوە، ئەگەر بەوردی سەرنجی ئایەتەکە بدەین ئە بینین خوای گەورە خۆ داپۆشینی پێش نوێژ و ڕۆژو زەکات دان خستووە واتە خۆداپۆشین وەك نوێژ و ڕۆژو زەکات و ئەرکەکانی تری ئیسلام فەرزە، مامۆستا میرزا ئەحمەدی میرزا

ڕۆستەمی لە کتێبە کەی خۆیدا بەناوی (پۆشاکی ئسلامی مایەی خۆش بە ختی تاكو کۆمەڵە)[1] دەڵێت: لە سالانی ڕابردوودا لەڕاپرسیەکی کەناڵی تەلەفیزیۆنیدا چاو پێکەوتنیان لەگەڵ خەڵکدا ئەکرد بەتایبەتی پیاوان سەبارەت بە دیاریدەی خۆ ڕازاندنەوەی ئافرەتان بۆ دەرەوەی ماڵی خۆی، پر سیاری لەپیاوێك کردوو وتی: ڕات چیە سەبارەت بەخۆجوانکردن و ڕازاندنەوەی ئافرەتان بۆ دەرەوە ووتی: وەڵاهی بە دیاریدەیەکی زۆر خراپی دەزانم وتیان: بۆ چی ووتی: من بەخێزانەکەی خۆما ئەزانم کە بەجوانترین جلو بەرگەوە ئەڕواتە دەرەوە هەر کەهاتەوە ماڵیشەوە جلو بەرگە جوانەکەی فڕێدەدا کام جلو بەرگ ناشرینو خراپە ئەوە لەبەر ئەکات تەنانەت جلو بەرگیش کاریگەری خۆی هەیە لەسەر گەرمو گوڕی خۆشەویستی بەینی ژنو مێرد بەلام بە داخەوە ئافرەتان ئەوندەی گرنگی بەدەرەوە ئەدەن نیوەی ئەوەندە گرنگی بەماڵەوە نادەن و دڵی پیاوەکانیان ڕازی بکەنو چاویان تێربکەن، پێغەمبەر (سەلامی خوای لەسەربێت) ئەفەرمووێت: هەر ئافرەتێك ئەو پێنج نوێژەی کەخوا فەرزی کردووە لەسەری بکاو مانگی ڕەمەزان بگرێتو دڵی مێردەکەی ڕازی بکات لەسەر دینی خوا ڕۆژی قیامەت لەهەر یەکێك لە هەشت دەرگاکەی بەهەشتەوە بیەوێ ئەچێتە ژورەوە.

---

[1] پۆشاکی ئیسلامی مایەی خۆشبەختی تاك و کۆمەڵ، احمد میرزا ڕۆستەمی

دووەم : بەڵگە کان لەسونەتی پێغەمبەردا :

پۆشینی پۆشاکی شەرعی واجبە لەسەر ئافرەتی موسڵمان بەگوێرەی بەڵگەکانی قورئانی پیرۆزو سونەتی پێغەمبەرو فەرموودەی ئەسحابەکانو فەرموودەی پێشەوایانی ئیسلام زانا بەرێزەکانی ئیسلام، هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن کەپۆشینی پۆشاکی شەرعی واجبە لەسەر ئافرەتی موسڵمان کەهەموو گیانو لە شی خۆی دا بپۆشێ و نابێت خۆی بەدەر بخات لەبەر چاوی ئەو کەسانەی کە مەحرەمی نین، واتە پۆشاکی شەرعی لەسەر هەموو ئافرەتێکی باڵغی موسڵمان واجبەو فەرزە دە بێت بەتەواوی پابەندی بێت، بەدڵنیاییەوە هەر ئافرەتێك پۆشاکی شەرعی لەبەرنەکا بەپێی فەرموودەی قورئانو سوونەتی پێغەمبەر گوناهبارەو گوناهە کەشی لەتاوانە گەورەکانە، خوای گەورە ڕۆژی قیامەت بەتوندی لێی دە پێچێتەوەو سزای توندە ئەدا.

فەرموودەکانی پێغەمبەریش لەسەر واجیب بوونی پۆشاکی شەرعی ئافرەتی موسڵمان لە مانەی خوارەوە دەر ئەکەوێت.

یەکەم: پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی: (صنفان من اهل النار لم ارهما بعد قوم معهم سیاط کأُذناب البقر یضریبوون بها الناس، و نیساءٌ کاسیاتٌ عاریاتٌ، مائلات ممیلات رؤسهُنَ کأَسنمةِ البخت المائلةَ، لایدخلْنَ الجنة ولایجدنَ،

ریحها، وأن ریحها لَیو جَدُ من مسیرة کذا و کذا)[٢] ئەفەرمویّ: دوو کۆمەڵ هەن لەناو ئومەتەکەما من ئەم بینیون‌و ئە هلی ئاگرن. کۆمەڵی یەکەمیان: ئەفەرمویّ ئەو جەلادانەن کە قامچی یان کێبڵیان بەدەستەوەیە وەك‌و کلکی مانگاوڵیە واتە لەخوارەوە ریشاڵ ریشاڵە بۆ ئەوەی باش ئازاری خەڵکی پیّ بدەن، ئەو جەلادانەی کە لەخەڵك ئەدەن ئە هلی ئاگرن. کۆمەڵەی دووەمیشیان فەرمووی: ئافرەتانێکن کە بەرواڵەت جل‌و بەرگیان لە بەردایە بەڵام رووتن واتە جلیان لە بەردایە بەڵام چەند شوێنێکی لە شی بەدەرەوەیە تەنورەی لە بەردایە بەڵام نیوەی قاچی رووتە کراسی لە بەردایە بەڵام نیوەی قۆڵی رووتە یان جلی لەبەردایە بەڵام تەسك‌و تەنکە کە ئەندامەکانی لەشی دەردەخات یان لاشەی دەر ئەپەرن، کە بەرێگاشدا ئەروات بە لەنجەولارو عیشوەو نازەوە ئەڕۆن بۆ ئەوەی سەرنجی پیاوان بۆ لای خۆیان راکێشن ، قژیشیان لەسەر تەوقی سەریان کۆئەکەنەوە ئەیکەن بەتۆپەڵ وەك‌و پشتی ووشتر، فەرمووی ئەم دوو کۆمەڵەیە ناچنە بەهەشتەوە نەك ناچنە بەهەشتەوە بەڵکو بۆنیشی ناکەن کە بۆنی بەهەشت ساڵەهای ساڵ ریّ ئەروات. ئەم فەرموودە موبارەکە هەرەشەیەکی روون‌و ئاشکرای تیایە بۆ ئەو ئافرەتانەی کە پۆشاکی شەرعی لە بەرناکەن ،بە زاراوەی

---

[٢] صحیح مسلم ژمارە - ٢١٢٨-

ئەمڕۆ سفورن،کەواتە خوشکانی بەڕێز وریاو هۆشیاربن جل و بەرگە کانتان لەم جۆرەیان نە بێت، هەروەها پێغەمبەری سەروەرمان دە فەرمووێت(مِن أشراط السّاعةِ أن تظهر نساء كاسياتٌ عارياتٌ) یەکێك لە نیشانەکانی هاتنی قیامەت کە ئەم بوونەوەرە ئاڵ و گۆڕی بە سەردا دێت و هاوسەنگی لە دەست ئەدات ئەوەیە کە ئافرەتانی موسڵمان جل و بەرگێك لە بەر ئەکات نیوەی دا پۆشراوە و نیوەی ڕووتە. بە ڕاستی مەبەستی ئەم فەرموودە پیرۆزە هاتۆتە دی.

دووەم: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لە فەرموودەیەکی تریا دە فەرمویٚ: ثلاثةٌ لاتسأل عنهم – يعني لأنهم من الهالكين: رجلُ فارق الجماعة و عصى إمامه و مات عاصياَر وأمة أو عبدأبق فمات، و إمرأة غاب عنها زوجها، وقد كفاها مؤونة الدنيا، فتبرجتْ بعدهٌ فلاتسأل عنهم))[٢] دە فەرمووێت سێ کەس هەن هەرگیز دەربارەی ئەوانە پرسیارم لێمەکەن چونکە ئەوان ماڵ وێران و تیاچوون.

١- پیاوێکە کە لە کۆمەڵی موسڵمانان دوور ئەکەوێتەوە بە بێمەبەستێکی شەرعی سەر پێچی پێشەوای موسڵمانان ئەکات، ئەگەر لە سەر ئەم سەر پێچییەش بمرێت و تۆبەی لەسەر نەکات و نەگەڕێتەوە ڕیزی موسڵمانان گوناهبارە.

---

[٢] رواه الحاكم وأحمد وصححه الألباني في سلسلة الصحيحة:(٨١/٢) ژمارە ٥٤٢

٢-کۆیلەیەکە لەژێردەستی خاوەنەکەی ڕابکا بەو سەرپێچیەوەش بمرێت.

٣- ئافرەتێك مێردەکەی لەماڵ نەبێت و هەموو پێداویستیەکانی ژیانیشی بۆ دابین کردبێت سەرەڕای ئەوەش ناپاکی هاوسەرایەتی لەگەڵدا بکات و دەستی پیاوی نامەحرەم بگرێت و بیهێنێتە ماڵەوە یان جوانی و ڕازاوەی خۆی بۆ خەڵك دەربخات.

سێیەم: عبدالله کوڕی مسعود (ڕەزای خوای لەسەربێت) بۆمان دەگێڕێتەوەو ئەفەرموێت: پێغەمبە(صلی الله علیە وسلم) فەرموویەتی: (المرأة عورة)[٤] لەشی ئافرەت هەمووی عەورەتە لەبەر ئەوە واجبە هەموو لەشی داپۆشێ و دروست نیە خۆی لەبەرچاوی پیاوانی نامەحرەم دەرخات، بێجگە لەو شوێنانەی کە شەریعەتی ئیسلام ڕیگەی پێ داوە. وەك و دەمو چاوو لەپی دەست.

چوارەم: باوکی مالیکی کوڕی ڕەبیع ئەفەرمووێ: پێغەمبەری خوا (صلی الله علیە وسلم) لەکاتیکا لەمزگەوت ئەچووە دەرەوە بینی ژن و پیاو بەتێکەڵی بەیەکەوە ئەڕۆن فەرمووی: (إستأخرنَ فليس لكن أَن تحققن الطريق عليكنُ بحافات الطريق، فكانت المرأَة تلصق بالجدار، حتى إن ثوبها ليتعلق بالجدار، من لصوقها به)[٥] فەرموی ڕاوەستن و لەسەرخۆبڕۆن نابێت ئاوا بەپانی ڕێگاکەیا بڕۆن فەرمووی قەراغەکەی بگرن و بەلاڕێیەکەدا بڕۆن. ئەفەرموێت هەرئەوەندە بەس بوو کەئافرەتان گوێیان لە پێغەمبەر

---

[٤] سلسلة الاحاديث الصحيحة ژمارە(٢٦٨٦)

[٥] صحيح سنن ابى داود (١٠٤٠) رواه البخاري .

(صلى الله عليه وسلم)بوو وای فەرموو: وەلآهی ئافرەتان وایان لێهات ئەوەندە بەبن دیوارەکاندا دەڕۆیشتن و دیوارەکە هەموو جلە کەیانی بردبوو ئەوەندە خۆیان بەدیوارەکەوە نوساندبوو، فەرمووی با ئەو دەرگایە بەس ئافرەتی لێبێتە ژوورەوە، تا ئەم ڕۆش ئەو دەرگایە بەس ئافرەتی لیێ ئەچێتە ژوورەوە، ئەگەر پیاوێکی نەشارەزا بچێتە ژوورەوە یەکسەر پۆلیس بانگی ئەکات چونکە لەو دەرگایەوە چوونە ژورەوە قەدەغەیە. (أم سلمە)ی دایکی ئیمانداران ئەفەرمووێ کە نوێژی جومعە تەواو دەبوو، پێغەمبەروو صحابەکان ڕائەوەستان هەتا ئافرەتان ئەگەیشتنە ماڵەوە ئینجا پیاوان ئەهاتنە دەرەوە، ئێستە شوێنی ئافرەتان جیاوازە لە مزگەوتی پێغەمبەر لەشاری مەدینە پۆلیس لە بەردەگاکە وەستاوە هەرکاتێك پیاوێك بچێتە ناو ئافرەتەکان باخێزانی خۆشی لێبێت یەکسەر پۆلیس بانگی ئەکات و ئەلێت وەرە دەرەوە حەرامە جا کە پێغەمبەر ئەمەی فەرموو دەرگایەك تەرخان کرا بۆ ئافرەت جا، نافع رەزای خوای لێبێت ئەفەرمویێ: لەو کاتەوەی کە عبداللە کوڕی عمر لەو دەرگایە نەچووە ژووری مزگەوتەوە تا وەکوو مرد[٦]. ئەگەر ئافرەتانیش لەمزگەوت بوونایە لە ڕیزەکانی دواوە دەبوون منالآنیش لە پێشیانەوە و پیاوانیش لە پێش منالآنەوە بوون پیاوانیش بە امام و مەئموومیانەوە بۆیان نەبوو لە دوای سەلام دانەوە لەشوێنی

---

[٦] صحيح سنن ابي داود . (٤٦٤) رواه البخاري .

خۆیـان هەڵبـستن و بـچنە دەرەوە هـەتنا ئافرەتـان ئـە ڕۆیـشتن و ئـە گەڕانەوە ماڵەوە، بۆئەوەی تێکەڵی یەکتری نەبن.

پێنجـەم: ئـەبوو داود(ڕەحمـەتی خـوای لـە سـەربێت) لـە (سـنن)ەکـەی لەژێر سەردێڕی (باب إنصراف النساء قبل الرجال من الصلاة) فەرموودەیەك دەگێڕێتەوە (أم سلمه) دایکی بڕواداران (ڕەزای خوای لەسەربێت) فەرموویەتی(کان رسول الله (صلى الله علي وسلم) إذا سلم مكث قليلاً و كانوا يرون ذلك كميا ينفذ النشاء قبل الرجال)[7] پێغەمبـەری خـوا (صـلی الله علیه وسلم) کاتێـك لـە نوێـژ سـەلامی ئەدایـەوە کـە مێك ڕائەوەسـتا، بۆ ئـەوەی ژنـان لـەپێش پیاوان دا بـچنە ماڵــەوەو تێکــەڵی لــە بەینیانــدا ڕوونــەدات. هــەروەها فەرموودەیەکیشمان لـە (أم سلمه)وە دایکـی ئیماندارانـەوە بـۆ ئـە هێنێتـەوە کەئەفـەرموێت(کـان یـسلم فینـصرف النـساء فیـدخلن بیوتهن من قبل أن ینصرف رسول الله (صلى الله علیه وسلم)واتە کـە پێغەمبەری خـوا (صـلی الله علیـه وسلم) ئاوڕی ئەدایـەوە، ئافرەتـان یەکسەر دەسـتیان دەکرد بە چوونە دەرەوەو مزگـەوتیان بە جێ ئەهێــشت و ئەچــوونەوە مــاڵی خۆیــان، دوای ئافرەتــان کــە ئەگەیشتنەوە ماڵە کانی خۆیان. ئەنجا پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) هەڵئەســتا لەمزگــەوت ئەچــووە دەرەوەو پیــاوانیش بــەدوای خۆشەویستدا دەستیان دەکرد بە چوونە دەرەوە، ئەمە لەبەر ئەوە بوو تێکەڵی لەبەینی پیاوان و ئافرەتاندا ڕوونەدات.

---

[7] صحيح سنن ابى داود . (١٠٤٠) رواه البخارى .

شەشەم: النسائی بۆمان ئه گێڕێتەوه ئه فەرمووێت (ئافرەتان کە سەلامیان دایەوه ئه ڕۆیشتنەوه، پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) لە شوێنی خۆی هەڵ نەئەستا، پیاوانیش چەندیان بویستایە هەڵ نەئەستان واته پیاوانیش چەندیان بویستایە نزاو پاڕانەوەیان ئەکرد. جا کەپێغەمبەر هەڵئەستا، پیاوانیش هەڵئەستان و ئەڕۆیشتنەوه. (الحافظ إبن الحجر) ئەفەرمویت: (ئەو فەرموو دەیە بەڵگەیە لەسەر تێکەڵ نەبوونی ئافرەتان بە پیاوانی نامەحرەم لەسەرجادەو کۆڵان و بازاڕو شوێنە گشتییەکان حەرامە مەگەر لە بەر ناچاری نه بێت.

حەوتەم: لە(أم حميد الساعيديه)وه ئافرەتێکە چۆته خزمەتی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ووتویەتی: (ئەی پێغەمبەری خوا حەزئەکەم نوێژ لە گەڵ تۆدا بکەم) پێغەمبەریش فەرموویەتی (قد علمت أنك تحبين الصلاة معی، وصلاتك في بيتِك خيرُ لكِ من صلاتك قي حجرتلِ، خيروٌ لك من صلاتِك في دارِك، وصلاتِك في دارِك خيرٌ لكِ من صلاتكِ في مسجيد قومكِ خيرو لكِ من صلاتكِ في مسجدي)[8] واته: بەدڵنیایەوه ئەزانم حەزئەکەی نوێژ لە گەڵ مندا بکەی، بەڵام نوێژکردن لە ژورەکەی خۆتدا خێری زۆرترە لە نوێژکردن لە خانوەکەی خۆتدا، وه نوێژ کردن لە خانوەکەی خۆتدا خێری زیاترە وەك لە نوێژ کردنت لە مزگەوتی

[8] رواه احمد ژماره ٢٦٥٥

گەڕەکەکەی خۆتدا، وە نوێژ کردنت لە گەڕەکەکەی خۆتدا خێرترە لەنوێژکردنت لە گەڵ مندا و لەمزگەوتی مندا،بێگوومان ئەمەش لەبەر ڕوونە دانی تێکەڵیە لەنێوان پیاوانو ئافرەتان دا، هەروا چەند ڕێگای مزگەوتەکە دوربێت، ئەوەندەش گێچەڵی خوا نە ناسان زۆرتردەبێت.

هەشتەم: (عبدولای کوڕی عمر) ڕەزای خوای لەسەربێت بۆمان ئە گێڕێتەوە ئە فەرموێ پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) فەرموویەتی ((لاتمنعوا النساء أن یخرجین إلي مساجد و بیو تهن خیر لهن))[9] ئافرەتان قە دەغەمەکەن لە چوونیان بۆ مزگەوت بەلام ماڵە کانیان بۆ ئەوان باشترو خێرترو سەلامەت ترن.

نۆیەم: ئەبو هریرە ڕەزای خوای لێبێت ئە گێڕێتەوەو ئەفەرموێت پێغەمبەر فەرمویەتی (خیرٌ صفوف للرجال أ ولها و شرها آخرها و خیر صفوف للنساء آخرها و شرها اولها))[10] واتە باشترین نوێژی جەماعەت لە ڕیزی پیاواندا ڕیزی یەکەمیانە و خراپ ترینیشیان دوایەمینیانە، باشترین ڕیزی ئافرەتانیش دوایەمینیانەو، خراپتریشیان یەکەمیانە، ئەمە لە مزگەوتێك دا کە شوێنی ژنو پیاو جیانە بێت لەو مزگوتەدا ژنو پیاو بەیەکەوە نوێژی جەماعەت بکەن. هەموو ئەمانەی کە باسمان کرد لەکاتی بەندایەتی و خواپەرستیایەو لەو حاڵەتانەیان کە موسڵمان زۆر

[9] رواه بخاری ۹۰۰،مسلم ٤٤٢
[10] مسلم ٤٤٠

خۆی بەدوور ئەگریٚ لەخراپەکاری و مەکرو حیللەکانی شەیتان.
ئەی ئەبیٚت لەبوارەکانی تری سیاسی و ئابووری و کۆمەلاٚیەتی و.........هتد. کە هەمیشە لەم بوارانەدا ڕۆژانە ژن و پیاو تیٚکەلٚی یەك ئەبن ئە بیٚت چۆن بیٚت.

دەیەم: إبن عباس (ڕەزای خوای لیٚبیٚت) ئەفەرمویٚ: (لەنویٚژی جەژنی ڕەمەزان لەگەلٚ پیٚغەمبەرو ئەبوبکرو عثمان‌دا بووم نویٚژەکەیان پیٚش خوتبە خویٚندنەوە کە کرد ئینجا دوای خوتبە خویٚندرایەوەو پیٚغەمبەر دەرچووە دەرەوە بینیم بەدەستی خۆی پیاوانی دادەنیشاندەوە، تائافرەتان تیٚبپەڕن و بگەنە مالٚەوە و لەگەلٚ پیاواندا تیٚکەلٚ نەبن). هەروەها لەڕیوایەتی مسلیم دا هاتووە کە ئەفەرمویٚت: (یجلس الرجال بیده) واتە: پیٚغەمبەر بەدەستی خۆی پیاوانی دادەنیشاندەوە بەئیشارەت خەلٚکەکەی تیٚنەگەیاند تا ئافرەتان تیٚبپەڕن و بچنەوە مالٚەوە و لەگەلٚ پیاواندا تیٚکەلٚ نەبن.

یانزەیەم: یەکیٚ لەو شتانەی کە پیٚغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) بەیعەتی لەسەر ئافرەتان وەر ئە گرت واز هیٚنان و خۆ دور خستنەوە بوو لە خۆ ڕووت کردنەوەو سفوری و لە بەر کردنی پۆ شاکی شەرعی هەروەك و لە فەرموو دەکەی (میمونة بنت رقیه) دا هاتووە بۆ مان دەر ئەکەویٚت کەوەختیٚ بەیعەتی بە پیٚغەمبەردا پیٚی فەرموو شەریك و هابەش بۆ خوا بڕیار مەدەو

دزیو زینامەکەو منالەکانت مەکوژەو بوختان بۆ کەس نەکەیت، لە کاتی مردنی خۆشەویستەکانیشدا هاوارو شیوەن و ڕۆ ڕۆ مەکە و جوانی لەشی خۆت بۆ پیاوانی نامەحرەم دەرنە خەیتو پۆشاکی شەرعی لەبەر بکەیت.

دووانزەیەم: حەزرەتی عایشە دایکی ئیمانداران "ڕەزای خوای لێبێت" ئەفەرموێت: لەنوێژی عیشادا حەزرەتی جبریل ئەم ئایەتەی بۆ پێغەمبەر هێنایە خوارەوە کە ئەفەرموێت: (و لیضربن بخمورهن علی جیوبهن)[11] واتە ئەی خۆشەویستی خوا بە ئافرەتانی ئیماندار بڵێ کە خۆیاندا پۆشنو جوانی و ڕازاوەی خۆیان دەرنەخەنو لەچکەکانیان بەسەر سنگو سینەو گەردنیانا بەردەنەوە، حەزرەتی عایشە ئەفەرموێت (یرحم الله نساء المؤمینات اول رحمة) ڕەحمەتی خوا لە ئافرەتانی پێشینەی ئەم ئیسلامە بێت، کە وەختێك حەزرەتی جبریل ئایەتی (و لیضربن بخمورهن علی جیوبیهن)ی لەکاتی نوێژی عیشادا بۆ پێغەمبەر هێنایە خوارەوە، پێغەمبەریش یەکسەر بۆ صحابەکانی خوێندەوە، صحابەکانیش گەڕێشتنەوە یەکسەر بە ژنو منداڵەکانیان ڕاگەیاند، ئەفەرموێ ئافرەتیش هەبوو خۆی لە مزگەوت بوو گوێ ی لێ بوو، حەزرەتی عایشە ئەفەرموێت:

---

[11] سورە الاعراف (٢٦).

وەلأهـی هـەر ئـافرەت بـوو ڕای ئـەکردەوە پارچـە قوماشـێکی ئەدۆزیەوەو خۆی پێدا ئە پۆشـی، بۆ نوێژی بەیانی کەهاتنـەوە بۆ مزگەوت یەك ئافرەت بەڕووتی نە ئەبینرا. بۆیـە ئەفەرمووێ ڕەحمەتی خوا لەئافرەتانی پێشینەی ئەم ئیسلامە بێت هـەربیان وتایە خواو پێغەمبەری خوا(صلى الله عليـه وسلم)وا ئەفەرموێ: یەکسەر جێبە جێیان ئەکرد.

سـیانزەیەم: عمـری کـوڕی خطـاب (ڕەزای خـوای لێبێـت) بـە پێغەمبـەری خـوای فـەرموو (إحجـب نـسائك........... قالـت عايشة ، فأنزل الله آية الحجـاب)[12] ئـەی خۆشەویستی خـوا پیاو خـراپ زۆرن بـا خێزانـەکانت خۆیـان دا پۆشـتن و جـلو بـەرگی شـەرعی لەبـەر کـەن، حـەزرەتی عایـشە ئەفـەرموێت دوای ئـەم قسەیەی حـەزرەتی عمـر خـوای گـەورە ئـەم ئایەتـەی بـۆ نـاردە خوارەوە (قل يأيهـا النـبي قل لأزواجك و بناتـك ونـساء المـؤمين بدنين عليهِن من جلابيبهن ذلك ادنـى أن يُعـرفن فلايؤذين و كـان الله غفوراً رحيما)[134] واتاکەیمان لەپێشوتردا لێك داوەتەوە.

چـواردەیەم: هـەروەها حـەزرەتی عمـر ((ڕەزای خـوای لێبێـت)) ئەفەرموێ (يارسول الله، لو امرتَ اُمهات المؤمنين بالحجـاب فـأنزل الله آية من الحجاب)) ئەی پێغەمبەری خوا خۆزگایە فەرمانت بە

---

[12] سورە الاحزاب (٥٩).

پۆشاکی ئیسلامی مایەی خۆشبەختی تاك و کۆمەڵە ، احمد میرزا ڕۆستەمی ژێروو (٥٣)

دایکانی ئیماندار بکردایە پۆشاکی شەرعیان لەبەرکردایە، دوایی ئەم قسەیە یەکسەر خوای پەروەردگار ئایەتی پۆشاکی شەرعی ناردە خوارەوە و جل‌و بەرگی شەرعی لە سەر ئافرەتان فەرزکرد.

سێ یەم : هەڵوێستی صحابەکان لەو بارەیەوە:-

خێزانی صحابەکان (ڕەزای خوایان لە سەر بێت) خۆیان لە تێکەڵبوون لە گەڵ برایانی صحابەدا زۆر بەدوور ئەگرت، هەروەها لە کاتی قەرە باڵغی مزگەوت و ڕێوڕەسمی حەج کردن لە (المسجد الحرام) دا خۆیان زۆر ئەپاراست، ئێستەش هەندێ لەو هەڵوێستانە دە خەینە بەر دەستی خوێنەرانی موسڵمان:-

أ- حەزرەتی عایشەی دایکی بڕواداران (ڕەزای خوای لێبێت) لەکاتی تەواف کردندا خۆی لەپیاوان جیا دەکردەوە، لەو کاتەدا ئافرەتێك پێی ووت (إنطليقي نستلم يا أم المؤمنين) خێراکە، پەلەکە خۆت بگەیەنە بەردە ڕەشەکە، بڕۆبادەستی لێبدەین. فەرمووی (إنطلقي عنك) بەتوڕەییەوە فەرموی بۆ خۆت بڕۆ، نە چووەو تێکەڵی پیاوان نەبووە.

ب- ئافرەتێك هاتە لای حەزرەتی عائیشەو ووتی (ئەی دایکی بڕواداران، حەوت جار بەدەوری کەعبەدا سوڕامەوەو دووسێ جاریش دەستم لە بەردەکەدا حەزرەتی عائیشە پێی فەرموو: خوا پاداشتت نەداتەوە ، ئەم پاڵە پەستۆو شان بەشانەت لە گەڵ پیاواندا بۆ کرد، ئەی بۆچی (الله أكبر)ت نەدەکردو تێ نەدەپەڕیت، واتە: لەحەجی ماڵی خوادا کە دیمەنێکە لە دیمەنەکانی ڕۆژی حەشر، ئا لەوێش دا باش وایە ئافرەتان خۆیان بە دور بگرن لە تێکەڵ بوون لەگەڵ پیاواندا و بەناویاندا

نەچن بۆ لای بەردەکەو دەستی لێبدەن، نەخێر هەر لەدورەوە دەستی بۆ هەڵبڕن باشترە لەوەی خۆیان لەپیاوان بخشێن و دەستی لێ بدەن.

ج- لەسەردەمی پێغەمبەردا (صلی الله علیه وسلم) لە کاتی چوونە ژورەوەی کەعبەی پیرۆزدا، ئافرەتان ڕائەوەستان تا پیاوان ئە هاتنە دەرەوە، ئەنجا ئە چوونە ژوورەوە.

د- (إبراهيم النخعی) ئەفەرموێت: (ئیمامی عمر) ڕەزای خوای لەسەر بێت لەسەردەمی خەلافەتی خۆیدا نەیدەهێشت پیاو لە گەڵ وئافرەتانا بەیەکەوە تەواف بکەن، هەروەها ئەفەرموێت:(جارێکیان پیاوێکی بینی لەگەڵ ژنێکدا تەوافی دەکرد، ئمامی عمر بەقامچی لێیدا)[14]

لقی سێیەم:ناوەکانی پۆشاکی شەرعی لەقورئانی پیرۆزدا:

پۆشاکی شەرعی جل و بەرگ لەقورئانی پیرۆزدا بە چەند ناوێکی جۆراو جۆر هاتووە، لەوانەش:

یەکەم: لباس:

واتە: بەرگ یان پۆشاك کە بەمانای داپۆشینی شتێك دێت، لە زۆر ئایەتیش دا (لباس) بەمانای (کراسی زرێپۆشی) دێت (وعلمناه صنعة لبوس)[15] واتە فێری دروست کردنی ئەو جۆرە کراسانەمان کرد، هەروەها (لباس) لەقورئانی پیرۆزدا بەمانای

[14] پۆشاکی ئیسلامی مایەی خۆشبەختی تاک و کۆمەڵ احمد میرزا ڕۆستەمی ژێرو ٢٦٠
[15] رواه امام احمد و مسلم و كذلك النسائي في كتبهم

پۆشاك بوونی ژن و پیاو دێت کە خوای پەروەدگار ئەفەرموێت: ((هـنَّ لبـاس لکـم وانـتم لبـاس لهـن))[16] لێرەدا بەمەبەستی داپۆشینی مەعنەوی دێت: ((یابنی ادم قد أنزلنا علیکم لباساً یواری سوء اتِکم وریشاِ ولیباسُ التُقوی ذلك خیرُ ذلك مِن آیات اللهِ))[17] واتە ئەی نەوەکانی ئادەم ئێمە بەرگمان بۆ ئێوە درووست کردووە تاوەکو لاشەتان داپۆشێ، بەلام بەرگی خواناسی باشتروو جوانترە بۆ ئێوە.

دووەم: خمار:

واتە سەرپۆش خوای گەورە ئەفەرموێت (ولیضربن بجمورهن علی جیوبهن)[18] واتە ئەی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) بە ئافرەتی ئیماندار بلێ: بابەسەرپۆشەکانیان مل و سنگ و گەردنیان دا پۆشن.

سێیەم: جلباب:

واتە کراسی ئاودامان یان ئەو بەرگەی کە هەموو لەش دادەپۆشێت جگە لە هەردوو دەست و دەموو چاو وەك و خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت ((یَا أَیُّهَا النَّبِيُّ قُلْ لأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاءِ الْمُؤْمِنِینَ یُدْنِینَ عَلَیْهِنَّ مِنْ جَلابِیبِهِنَّ ذَلِكَ

---

[16] امام احمد لە ژێر ژمارەی (٥١١٤،٥١١٥،٥٦٦٥) و ابن عساکر گێڕاویانەتەوە .

[17] رواه مسلم و النسائي و الدارمي وابن خزیمة والبیهقي واحمد .

[18] سورة الاعراف٢٦

أَدْنَى أَنْ يُعْرَفْنَ فَلا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُوراً رَحِيماً))[19] واتە ئەی پێغەمبەری خوا پێغەمبەردا (صلى الله عليه وسلم) بەخێزانو کچەکانو ئافرەتانی ئیماندار بڵێ جلو بەرگی شەرعی لەبەر بکەنو جوانیو ڕزاوەی خۆیان بۆ پاوانی نامەحرەم دەرمەخەن چونکە ئەو پۆشاکە ناسنامەی باوەڕداریانەو لەهەموو زیانو ئازارێك ئەیان پارێزێت خوای پەروەردگاریش لەگوناهەکانت خۆش دەبێت و بەرەحمو بەزەییە بەرامبەر بەبەندەکانی خۆی (الجلابيب) کۆی(جلباب)ە لەسەر ڕیوایەتی (ابن عباس) بریتیە لەو پۆشاکەی کە ئافرەت بەسەر خۆیا ئەدات و لەسەرەوە تاخوارەوەی خۆی پێ دائەپۆشێت، هەروەها لەتەفسیری (ئالوس) و (البغويش)دا بەمانای ئەو پۆشاکە هاتووە کەئافرەت لەسەر هەموو جلەکانیەوەلە بەری ئەکاتو خۆی پێدا ئە پۆشێ،واتە (الجلباب) ئەو پۆشاکەیە کەهەموو لەشی ئافرەت دا دە پۆشێت.

چوارەم: ثياب:

ئەم پۆشاکە تایبەتە بەو ئافرەتانەی کەسورپی مانکانەیان بەسەرچووە واتە منداڵیان نابێت، ئامادەی شوکردنیان نەماوە سەرتاپا واتە داپۆشراویان لەسەر گوناح و تاوان نیە، بەمەرجێك

---

[19] سورة الأحزاب ٥٩

ئەو ئافرەتانە جوانی و ڕازاوەی خۆیان بەلابردنی ئەو سەراپا پۆشتەیەیی بەدەرنەخەن. ئەگەر خۆشیان سەراپا داپۆشن زۆر باشترو چاکترە بۆیان.

بەشی دووەم

یەکەم: مەرجەکانی پۆشاکی شەرعی:-

خوای گەورە لە بارەی ئافرەتانەوە لەقورئانی پیرۆزدا فەرمویەتی (ولا یبدین زینتهن) باجوانی و ڕازاوەی خۆیان دەرنەخەن، بەلاّم بۆ پیاوان ئەوەی فەرمووە، ئەمەش بۆ سودو سەربەرزی و سەرفرازی ئافرەتە، بۆ کۆت و زنجیرکردنی ئافرەت نیە وەك و بێباوەڕان و خوانەناسان وادەڵێن ئەم خۆداپۆشینە ئەوە ئەگەیەنێت کەجوانی وڕازاوەی و ناسکی هەمیشە لەئافرەتان زۆر ترە وەك و لەپیاو، بەڵێ بۆ پاراستنی ئەو جوانی یەو پتەو کردنی بناغەی کۆمەڵگای موسڵمان نەپچرانی شیرازەی کۆمەڵگا، بەرگری کردن لە بلاّو نەبوونەوەی خراپەرکاری و داوێن پیسی و بۆگەن نەبوونی کۆمەڵ و لەناو نەچوون و دانەڕزاندنی کۆمەڵگاخوای پەروەردگار پۆشاکی لە سەر ئافرەتان فەرزکردووە، ڕەحمەت لە پێشینانی ئەم میللەتە بێت کە فەرموویانە: (ماسی لەسەریەوە بۆگەن دەکات) دەی لای هەموانیش شتێکی ئاشکراو بەڵگە نەویستە کە ئافرەت نیوەی کۆمەڵن بەڵکو ئەڵێن سەری هەموو کۆمەڵێکن، واتە ئەگەرئافرەت پیس و بۆگەن بوو ئەوا ئەو کۆمەڵەش هەمووی پیس و بۆگەن ئەبێت، کەواتە بەفرێدانی پۆشاکی شەرعی ئەو

هەموو خۆڕازاندنەوەو زەرق و برقیەی کە ئیستا ئافرەت ئەیکا کۆمەڵگا بەرەو ڕووخان و خرپەکاری ئەبات، زۆر بەداخەوە، خوشکمان هەیە ناتوانیٚ دەست بەرداری ڕووتی و قووتی بێت، زۆر خوشکیش بەتایبەتی ئەوانە کە هەندیٚ ئیلتیزامیی دینیشیان هەیە واتە نوێژ ئەکەن و ڕۆژوش ئەگرن، زەکات ئەدەن، ڕووکنەکانی تریش جێبە جیٚ دەکەن کەچی ڕوت و سفورن و تەنیا بۆ مانگی ڕەمەزان خۆیان دا ئەپۆشن و دوای ڕەمەزان ئەگەڕێنەوە سەر باری جارانیان کە لێشی ئەپرسی خوشکی بەڕێز بۆ وا ئەکەی بۆ ئەچیتەوە سەر ئەو نەریتەی گرتوتە، لە وەلاٚم دا ئەڵێت بە دڵە بە جل نیە یان ئەڵێت جاریٚ گەنجم با پیرببم شوم نەکردووە باشو بکەم، ئاخر خوشکی بە ڕێزم بەم بیٚ فەرمانیەت خوا تورە ئەکەی و شەیتان و دوژمنانی خوا دڵخۆش ئەکەی دڵنیاش بە سەرەنجام دا دەڕزیٚ و پیس و بۆگەن دە بێت، داواکارم لەخوای پەروەردگار و لیٚی ئە پاڕێمەوە بۆخاتری ناوە جوانەکانی خۆی و سیفەتە بەرزوو بالاٚکانی خۆی، ئەم نەریتە لەدڵی خوشکانمان دەربێنێت، بەڵیٚ دەبێت ئەو ڕاستیە بزانین کە خوای گەورە یەك شێوەو یەك مۆدێلیٚ پۆشاکی لە سەر ئافرەتان فەرز نەکردووە ناچاری نەکردوون کە یەك ڕەنگ و یەك شێوە بپۆشن، نەخێر بەڵکو ئافرەتان خۆیان ئازادن لە هەڵبژاردنی شێوەکەی و. ڕەنگەکەی، بەمەرجیٚ ئەو پۆشاکە لەمەرجەکانی پۆشاکی شەرعی بێت، چونکە شێوەی

مۆدێـــل و ڕەنگـــی پۆشـــاك لەكاتێكـــەوە بـــۆ كـــاتێكی تـــر لەشوێنێكەوە بۆ شوێنێكی تر لەمیلەتێكەوە بۆ میلـەتێكی تـر دەگۆڕێت. لێرەدا پرسیارێك دروست دەبێت ئەویش ئەوەیە كە باسی پۆشاكی شـەرعی ئەكەیت زۆركەس وا ئەزانێت پۆشاكی شـەرعی تـەنیا حیجابـە نـەخێر هـیچ دەقێـك نـە لـە قورئـان و سونەتەكانی پێغەمبـەرا (صـلی الله علیـه وسـلم) نـەهاتووە كـە ئافرەتان ناچاربكا تـەنیا یـەك ڕەنـگ و یـەك شـێوە لەبەركـەن)[٢٠] ئەمەش واتای ئەوە نیە كەئافرەت هەر جل و بەرگێك لە بەربكا ئیتر تەواوە ئەو پۆشاكە شـەرعی یە نە خێر بەڵكو ئەبێت ئەو پۆشـــاكەی كـــە ئافرەتـــان لەبـــەری ئەكـــەن بەتـــەواوی لەگـــەڵ مەرجـەكانی پۆشـاكی شـەرعیا یـەك بگرێتـەوە. بۆ زیـاتر ڕوون كردنــەوەی باسـەكەشمان لـە خـوارەوە مەرجـەكانی پۆشـاكی شەرعی لەچەند خاڵێكا ڕوون ئەكەینەوە:

یەكەم: ئەبێت پۆشاكی شـەرعی ئاو دامـان بێت واتـە بـالآ پـۆش بێت و هەموو گیانی دا پۆشێت لەسەریەوە هەتاوەك و قاچەكانی، واتــە نابێــت هــیچ بــە شــێكی لەشــی والآكاتــەوە بــۆ چــاو چنۆكان وچـاو برسـیەكان تـاتیری ژەهـراوی خۆیـان تێبگـرن بەفەرموودەی خوای پەروەردگار كە ئەفەرمووێت(يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِنْ جَلَابِيبِهِنَّ) واتـە: بائافرەتـانی ئیمانـدار جلـی شـۆڕو ئاودامـان

---

[٢٠] پۆشاكی ئیسلامی مایەی خۆشبەختی تاك و كۆمەڵە أحمد میرزا ڕۆستەمی ژیرو ٥٣

لەبەرکەن بە خۆیاندا شۆڕی بکەنەوە تا بەتەواوی هەموو لەشیان دادەپۆشێت.لەبەرچاوی ئەو پیاوانەی کە مەحرەمی خۆیان نین، شۆڕکردنەوەش لێرەدا مەبەست ئەوە نیە کە ئەوەندە شۆڕبێت لەدوای خۆیدا بەزەویدا بخشێت وپیسی وپۆخڵیەکەی زەوی رابماڵێتو لەگەڵ خۆیدا هەڵبگرێت،عکرمەش(رەزای خوای لێبێت) فەرموویەتی: ئەو پۆشاکەی کەئافرەتانی ئیماندار بەسەر خۆیاندا ئەدەن دەبێت تەختی سینگ وگەردنیان داپۆشێت کەواتە: یەك لەمەبەستەکانی پۆشاکی شەرعی ئافرەتانی ئیماندار ئەوەیە هەموولاشەی داپۆشێت بۆ ئەوەی سەرنجی پیاوانی نامەحرەم بۆ لای خۆی رانەکێشێت دەرگای تاوان نەکاتەوە ، چونکە پۆشاکی شەرعی ئەندامەکان ئەشارێتەوە.

دووەم: ئەبێت پۆشاکی شەرعی ئەستوور بێت، واتە ئەبێت ئەو پۆشاکە ئەوندە ئەستوور بێت لەش تیا دەرنەکەوێت، ئەوەندە تەنك وروون نەبێت گیانی ئافرەتی تیا دەرنەکەوێت، ئوسامەی کوڕی زەید (ڕەزای خوای لەسەربێت) ئەفەرموێت: ڕۆژێکیان پێغەمبەری خوا بەرگێکی (قبطي) پێدام کە(دحیە کلبی) بە دیاری پێشکەشی پێغەمبەری کردبوو، منیش دام بە خێزانەکەم دوای چەند ڕۆژێك پێغەمبەر فەرمووی: بۆ بەرگە قبتیەکەت لەبەر نەکردووە؟ ئوسامە ئەفەرمێت منیش وتم ئەی پێغەمبەری خوا داومە بەخێزانەکەم، فەرمووی: بەخێزانەکەت بڵێ: با لەژێرەوەی ئەم بەرگە جلێکی کە لەبەر بکات نەوەك ئەم بەرگە قەبارەی لەش

ولار وئێسکەکانی بەدەر بخات و وێنایان بکات لەبەر چاوی خەڵکی . لەم فەرموودەیەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هەرگیز پۆشاکی تەسك وتەنك و تەنگەبەر دروست نی یە، ئەگەر خۆمان لە ڕاستیەکەی لانەدەین هەموومان ئەزانین پۆشاکی تەسك و تەنك قەبارەی جەستەو ئەندامەکان وێنا ئەکات هەم پێستی لەشی تیا دیارە ، بۆ یە ئەبێت ئافرەتانی ئیماندار وشیار بن و خۆیان لەو جۆرە جل وبەرگە بپارێزن ، چونکە ئەو جۆرە پۆشاکەی ئەمڕۆ لەبەر ئەکرێت پۆشاکی مسوڵمان نی یە چ پیاو چ ئافرەتیش ، بەداخەوە ئەمڕۆ پیاوانیش ئەوەندە جلی تەسك وتەنك لەبەر ئەکەن زۆر لە هی ئافرەتان خراپترە ، زۆر جار وتوویانە مامۆستا ئەو گەنجانەی کە لە ڕیزەکانی پێش ئێمەوە نوێژ ئەکەن کراس وتیشێرتەکانیان ئەوەندە کورتە هەموو لەشی بەدەر ئەکەوێت . یان زۆر جار پیاو لە بازاڕ وکۆڕ ومەجلیسەکان ئەبینیٚ شەرم لە خۆت ئەکەیت، ئەم سیفەتی ئەهلی بەهەشت نی یە ئەگەر ئەتەوێت بچیتە بەهەشت ئەبێت پابەند بیت بە فەرموودەی خوا وپێغەمبەری خوا . ئەم سیفەتە خراپانە واز لێبهێنێت و بچێتەوە سەر ڕێبازی قورئان وسوونەت .

حەزرەتی عایشە دایکی ئیمانداران (ڕەزای خوای لێبێت) ئەیگێڕێتەوە کە (ئەسما) کچی ئەبوبکر هاتە ژوورەوە بۆ لای پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) جلێکی تەنکی لەبەر دا بوو، پێغەمبەر ڕووی لێوەر گێڕا وفەرمووی ((ئەسماو ئافرەت ئەگەر

بالْغ بوو گەیشتە تەمەنی بێنوێژی بۆی نی یە هیچ شوێنێکی بەدیارەوە بێت بیجگە لێرەو لە وێی نەبێت واتە ئیشارەتی کرد بۆ هەردوو لەپی دەست ودەم وچاوی)[٢١]

سێیەم: ئەبێت پۆشاکی شەرعی فراوان بێت: ئەبێت پۆشاکی شەرعی فراوان بێت وتەسك وتەنك نەبێت بەشێوەیەکی وا کە لەش ولار و شوێنە بزوێنەرەکانی تیا دیار بێت و وێنەی ئەندامەکانی لەشی بەرجەستەو قۆقز دەرنەپەڕێنێت و وێنای لەشی بکات، هەندێ جل و بەرگ هەن کە درێژو ئاو دامانن بەلأم تەسك وتەنکن هەموو سەر سینگ ومەمك و نێو قەد سمتەکانی دەردەپەڕێنێت، هەروەها جاری وا هەیە یەخەکانیان فراوان ئەدوورن بەلأم نیوەی پشتیان لە دواوە دیارە یان سەرسینگ و مەمکیان بەدەر ئەکەوێت ، بەڕاستی لەبەرکردنی ئەوجۆرە جل وبەرگانە حەرامە : چونکە سەرنجی نەك هەر گەنج ولاو هەرزەکاران بەلکو پیرەکان وبەساڵا چوانیش بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن و سەرەنجام خراپەو بەرەلأییش بلأو ئەکەنەوە، هەروەها ئەو تەنوورەو چاکەتانەی کەئەمڕۆ ئافرەتان لەبەری ئەکەن جاری وا هەیە چاکەتەکە زۆر تەسکە وبەشی پێشەوە و دواوەی لەشی دەر ئەپەڕێنێت یان تەنوورەکەی لە دواوە

[٢١] ئەم فەرمودەیە (بخاري و مسلم و ابو داود و النسائي و ابن ماجه و مالك و احمد و البیهقي و ابن حزم) لە (عبدالله کوڕي عباس)ەوە گێڕاویانەتەوە .

شەقێکی تیایە ونیوەی قاچی بەدەر ئەخات ئەمەش حەرامە، بەلأم ئەگەر تەنوورەکە ئەوەندە فراوان بێت لەشی دەرنەپەڕێنێت و چاکەتەکەی تەسك وکورت نەبێت و پێشەوەو دواوەی بەتەواوی داپۆشێت، بلوزەکەی ئەوەندە تەسك لەبەر نەکات کە مەمکەکانی دەرپەڕێنێت، سەرپۆشی شەرعیانەیان لەگەڵدا لەبەر کات و سەرپۆشەکەش تا ناوەڕاستی پشتی بچێت وسەر وملـ وشانی لەدواوە داپۆشێت و لەپێشەوەش سەر سینە وسینگ ومەمکەکانی داپۆشێت لەبەرکردنی باشترە لەجۆرەکانی تر .هەروەها لەبەرکردنی پانتۆڵ وشانتۆڵ وستریژ بەهیچ شێوەیەك شەرعی نی یەو دروست نی یە لەبەرکردنی ، چونکە هەر لەبنەڕتدا ئەوە جل وبەرگێکی ڕۆژئاواییە وئافرەتان بەدیاری بۆیان ناردووین ، بێجگە لە قینە وفەسادی هیچ سیفەتێکی شەرعی تیا نی یە. هەندێك لەخوشکان دەڵێن پرسیارمان کردووە وە مامۆستایان وتوویانە ئەگەر چاکەتی درێژی لەگەڵ لەبەرکەن و پاش وپێشی داپپۆشێت ڕەوایە ودروستە، ئێمەش لەوەلأمی ئەو خوشکانەو هەموو ئەوکەسانەی بەو شێوەیە بیر ئەکەنەوە ئەڵێین ئەوکاتە دروستە ئەگەر فراوان بێت و پانتۆڵەکە هیچ شوێنێکی دیار نەبێت ، ئەو پۆشاکەی کەلەسەر پانتۆڵەکەوە لەبەر ئەکرێت ئاودامان وفراوان بێت تەسك وتەنك و تەنگەبەر نەبێت وەسفی پانتۆڵ و جەستەشی نەکات، ئەگەر بتەوێت زۆر شەرعی تر بێت ئەبێت عەبای لەسەرەوە لەبەر

بکەیت، هەموو لەشی لەسەرەوە تا خوار قاچەکانی دابپۆشێت لەگەڵ ڕێزمان بۆ ئەو مامۆستا بەڕێزانەی ئەو جۆرە فتوایەیان داوە ئەگەر بەشێك لە ئافرەتانیش ئەوەیان کردۆتە بیانو پانتۆڵ لەبەر ئەکەن پارچە پەڕۆیەکیش بەسەر پاش و پێشی خۆیاندا داوە گوایە کە پۆشاکی شەرعییان لەبەردایە ، توخوا من لەخۆتان دەپرسم کەی ئەوە سەرپۆشە و کەی ئەوە پۆشاکی شەرعییە و کەی پۆشاکی شەرعی وەك ئەو پۆشاکەیە کە بەڕێزت پۆشاوتە.

ئەگەر ڕاست ئەکەیت ئەتەوێت پۆشاکەکەت شەرعیانە بێت و وەك وئافرەتانی سەردەمی چەرخی زێڕینی ئیسلام بێت و وەك و خوا فەرمانی پێ کردووە ئەبێ لەسەروو هەموو جلەکانتەوە عەبا بەخۆتا بدەیت و هەر لەسەر تەوە تا ئەگاتە پێیەکانت داپۆشێت ، بێجگە لەمانەش پانتۆڵ بەزۆری بۆ پیاوانە ئەگەر بۆچوونەکەشمان ڕاست بێت ئەوە لێرەشدا خۆ چوواندنە بە پیاوان ، پێغەمبەری خواش (صلی الله علیه وسلم) نەفرینی لەوپیاو وژنانە کردووە کە خۆیان بە یەکتری دەچوێنن ، هەروەها پانتۆڵ بەو سیفەتەی کە ئێستا بەتەسکی وتەنکی لەبەر دەکرێت بۆ پیاوانیش دروست نی یە گوناهێکی گەورەیان دەگاتێ، چونکە هەموو لەشیان پێشەوە وپاشەوەشیان قۆقز دەردەپەڕێت.هەروەها جارێکیان کۆمەڵێك ئافرەت هاتنە لای حەزرەتی عائیشەی دایکی ئیمانداران (ڕەزای خوای لە سەربێت) جلی تەنکیان لەبەردابوو، حەزرەتی عائیشە فەرموی ئەگەر ئیماندارن و باوەڕتان هێناوە ئەوە ئەو جل وبەرگەی لەبەرتانایە

ب: ئەوکەسەی کەماڵو منداڵەکەی لەسەر بەرەڵای و خراپەکاری پەروەردە دەکات و پێشی ڕازیە، لێرەدا ئەو کەسانەش ئەگرێتەوە کە کچو ژنو خوشکەکانیان خۆیان ئەڕازێنەوەو خۆ سفور ڕووت ئەکەنەوەو پێشی ڕازی یە.

ج: ئەو ژنانەی کە خۆیان بەپیاوان ئەچووێنن و ئەو پیاوانەش کەخۆیان بەژنان ئەچوێنن، ئەوسێ کەسە ناچنە بەهەشتەوە بۆنیشی ناکەن هەتا تەوبە نەکەن واز لەوکارەیان نەهێنن.

٣- وعن عمار بن یاسر (رضی الله عنه) عن رسول الله (صلی الله علیه وسلم) قال ثلاثة لایدخُلون الجنةَ أبداً: الدَّیوثُ، و الرجُلةُ مِن النساء، و مد مِنُ الحخمر. قالوا: یارسول الله أما مد من المخمر فقد عرفناه، فما الدَّیوثُ؟ قال : الذی لایُبالي منَ دَخلَ علی اهِلە فقّلنا: فَما الرَّجُلةُ مِن النساء؟ قال التنی تشبه بالرجل)) عماری کوڕی یاسر (ڕەزای خوای لەسەر بێت) بۆمان ئەگێڕێتەوە و ئەفەرموێت پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) فەرموی سێ کەس هەرگیز ناچنە بەهەشتەوە

أ: ئەو کەسانەی کە ماڵو منداڵیان هەرچی ئەکەن و هەرچی بێفەرمانی خواو پێغەمبەرە ئەیکەن دەنگ ناکات و لێپێچینەوەیان لەگەڵا ناکات پێی ڕازییە.

ب: ئەو ژنانەی کە لاسای پیاوان دەکەنەوە چ لە پۆشاکو جلو بەرگ چ لە هەڵسوکەوتو چ لە خورەوشت و ئەخلاقو چ لە قژبڕینو کورت کردنەوەو دەنگ زڕکردن وەکو پیاوان هەروەها

بە پێچەوانەشەوە پیاوانیش وەك و ژنیان بکەن لە جل و بەرگ و پۆشاکا لە هەڵسوکەوتا لەخورەشت و ئەخلاقا لە دەنگ ناسك کردنەوەو خۆبادانا

جـ: ئەو کەسانەی کەوا ژن بن یان پیاو فەرقی نیە کە بەبەردەوامی عەرەق ئەخۆنەوە لەگەڵ خوێنیان تێکەڵ بووە واتە (مدمن) بوون لەگەڵی ڕاهاتوون، صحابیەکان وتیان ئەی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) ئەوەی کە عەرەق خۆرە ئەزانین کێیە بەلام ئەی (الدیوث) چی یە؟ فەرمووی ئەو کەسەی هەرکەسێك بێتە لای ماڵ و منداڵی گوێی لێنیەو خۆی سڵ ناکات و پێ ی ڕازیی یە، وتیان ئەی ڕەحمەت نەبێت (الرَّجُلةُ من النساء) چیە؟ فەرمووی ئەو ژنانەی کەخۆیان بەپیاوان ئە چوێنن. وە(الدیوث) واتە گەواد، ئەو کەسەی کە سەری خۆی لەئاستی بەرەڵای و بێ ئەخلاقی ماڵ و منالیا شۆڕئەکات و قسەناکات.

پێنجەم: جل و بەرگی لە خۆبایبوون نە بێت (الشهره) نە بێت جل و بەرگ و پۆشاکی شەرعی بۆ خۆدەر خستن و ناوبانگ نە بێت،بۆ خۆ هەڵ برین بە سەر خەڵکی دا نە بێت، لاف گەزاف و فیزیان بەسەرەوە لێ بدات، مەبەست لە جل و بەرگ و پۆشاکی شهره ئەو کەسەیە کە جل و بەرگی گران بەهاو جیاوازو ڕازاوە لەبەر بکات بەمەبستی خۆ هەڵ برین و خۆ جیاکردنەوە لە خەڵك ئەمەش واتای ئەوە نیە کە جل و بەرگی کۆن و شڕو دڕوو چڵکن لەبەر بکات بەناوی دینداری و زوهدەوە! نە خێر بەڵکو (خیر

الأمور أوسطة) باشترین کار ئەو کارەیە کە مام ناوەندی بێت نە زیادە ڕەوی تێدا بێتو نەکەموو کوردتی (الأفراط و التفریط) یان تاکە ڕەنگێك لە بەر بکات کە لە ناو بازاڕدا تاك بێتو دەگمەن بێتو پێیەوە بنازێت. إبن عمر ڕەزای خوای لە سەر بێت بۆ مان ئە گێڕێتەوە و ئەفەرموێت (عن إبن عمر (رضی الله عنه) یرفعه قال: من لبس ثوب شهرةِ اَلبَسَّ الله إیاه یوم القامة، ثمَّ الهب فیه للنار، ومن تُشبَهَ بقوم فهو مِنهم، ذكر رزین في جامعه. بەلاّم (إبن ماجه) بە سەنەدێکی ڕاست گێڕاویەتەوە. (قال: قال (رسو الله (صلی الله علیه وسلم) من لبس ثوبَ شهرة في الدنیا اَلبَسهُ الله ثوبَ مُذَلَّةٍ یوم القیامة، ثمَّ الهبَ فیه ناراً) ئەفەرمویٚ پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی: هەرکەسیٚ جلو بەرگی بەناو بانگی بۆ خۆدەرخستن لە دونیادا لەبەر بکاتو خۆی پێوە ڕاوەشێنیٚو فیزی پێوە لێبدا بەسەر خەڵکا ڕۆژی قیامەت هەمان جلوبەرگی لەبەر ئەکرێتەوە و گڕیی ئاگریشی تێبەر ئەدەن، هەرکەسێکیش خۆی بەهەر گەلو کۆڕو کۆمەڵو کەسێك بچوێنێت ئەوە ئەو کەسە لەوانەو حەشرو حەقو حیسابیشی لەگەڵ ئەوان دایە.

شەشەم: پۆشاکی شەرعی ئەبێت پۆشاکی ئافرەتانی کافرنەبێت نابیٚ پۆشاکی ئافرەتی موسڵمان لە پۆشاکی کافران بچێت، چونکە لەبنچینە و بنەما گرنگە کانی شەریعەتی ئیسلام ڕێگە نەدانە بەئافرەتی موسڵمان کە خۆی لەپیاو ئافرەتانی کافران

بچوێنێ. جافەرقی نیە ئەو خۆ چواندنە لە جل‌و بەرگ‌و پۆشاك دا بێت یان لە دابوونەریت‌و جەژنەکاندا بێت یان لەبەندایەتی پەرستشەکاندابێت، بەڵگەشمان ئەم فەرموودەیە یە کە عبدالله کوڕیی عاص گێڕاویەتیەوە ئەفەرموێت : (رأى رسوالله صلى الله عله وسلم علَىَ ثوبين معصفرين فقال: هذه من ثياب الكفار فلا تلبسهما)[٢٣] وە لە فەرموودەیەکی ترا پێغەمبەری (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی :(.......... ومن تشبه بقومٍ فهو منهم)[٢٤] شێخی ئیسلام (إبن تيمه) لەسەر ئەم فەرموو دەیە ئەفەرموێت (ئەم فەرمودەیە هێواشترین و هێمن ترین فتوای ئەوەیە کە فەرمان دەکات بە خۆ نەچواندن بە کافران. هەر واتای ڕواڵەتی فەرموودەکەش کوفرکردنی خۆچوێنەر بە کافران دەگەیەنێت. هەروەك خوای پەروەردگار ئەفەرمووێت (ومن يَتَوَلهُمْ مِنهم فأنَه مِنهُمْ) هەرکەسێك لە ئێوە بەدوای کافران بکەوێت، یان خۆی بچوێنێت یان مەیلی ئەوانی هەبێت و لایەنگیریان بکات ئەوە بە هەموو واتایەك ئەو کەسە لەوانە . هەروەها (الصفاني) ئەفەرموێت (ئەم فەرموو دەیە ئەوە ئەگەیەنێت هەرکەسێك خۆی لە فاسق و کافرو خراپەکاران بچوێنێت ئەوە لەوانە، ئەوە پێی کافر ئەبێت، بەڵام ئەگەر بڕوای وانەبوو ئەوا زانایان ڕایان

---

[٢٣] رواه امام أحمد ومسلم وكذالك النسائي في كتبهم

[٢٤] رواه امام احمد لە ژێر ژمارەی (٥٦٦٥، ٥١١٥، ٥١١٤وابن عساكر گێڕاویانەتەوە) .

جیاوازه لەبارەیەوە، هەندێك فەرمویانە كافر ئەبێت و پێشتیان بەڕواڵەتی فەرموودەكە بەستوە هەندێكی تریشیان فەرموویانە كافر نابێت بەلاَم دەبێت سەر زەنشت بكرێت و پەشیمان بێتەوە و بگەڕێتەوە سەر بەرنامەی ئیسلام و واز لەو ڕەوشت و خۆجواندنە بێنێت .

دووەم: بەڵگە كانی بەدەر خستنی دەم و چاو:

خوێنەرانی بەڕێز لەم بەشەی باسەكەمانا حەزئەكەم ئەم بەڵگانە باس بكەم كە ڕێگەئەدەن بەدەرخستنی دەم و چاو بێگومان زۆربەمان دەزانین كە عەورەتی پیاو لە نوێژدا لە نێوان ناوك و هەردوو ئەژنۆیەتی، هی ئافرەتیش هەموو گیانیەتی، هەرچەندە لە نێوان زانایانی ئیسلام دا جیاوازیان كردووە لەم مەسەلەیەدا.
زانایانی سعودی وتویانە :هەموو گیانی ئافرەت عەورەتە (شێخ ناصر الدین البانی) ئەفەرموێت هەمو گیانی ئافرەت عەورەتە تەنها هەردوو لەپی دەست و دەموو چاوی نەبێت دیارە ئەوەش ئەبێت خۆی جوان نەكردبێت وە یان بەسالْدا چوبێت و بێری مێرد كردنەوەی نەێت پیاو تەماحی تێنەكردبێت هەروەها (محمد الدین الأبانی) لە كتێبەكەی خۆیدا بەناوی (حجاب المرأة المسلمة في الكتاب و السنة) لە لا پەڕە (٣٩) دا فەرموویەتی پێویستە لە سەر ئافرەتانی ئیماندار كە چونە دەرەوە، سەرپۆش و لەچكەكانیان بەسەریاندا بدەن و لە سەروی

ئەویشەوە عەبا لەبەر بکەن لەماڵەوە و لەگشت کاتەکانی تریشدا لەچکەکانیان بەسەریاندا بدەن‌و لەسەروی ئەویشەوە عەبا لەبەر بکەن، هەروە ها لە لاپەڕە (٤١) دا ئەفەرموێ سەلمێنراوە کە دەم‌و چاو (الوجە) عەورەت نیە ئەمەش ڕای زۆربەی زۆری زاناکانە، هەروەك‌و إبن رشد لە(البدایە /٨٩) فەرموویەتی هەروەك‌و مەزهەبی أبو حنیفە‌و مالك و شافعی و لە أحمدەوە گێڕدراوە تەوە، هەروەها ئیمامی طحاویش لە(شرح المعانی) دا ئەمەی گێڕاوەتەوە . بەڵام ئەوە لە کاتێکدا دەبێت کە دەست‌و دەم‌و چاوی نە ڕازاندبێتەوە وە لێوەکانی سوراو سپیاوی نەکردبێت‌و دەس‌و نینۆکەکانی سور نەکردبێت. دیارە ئەگەر وابێت واتە: دەست‌و دەم‌و چاوی ڕازابێتەوەو شەلاڵی ماکیاج بێت ئەو کاتە دەست‌و دەم‌و چاو یش دەبێتە عەورەت‌و دەبێت جوان داپۆشرێت‌و لە لای پیاوانی بێگانەونامەحرەم نابێت بە هیچ شێوەیەك دەریان بخات. خوێنەرانی بەڕێز ئاماژە بەو ڕێگایانە ئەکەم کە لە قورئان‌و سونەت دا هاتوون مۆڵەت ئەدەن بەدەر خستنی دەم‌و چاوی ئافرەت:

یەکەم:

أ- خوای گەورە لە قورئانا ئەفەرموێ (ولا يُبدِين زينتهُنَّ الاّ ما ظهر منها) نابێت ئافرەتی ئیماندار جوانیو ڕازاوەی خۆیان دەرخەن بۆ پیاوانی نامەحرەم بێجگە لەدەست‌و دەموو چاویان إبن عباس "ڕەزای خوای لەسەر بێت" لە تەفسیری ئەم ئایەتەیا ئەفەرموێت:

دەم و چاو هەردوو لەپی دەست و ئەنگوستیلەیە. اعمش له سعیدی کوڕی جبیرەوە (ڕەحمەتی خوایان لە سەر بێت) ئەفەرموێت تەفسیری صحابە بەڵگەیەو کاری پێئەکرێت)

ب- خوای گەورە لە ئایەتی (٣١)سورەتی نوردا دەفەرموێت (وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَى جُيُوبِهِنَّ) ئەی پێغەمبەری خوا بە ئافرەتانی ئیماندار بلّی سەرپۆش و لە چکەکانیان بکەن و بەسەر سنگ و بەرۆکیانا بەری دەنە خوارەوە. بیٚ گومان خوا قسەی لەڕو لە جێیە گەر بیویستایە فەرمان بکا بە داپۆشینی دەم و چاو ئەوە بە ڕاشکاوی ئەی فەرموو با دەم و چاویشیان داپۆشن نەك بە تەئویلێکی دوور باسی بکات و نەیگێڕێتەوە ڕووی لێوەر گێڕاو فەرمووی (يا أسماء إنّ المرأة إذابَلَغَت سن المعيض لم يصلح ان يرى منها إلاّ هذا و هذا) ئەسمائ هەر ئافرەتێك گەیشتە کاتی بێوێژی دروست نیە لێرەو لێرەی زیاتری بەدەر کەوێت ئیشارەتی بۆ دەم و چاوی خۆی و لەپەکانی دەستی کرد.

دووەم:

ابوداود لەسەنەدەکەی خۆیدا هێناویەتی لەحەزرەتی عائیشەی دایکی ئیمانداران‌ەوە(ڕەزاخوای‌لەسەربێت)ئەیگێڕێتەوەوئەفەرموێ:ڕۆژێکیان ئەسمائی کچی حەزرەتی ئەبوبکر هاتە لای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و جلێکی تەنکی لەبەردابوو پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: (يا أسماء إذا بلغت سن المحيض لم يصلح أن يرى منها إلا هذا و هذا). ئەی ئەسما هەر ئافرەتێك گەیشتە تەمەنی بێنوێژی دروست نییە لێرە و لەوێی زیاتر بەدەر بکەوێت، واتە ئاماژەی کرد بۆ دەم و چاو و هەردوو لەپی دەستی.

سێیەم:

جابری کوڕی عبدالله (ڕەزای خوای لەسەربێت) ئەیگێڕێتەوە عن جابر بن عبدالله قال: شهرتُ مَعَ رسول اللهِ (صلى الله عله وسلم) الصَّلاةَ يوم العيدِ، فبدأ بالصَّلاةِ قَبلَ الخطبةِ بغَير أذانٍ ولا إقامةٍ ثُمَّ قامَ متَو كئاً على بلالٍ فاتوَ بتقدى الله و حثَّ على طاعتهِ وَوَعَظَ النّاسَ وذكرَهم ثمَّ مظى حتّى أتى النساءَ فوَ عَظهنَّ وذَكَرَ هُنَّ فقال تَصَدَّقنَ فأنَّ أكثر كُنَّ حَطَبُ جَهُنمَ فَقامَتْ امْدأةٌ مِن سطةِ النّساءِ سَفْعاءَ الخَدَّيْنِ فقالَتْ لِمَ يا رَسُول اللهِ قال لأ نَّكُنَّ تُكْثِرنَ الشَّكاةَ وَ تَكْفُرْنَ العَشير)[٢٥] ئەفەرموێ لە ڕۆژی جەژندا لە خزمەتی پێغەمبەرا نوێژم کرد، سەرەتا بەر لە وتاری نوێژی جەژن بێ بانگ و بێ قامەت هەڵسا نوێژی کرد پاشان موسڵمانانی هاندا بۆ جێبە جێکردنی فەرمانەکانی، ئامۆژگاری خەڵکی کردو بیری خستنەوە، دوایی ڕۆی بۆلای ئافرەتان ئامۆژگاری ئەوانیشی کردو بیری خستنەوە، پاشان فەرمووی خێروو چاکە بکەن چونکە زۆربەی ئافرەتان ئەهلی دۆزەخن، لەو کاتەیا ئافرەتێکی ڕومەت ڕەش هەڵ گەڕاو لە ناوەڕاستی ئافرەتانەوە هەڵسا و قسەی کرد و ووتی ئەی پێغەمبەری خوا بۆچی زۆربەی زۆری ئەهلی دۆزەخ ئافرەتانن؟!، فەرمووی لەبەر ئەوەی زۆر گلەی و پرتەو بۆڵە ئەکەن و بەرامبەر بە هاوسەرەکانیشتان سپڵەن..... ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە ئەوەیە کە

---

[٢٥] رواه المسلم والنسائی والدارمی وابن خزیمة والبیحقی واحمد.

جابر وەسفی ڕوومەتی ئافرەتەکەی کردووە، دیارە دەم و چاوی دیاربووە ئەگینا نەیدەزانی ڕەنگی ڕەش هەڵ گەڕاوە.

چوارەم:

سەهلی کوڕی سەعد "ڕەزای خوای لە سەر بێت" بۆمان ئەگێڕێتەوە (عن سَهْل بن سَعدٍ أنّ امرأةً جاءت الى رسول الله(صلى الله عليه وسلم) و هُوَ في المسجدِ، فقالَتْ : يارسولَ الله جئتُ لأ هبَ لك نفسي ....فصَمَتَ فلقَدْ رأيتها قائمةً مليّاً أو قال هَوِيْنا، فَنَظَر إليها رسولُ الله (صلى الله عليه وسلم) فصَعَّدَ النَّظَرَ إليها وصَوَّبَهُ ، ثمّ طاطأ راسَهُ، فلمّا رأتْ المرأةُ أنَّهُ لَمْ يَقْصُدْ فيها شيئاً جلَسَتْ........)[٣٦] ئەفەرموێ ڕۆژێک ئافرەتێک هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا کە لە مزگەوت دابوو ووتی ئەی پێغەمبەری خوا من هاتووم خۆمت پێشکەش کەم، پێغەمبەریش بێدەنگ بوو، ئەڵێت من ئافرەتەکەم بینی زۆر ڕاوەستا و پاشان پێغەمبەریش تەماشای کرد و بە جوانی چاوی پێدا گێڕا، دوای سەری خۆی نەوی کرد، ئافرەتەکەش کە زانی پێغەمبەر هیچی دەرنەبڕی دانیشت خۆشەویستان ئەم فەرموودەیە زۆر بەڕوونی ئەو ڕاستیە دەر ئەخات کە ئەفەرموێ دەم و چاوی ئافرەت عەورەت نیە ، ئەگینا پێغەمبەر تەماشای چیکردووە و چۆن بەوردی سەرنجی داوەتی؟!

پێنجەم:

حەزرەتی عایشە دایکی ئیمانداران (ڕەزای خوای لەسەربێت) بۆمان ئە گێڕێتەوە (عن عائشةَ رضي الله عنها قالتْ : كُنَّ نساءُ المؤمناتِ يشهَدْنَ مَعَ النبي (صلى الله عليه وسلم) صلات الفجر مُتلفّعاتٍ و بمُروطِهنّ، ثمّ يَنقلبْنَ إلى بيوتهِنَّ حينَ يَقضينَ الصَلاةَ لا يُعْرَفنَ من

---

[٣٦] رواه البخاري والمسلم والنسائي واحمد والبيهقي والحميدي والزيلعي وابو يعلى وغيرهم

الغَلَس)[27] وفي رواية (وما يَعرفُ بعْضُنا وجوهُ بعض) ئەفەرمووێ ئافرەتـانی ئیماندارلەگـەڵ پێغەمبـەرا نوێـژی بـەیانیان ئـەکرد، عـەباکانیان لەخۆیانـەوە ئـە پێـچاو، کەنوێـژیان تـەواو ئـەکرد ئەگەڕانـەوە بۆ ماڵـەوە بـەلاَم لەبەر تـاریکی و لێڵـی نەدەناسرانەوە، ئەمەش بەڵگەیەکی بەهێزە لە سەر ئەوەی کە دەموو چاوی ئافرەت عەورەت نیە[28] چونکە بەهۆی تاریك و لێڵی بەیانیەوە نە ناسراون دەمـو چـاویان، خـۆ ئەگـەر تاریـك نەبوایـە ئەناسـران، بێگـومـان کاتێکیش ئافرەت ئەناسرێت کە دەمو چاوی دیاربێت.

شەشەم:

عبدالله کوڕی عەباس (ڕەزای خوای لە سەربێت) بۆمان ئە گێڕێتەوە ئەفـەرمویٚ: لـەڕۆژی جـەژنی قوربانـا و لـەکاتی سـەر بڕینـدا پێغەمبـەری خـوا (صلی الله علیه وسلم) (فـضلی کـوڕی عباسـی) لەپشتی خۆیـەوە سواری وولاَخەکەی کردبوو، فەزلیش جوانو بەرچاوبووە، پێغەمبەر لە گەڵ هەندێك خەڵکا وەستابوو فەتوای بۆ ئەدانو لەو کاتەیا ئافرەتێکی بەرچاو هات داوای فەتوای لە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) کرد، فەزلیش دەستی کرد بە سەرنج دانو سەیر کردنی ئافرەتەکەو جوانیەکەی سەر سامی کردبوو،پێغەمبـەر کـە ئـاوڕی دایـەوە زانـی (فـەزل) تەماشـای

---

[27] متفق علیه

[28] ئەم فەرموودەیە البخاری والمسلم ابوداود و نسائی ابن ماجە ومالك واحمد والبیهقی وابن حزم)لە عبدالله کوڕی عباسەوە گێڕاویانەتەوە .

ئافرەتەکە ئەکات، بەدەستی پیرۆزی خۆی چەناگەی گرتو بردی بۆولاوە ئەم فەرموو دەیەش بەڵگەیەکی ئاشکرایە لە سەر ئەوەی کە دەمو چاوی ئافرەت عەورەت نیە.

حەوتەم: (عەتای کوری ئەبی رباح) ئەفەرمویٚ رۆژێکیان عبدالله کوری عباس (رەزای خوای لەسەربێت)بانگی کردمو فەرمووی (الا أُريكَ إمرأَتً مِن أَهل الجنة؟!) وەرە بائافرەتێکی بەهەشتیت نیشان بدەم؟! منیش ووتم ئادەی بفەرموو، فەرمووی (هذه المرأَةُ السَوْداءُ أَتَتْ النبيَّ – صلى الله عليه وسلم – فقالتْ :إنيَّ أُصرَع و إنيَّ أتَكَشَفُ فادعُ الله لي) فەرمووی: ئەم ئافرەتە رەشە کاتی خۆی هاتە خزمەتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ووتی ئەی پێغەمبەری خوا من فێم لێدیٚو لەو کاتەیا کەفێیەکەم لێدێت، ئاگام لەخۆم نامێنیٚو جلو بەرگ بەبەر خۆمەوە ناهێڵم، جا هاتومەتە خزمەتت بۆ ئەوەی لەخوا بپارێیتەوە کەچاکم بکاتەوەو لەم نە خۆشیە رزگارم بیٚ. پێغەمبەری خواش (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی (إن شئتِ صبرتِ ولك الجنةُ و إن شئتِ دَعوتُ الله أَن يُعا فيكَ) فەرمووی ئەگەر حەزدەکەیت ئارام بگرە لەسەر ئەو ق لێهاتنەت و خوای گەورە بەبەهەشت پاداشت ئەداتەوە و لەقیامەتیشدا ئە چیتە بەهەشتەوە، ئەگەر حەزیش ئەکەی لەخوای گەورە ئەپارێمەوە بۆت کە چاکت بکاتەوەو شیفات بۆ بنێریٚو جارێکی تر توشی ق ایهاتن نەبیت، ئافرەتەکەش وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) هەر

هەشتەم: بەڵگەیەکی تریشمان لەسەر ئەوەی دەم و چاوی ئافرەت عەورەت نیە ئەوەیە کە ژن خواز (خاطِب) بۆی هەیە سەیری دەم و چاو و دەستی ئافرەت کات کەواتە غەیری ژنخواز بۆی نیە سەیری دەم و چاوی ئافرەت کات، ئەمەش ئەوە ئەگەئەنێ کە دەم و چاوی ئافرەت عەورەت نیە.

پۆشاکی کچە بچوکەکان:

ئاینی پیرۆزی ئیسلام گرنگیەك و بایەخێکی زۆری داوە بە پەروەردەو فێرکردنی منداڵ بەمەبەستی چەسپاندنی بیرو باوەڕ لە دڵ و دەرونیان دا، ئەویش بەڕاهێنانی منداڵ لەسەر فێربوونی ئەدەبی خەوتن، پۆشاکی شەرعی، نان خواردن،لەسەربەخۆیی، خاوێنی بیرو باوەڕ، پاراستنی زمان، ڕێزی گەورە، سلاوکردن، بەلام بەشێوەیەکی لەسەرخۆ و وردە وردە، بەپێ ی تەمەن و کاتەکان، هەروەها سونەتی پێغەمبەری خوایە (صلى الله عليه وسلم) فێرکردنی منداڵ لەکاروباری ئاینیەکەی هەر لەدەست نوێژ و پاك و خاوێنی و نوێژو ڕۆژوو پاڕانەوەو خورەوشتی جوان، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بەڕونی جەخت لە سەر پەروەردە کردنی منداڵ دەکاتەوە بەپێی قۆناغەکانی ژیانی و ئەفەرموێ: ((مروا أولادكم بالصلاة وهم أبناء سبع واضربو هم عليها و هم أبناء عَشر فرقوا بينهم في المضاجع))[30] واتە: فەرمان بکەن بەمنداڵەکانتان بەوەی کەهەستن بە فێربوون و ئەنجامدانی پێنج فەرزەی نوێژ، کاتێك کە تەمەنیان گەیشتە حەوت ساڵی ئەگەر باش بەدەم فەرمانەکەوە نەهاتن و، سست بوون لەجێ بە جێ کردنی نوێژەکان، بە قسەی خۆش و نەرم و

---

[30] صحيح اخرجه ابوداود (٤٩٤)وابن خزيمه(١٠٢١٢)والحاكم (٢٠١١١) وغيرهم)

نیانی لەگەڵیاندا هەوڵ بدەن هەتا نوێژەکان لەکاتی خۆیدا ئەنجام بدەن، ئەگەر تەمەنیان گەیشتە دەساڵی و هەروا مانەوە شێوازێکی تر بەکار بێنن ئەویش لێدان بەلأم لێدانێك کە زەرەر نەداتە لاشەیو کاریگەری خراپی نە بێت لە سەر جەستەی، وە لە کاتی لێدانەکەشا سەرو دەموو چاوی بپارێزیت، هەروەها ئەفەرموێت: شوێنی نوستنی کوڕکچ جیا بکەنەوە، با کوڕان لەژورێکدا بخەونو کچانیش لەژوورێکی ترا بخەون، هەروەها هاندانی کچ بۆ خۆداپۆشین و شەرمو حەیا هەرلە منداڵی یەوە بۆ ئەوەی کە گەورە بوو لەسەری ڕابێت، کەواتە: نابێت کیژۆڵەکانمان جلی کورت و پانتۆڵ و ستریچ و هاوشێوەکانیان لە بەرکەن چونکە ئەوە خۆشوپهاندنە بەپیاوانو خەڵکانی بیٚ باوەڕ، هەروەها ڕابهێنرێت لە سەر داپۆشینی سەر ئەگەر بە پارچە قوماشێکی تەنکیش بێت بالە تەمەنی حەوت ساڵیش دا بێت، هەروەها پێویستە دایکانو باوکان ئامۆژگاری منداڵکانیان بکەن هەر ڕەگەزەیان پەیوەست بێت بە جلی تایبەتی خۆیەوە بۆ ئەوەی جلی نێرینە جیاوازبێت لە جلی مێینەو دوریش بن لە جلی بێگانە. ئەرکی دایك و باوك و مافی منداڵ لە سونەتی صحیحی پێغەمبەری خوادا (صلی الله علیه وسلم) دیاری کراوە، کەواتە پێویستە لە سەر بەخێوکەری منداڵان، چ دایك و باوك و برا و هەرکەسێکی تر بێت کە منالەکانیان لە سەر بەرنامەی خوای پەروەردگار و ڕەوشت و کلتوری ئیسلامی ڕابهێنێت، بەتایبەتی حیجابو پۆشاکی شەرعی و دەبیٚ لە کاتی پەروەردەکردنی منداڵەکانی دا ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕەچاو بکات:

یەکەم: منداڵەکان چ کوڕبنو چ کچ بن دەبێت لەتەمەنی چوار ساڵی یەوە لەسەر خۆشەویستی خواو پێغەمبەی خوا (صلی الله علیه وسلم) ڕابهێنرێن. هەروەها دەبێت لە سەر خۆشە ویستی دایكو

باوكو گوێڕایەڵی ڕابهێنرێت، چونكە لە هەر شوێنێك خوای گەورە باسی مافی خۆی كردبێت ڕاستەو خۆ دوایش باسی مافی دایكو باوكیشی لە گەڵا كردووە، بەواتای ڕەزامەندی خوا بەدەست نایات هەتا دایكو باوكیشی لێی ڕازی نەبێ. پێویستیشە بە خێو كەری منداڵان هەندێ فەرموودەی خواو پێغەمبەرو چیرۆكی بەسودیان بۆ بگێڕێتەوە تاكاریگەری باشیان لەسەر دروست بكەن.

دووەم: هەروەها پێویستە بە خێوكەری منداڵان ئامۆژگاری منداڵان بكەن كە لەناو ماڵ دا و لە پێش چاوی بێگانەو نا مەحرەم هەموو لەشی خۆیان دا پۆشنو بێجگە لە دەموچاو وە هەردوو دەستەكانیان نەبێت. وە ئامۆژگاریش بكرێن كە سەرو قوڵو سنگیان داپۆشن، هەروەها كیژۆڵكان لە تەمەنی پێنج ساڵیەوە ڕابهێنرێت لە سەر داپۆشینی سەرو قژیان، بەو شێوازەی كە دینی ئیسلام ئەیەوێتو پێشینەی چاكە كانی ئێمە ڕۆڵكانیان لە سەر پەروەردە كردووە، و پێویستە دایكانو باوكانی بەڕێز لەچكو سەر پۆشیان بۆ بكڕنو ئامۆژگاریان بكەن كە قژو سەرو پرچیان داپۆشن، تاوەكو دەست بەرداری پۆشاكی شەرعی نەبن، بۆیە زانایانی فەقیهزانی إمامی شافعی (ڕەحمەتی خوای لەسەربێت) فەرموویانە هەركاتێك كچ حەزو ئارەزووی جولا دەبێت پۆشاكی شەرعی لە بەربكات، پلەی جولاندنی حەزوو ئارەزووی كچانیش بە پێی ئاو هەوای ئەو ژینگەیەی تێدا دەژین دە گۆڕێت، جا لەهەر ژینگەو ئاو هەوایەكا بێت گەیشتە جولاندنی حەزو ئارەزووەكانی دەبێت پۆشاكی ئیسلامی لەبەر بكات، یان بەواتایەكی تر گەیشتە ساڵی

بێنوێژی (الحیض) ئەو کاتە پێویستە دایکان‌و باوکان‌و بە خێوکەری منداڵان فێریـان بکـەن لەسـەر پۆشـینی پۆشـاکی شـەرعی ئەگـەر دایکان‌و باوکان و بە خێو کەری منداڵان ئەو هەوڵە یان لەگەڵا نەدان گوناح بارن.

سێیەم: باشترین ڕیگا بۆ ڕاهێنـان‌و پەروەردە کردنـی کچان لە سـەر پۆشینی پۆشاکی ئیسلام ئەوەیە کە دایك‌و خوشکە گەورەکانیان خۆیـان دەسـت پـێش خـەری بکـەن بـۆ ئـەوەی ئـەوانیش چـاویان لێبکەن، سەد ڕەحمەت لە قەبری کوردەوای بێت کە فەرمویان (گیا لە سەر بنجی خۆی ئەڕوێتـەوە)، یـان گـەورە ئـاو ئەڕێـژێ بـچوکیش پێی لێـدە خشێنێ، دایك چۆن بێ کچەکەش وایە کەواتە ئەبێت کچان لە تەمەنی حەوت ساڵی یەوە لە سەر ئەمانەی خوارەوە ڕابهێنرێت.

١- لەبـەر کردنـی ئایـەت‌و فـەرمودەکانی پێغەمبـەر (صـلی الله علیـه وسلم) کەلەبارەی پۆشاکی شەرعیەوە دە دوێن.

٢- شـیکردنەوەو ڕون کردنـەوەی سـودو قازانجـەکانی پۆشـاکی شەرعی لە هـەموو ڕوەکانی سیاسـی‌و ئـابووری‌و کۆمەڵایەتیەتی و تەندروستی و ئابوریەوە.

٣- ئـەبێت کـچان لـە زیانـەکانی ڕوت‌و قـوتی‌و خـۆ ڕوتکردنـەوەو تێکـەڵی پیـاوان وشـیار بکرێنـەوە، چـونکە سەرپێـچی کردنـی فەرمانەکانی خوا و پێغەمبـەر ڕەق هەستانی خوایەو سەرەنجامیش چوونە ناو ئاگری دۆزەخە، پێویستە ئەو ئایەت‌و فەرمودانەیان بۆ بخوێنرێتـەوە کـە هـەرکاتێك کـە حیجابەکـەی فرێدا خـوا و پێغەمبـەر لێی ئەڕەنجێن.

٤- پێویستە زیان و مەترسیەکانی مادەکانی خۆ جوان کردن و ئارایشت کردنیان لەڕوی شەرعی و تەندروستی یەوە بۆ ڕونبکرێتەوە.

٥- هەروەها پێویستە لەمنداڵیەوە لەمەترسی تێکەڵ بوونی ناشەرعیانەو لە گەڵ کوڕان و پیاوانی بێگانەی نامەحرەم وریا بکرێنەوە و، هەموو زیانەکانی ئەو تێکەڵ بوونەیان بۆ ڕون بکرێتەوە، وە تێبگەیەنرێت کە مانەوەی و تێکەڵی نێرومێ بە تەنها (الخلوة) حەرامەو چەندین فیتنەو بەڵا ڕویان داوە کەواتە سەرەنجام پێویستە هەممومان بەدایکان و باوکان و گەورەو بچوکەوە ئەو ڕاستیە بزانین کەدینی ئسلام ئاینی خێرو بەرەکەت و چاکە گوزاری یە بۆ هەموو مرۆڤایەتی سەر ڕوی زەوی، وە پێشینەی ئێمە بەگەورەو بچوکەوە پۆشاکی ئیسلامیان پۆشیوەو کیژۆڵکانیشیان هەر لە منداڵیەوە لەسەر لە بەر کردنی جل و بەرگی حەیاو شەرعی ڕاهێناوە و، کەچی بە داخەوە ئێستە خوشکان و دایکان نەک هەر کیژۆڵە ساوا کانیان بەڵکو بۆ خۆشیان پۆشاکی حەیاو حورمەتی شەرعیان فڕێداوەو پۆشاکی ناموسلمانانەیان لە بەرکردووە و لاسای کافرەکان ئەکەنەوە، بۆ یە پێغەمبەری خوا (صلی الله علە وسلم) فەرموویەتی ((لتتبعنّ سنن من کان من قبلکم شبراً بشبر ذراعاً بذراع، حتی لء دخلُوا جحر ضب لتبعتموهم: قالوا: الیهود والنصاری؟ قال فمن؟) هەروەها لە فەرموودەیەکی ترا فەرموویەتی (عن أبی هریرة (رضی الله عنه) عن النبی (صلی الله علە وسلم) قال: (لاتقوم ساعة حتی تأخذ أُمّتی بأخذِ القرُن قبلها، شبراً بسبر و ذراعاً بذراع)، فقیل:

یارسو اللە، کفار مِن و الروم ؟ فقال: (و مِن الناس إلاّ أُو لئِك)[31].واتە: ڕۆژی دوای نایەت هەتاوەكو موسڵمانان بست بە بست و پێبەپێ دوای داب‌ونەریتو خوی گەلانی پێش خۆتان دەکەون ووتیان ئەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) مەبەستت لە فارس و ڕۆمەکانە، فەرمووی بەڵێ ئەی لەوان بەو لاوە کەسی تر هەیە؟ وتیان ئەی خۆشەویستی خوا مەبەستت جولەکەو گاورەکانە فەرمووی بەڵێ. بۆ یە خۆشەویستان ئێستە ئەبینین بێ باوەڕان و دوژمنانی دینی خوا ئەیانەوێت مندالآن لە منداڵیەوە فێری دابو نەریتە بۆ گەنەکان کەن و هەوڵ ئەدەن ڕەوشتو ڕەفتاری خۆیان لە ناو دڵو دەرونیانا بڕوێنن، ئەیانەوێت جلو بەرگی نا شەرعی لەبەری منداڵە بچوکەکانیان بکەن کەنامۆو ناشایستەیە بە دینەکەمانو هەم بەمیلەتو نەتەوە کەمان. جلو بەرگێك کە ئەصلەن داپۆشەر نیە هەموو ڕانو لەشیان بەدەرەوەیە، وە هەر لە منداڵیەوە فێری مادەی خۆجوان کردنو ماکیاجی بێ شەرعیانەیان دەکەن و دەم و ڕوومەت و پێڵوی چاو لێویانی پێسەوزو سور شین ئەکەن، وەلآهی لە ئێستاوە ئەو منداڵە پێست ناسکانە گوناحە دەمو چاویان دەرمانو مادەی کیمیاوی یەکانی لێ بدەن!! ئێستە هەر لە قۆناغی منداڵ بوونەوە کە هەفتەی یەکەمی دەڕوات بەسەر لە دایك بونیا لە بری (الله اکبر) و بانگو قامەت دان بە گوێی ڕاستو چەپیدا بدەن، ئە چن گۆرانیو مۆسیقایان بە گوێیا ئەدەن، لە هەموو ئەوانەش خراپتر

[31] مختصر صحيح البخاري ل ٧٣٢

کاریگەر تر ئەوەیە کە بە دایك و باوکی ئەو منداڵانە ئە لێ ی لە منداڵیەوە منداڵە کانت ڕابێنە لە سەر پۆشاکی شەرعی و بەرگی شەرموو حەیا لە وەڵاما ئەڵێن: جارێ ئەوان منداڵن و چی تێدایە وابن، یان ئەڵێ کە گەورەبوون خۆیان چاك ئەبن ئێمەش کاتی خۆی ئەو جلانەمان لەبەر کردووە و هیچ زیانێکی نیەو دوایش لەسەر جل و بەرگی تر ڕاهاتین، ئەوانیش دوای کە گەورەبوون خۆیان فێرئەبن. نە خێر خوشکی بەڕێزم دایکی خۆشەویستم بە شێوەیەکی شەرعیانە پەروەردەی منداڵەکەت بکە چونکە لەسەر هەر شتێك ڕاهات کە گەورە بوو وازی پێ لێناهێنرێت. کورد وتەنی: (دار بە نەمامی ڕاست نە کرایەوە بەگەورەیش ڕاست نابێتەوە). بۆ یە ئامۆژگاری بۆ هەموو موسڵمانێك بەتایبەتی خوشکان و دایکانی بەڕێز کە هەر لە سەرەتاوە کچە کانیان فێری پۆشاکی شەرعی و ڕەوشتەبەرزەکانی ئیسلام بکەن، چونکە کە گەورەبوون لە دەست دەر ئە چن و خەڵکانی خراپ و بێ باوەڕ جڵەوی منداڵەکەت لە دەست دەر دێنن، بۆیە لەسەرت پێویستە کوڕەکانیش و کچەکانیشت لە سەر پۆشاکی ئیسلامی و ڕەوشتی بەرزی ئیسلام پەروەردە بکەی، بۆ ئەوەی لە دواڕۆژا هیچ هۆکارێکی دەرەکی کاریان تێنەکات و کەسایەتیەکی بەهێزو پتەویان هەبێت و هیچ ڕەشەبایەك نەیان هەژێنێت.

بەشی سێیەم

لقی یەکەم: خۆ جوان کردن و خۆڕازاندنەوە (التبرج):-

أ- لە ڕووی شەرعیەوە:

(الماوردی) بەم جۆرەی خوارەوە پێناسەی خۆجوان کردن و خۆڕازاندنەوەمان بۆ ئەکات و ئەڵێت: بریتیە لەو مادە جوانیانەی کە ئافرەت لە خۆ جوان کردن و خۆ ڕازاندنەوە دا بە کاریان دێنێت وەك:

١- جل و بەرگ و پۆشاك كە لەبەریان دەكات.

٢- چەند مادەیەكی تری خۆ جوان كردنی لە شی خۆی بەكاری دێنێت وەك خشڵ و خڕ خاڵ و خەنە و سمە و (سوراو سپیاو بۆیەی لێو چاو نینۆك............).

٣- هەروەها بە مەبەستی خۆ جوانكردن برۆباریك كردن و بۆن خۆشی و دەم و چاو هەڵگرتنیش ئەكات. بەیارمەتی خوا ئەم سێ خاڵەی سەرەوە بە درێژی ڕوون ئەكەنەوە.

١- جل و بەرگ و پۆشاك:

جل و بەرگ لە كۆمەڵگا سەرەتاییەكانی مرۆڤ دا بۆ مەبەستی خۆداپۆشین و پاراستنی لەشی بووە لە هەموو مەترسیەكی دەرەكی كە توشی لەشی مرۆڤ دەبێت لە هەر بەركەوتنێك و

هێرشەکانی سەرماو سۆڵەو کەش و هەوا، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و هەنگاونانی ڕەوڕەوەی مێژوی ژیانی مرۆڤ و بەرەوەپێش چونی شارستانیەتی مرۆڤ و ژیانی کۆمەڵایەتی مەبەستێکی تریشی بە خۆیەوە گرت. چونکە سروشتی مرۆڤ وایە کە هەرگیز چاوی تێرنابێت ئەویش ئەوەبوو کەوێڕای خۆ داپۆشین و خۆپاراستن ، بۆ خۆ ڕازاندنەوەو خۆ جوان کردن بەکاری هێناوە ، مرۆڤ بە کاریشی دێنێ تا دونیا دونیایە. جا با بزانین هەڵوێستی ئیسلام لەو خۆ جوانکردن و خۆڕازاندنەوەیەدا چیە؟

ئافرەتان سروشتی خۆ ڕسکی خۆیان وایە کە زۆر حەزیان لە خۆ جوانکردن و خۆڕازاندنەوەیە، جابەهەرشێوەیەك بەدەستی بێنن، دیارە خۆ جوانکرن و خۆڕازاندنەوە مافی خۆیانەو ئاینی پیرۆزی ئیسلام دژی ئەم هەڵوێستە ناوەستێتەوە لە بەردەمیشیانا ئاستەنگ دروست ناکات. بەمەرجێ ئەو خۆ جوان کردن و خۆڕازاندنەوەیە لە چوار چێوەی شەریعەتی ئیسلام دەرنەچێت . ئەوەتە ئیسلام دێت ئەم خۆ جوان کردن و خۆڕازاندنەوەیە ڕێك دەخات و سنورو چوار چێوی بۆ دا ئەنێت نەوەك و لە ئەنجامدا زیادە ڕۆی تیا بکرێت و ببێتە هۆی بلاوبونەوەی فەسادو خراپە کاری لە ناو کۆمەڵگای موسڵماندا ، بەڵێ ئیسلام ڕێگەی بە ئافرەت داوە کە چۆنی دەوێ ئاوا خۆی برا زێنێتەوە چ لە پۆشاك و چ لەجل و بەرگ دا چ لەبۆنی خۆش و ئارایشت کردن و خۆ بۆن کردن و خۆڕازاندنەوە چ لە خشڵ و خاڵدا، بەڵام بە مەرجێك لەسنوری شەریعەتی ئیسلام تێنە پەڕێت لە گەڵ ئەو خاڵانەی کە لەڕابردودا باسمان کرد، واتە ئەم خۆ جوان

کـردن‌و خـۆ ڕازاندنەوەشـی تـەنها بـۆ مێـردی خـۆی بێـت‌و نابێـت بـۆ پیاوانی بێگانە بێت. خـوای گـەورەش لـە پۆشـاك دا دوو ئامـانجی بـۆ مرۆڤـ داناوە بۆ خۆداپۆشین‌و بۆ خۆڕازاندنـەوە هـەروەك لـەم ئایەتـە پیرۆزەیا دەر ئەکـەویێت.((يَا بَنِي آدَمَ قَدْ أَنزَلْنَا عَلَيْكُمْ لِبَاساً يُوَارِي سَوْآتِكُمْ وَرِيشاً وَلِبَاسُ التَّقْوَى ذَلِكَ خَيْرٌ ذَلِك مِنْ آيَاتِ اللَّهِ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ))[32] واتە مرۆڤەکان جل‌و بەرگمان بۆ ئێوە هێناوەتە کایەوە بۆ ئەوەی عەورەت‌و لەشی خۆتانی پیێ داپۆشن خۆتانی پیێ بڕازێنەوە

٢- مادەکانی خۆ جوانکردنی لەش وەك و خشلٚ و خرخالٚ:

بەلٚیٚ ئـافرەت بـۆی هـەیە خـۆی بـە زێـڕو زیـو گـەوهـەرو مـەرجان‌و خەنـەو هـەموو مـادەو شـتە کـانی تـری ئارایـشت بڕازێنێتـەوەو خـۆی پـیێ جـوان بکـات بـەلاٚم لـە چـوار چێوەی قورئـان‌و سـونەتی پێغەمبەردا (صلى الله عليه وسلم)

وێڕای ئەمانەی باسمان کـرد ئـاینی پیرۆزی ئیـسلام ڕێگـەی داوە بە ئافرەت لـە خۆڕازاندنـەوە و لـەخۆ بۆن خۆشـکرنەوە بـۆ ژنـانی مێرد کردوو بەلاٚم دەبێـت ئـەم خـۆ جـوان کـردن‌و خۆڕازاندنەوەیـە تـەنها لەبـەر دەم مێردەکانیـان دا بێـت‌و بـەس نیـازی خـۆ جـوان کردنەکەی تـەنها بـۆ ئـەو بێـت، چـونکە ئـاینی ئیـسلام فـەرمان بـە ئافرەتـان دەکـا کـە ئەوەنـدەی بـۆی دەکرێـت دە بێـت خـۆی بـۆ

---

[32] سوره العراف ٢٨.

مێردەکەی بڕازێنێتەوە خۆی بۆ جوان و ئارایشت بکاتو هەمیشە سەروو ڕوخۆش بێت لەگەڵیدا، لە کاتێك دا ئە گەر دڵ تەنگو کێشەشی هەبێت دەبێت هەوڵ بدات لەبەردەم هاوسەرەکەی بیشارێتەوە خۆی وانیشان بدات کە ڕوو خۆشو دڵ خۆشەو هیچ کێشەیەکی نیە بۆ ئەوەی مێردەکەی دڵ خۆش بکات، جا ده فەرموێ ئەگەر ئێواران مێردەکەی لە کارو کاسپی ڕۆژانە هاتەوە بالەبەردەرگای ماڵ بەپیریەوە بچێتو بەسەرو ڕویەکی گەشو پاراو و خۆشەوە بەخێر هاتنەوەی بکات. لەبەرامبەر ئەمەش خوای گەورە پاداشتێکی زۆری ئەداتەوە، سەرە ڕای ئەوەش پەیوەندی خۆشەویستی لە نێوانیان دا بە هێز تر دەکات و ژیانێکی بەختەوەرانەش بەسەر دەبەن، ئەو مندالأنەش کە لەداوێنی پاکیو شەرعیانەیانەوە دەکەنەوە لە سەر هەمان ڕێباز پەروەردە دەبن و سەرەنجام خێزانێکی سەرکەوتوو بەختەوەر دواتریش کۆمەڵگە سەرکەوتو و سەرفرازی بەگوێرەی بەرنامە قورئانو سونەتیانەی لێ دروست دەبێتو خوای گەورەش لێیان ڕازی دەبێت.

٣: مادەکانی خۆ جوان کردن وەکو ئارایشتو سوراو و سپیاو:

خۆشەویستان ئەوەی خوای گەورە لەئافرەتانی موسڵمانی قەدەغەکردووە ئەوەیە کە ئەم خۆ جوان کردنو خۆڕازاندنەوەیە بۆ پیاوی نامەحرەم نەبێت، بەڵکو تەنها بۆ مێردەکانی خۆیان بێتو بەس. بەلأم بەداخەوە ئەوەی ئەمڕۆ ئە بینریێ ئەوەیە

کەژنان بۆ مێردەکانی خۆیان خۆیان ناڕازێنەوە، نەك هەر ئەو ئافرەتانەی کە شویان کردووە بەڵکو ئەو کچانەشە کە گەنج و هەرزەکارن و ئەو ئافرەتانەش کەپیرن و چونەتە تەمەنەوە بە جوانترین خۆڕازاندنەوەو ئارایشتەوە دەچنە بازاڕو کۆڕو کۆبوونەوەکان و ناو فەرمانگەو دەزگاکانەوە خۆیان نیشانی کوڕانی گەنج و لاوەکان ئەدەن. بە بۆنی خۆش و جل و بەرگێکی ئالاَ و والاَپۆش و سەرپۆش فڕێدان و قژڕووت کردن و نینگرۆو قژلول کردن و سوراو سپیاو کردن و کولم سورکردن و لێو نینۆك سورکردن و لەبەرکردنی پانتۆڵی تەسکی سمت دەر پەڕێن و تەنورەی کورتی سەر چۆکان و تەنورەی تەنگەبەرو مینی جۆبوسترێج و شانتۆڵ و چی و چی یەوە.......... هەموو ئەمانە ڕای دەکێشن بۆ دەرخستنی قاچ و بەلەك تا پشت ئەژنۆیان دەر ئەخەن کاتێك کە لەماڵ دەچنە دەرەوە بۆ بازاڕو دام و دەزگاکان و بۆ دەوام کردن و ناو کۆڕ و کۆبوونەوەکان کەچی کەهاتنە ماڵ هەرچی دەرمان و سوراو سپیاو و ئارایشت هەیە دەی سڕنەوە جلە جوان و ئالاَو والاَکانیان کە لەبەریان کردوون فڕێی دەدەن و هی تر دەکەنە بەریان بە شڕۆڵەیەوە خۆیان نیشانی مێردەکانیان دەدەن، کچانیش هەروان بۆ سەرنج ڕاکێشانی گەنجان و هەرزەکارەکان وادەکەن تابیان خوازن و داواکاریان هەبێت و هاوسەری ژیانیان دەست بکەوێت، گوایە ئەگەر وانەکەن

مێردیان دەست ناکەوێت بەڵام بێئاگان لەوەی کە خوای پەروەرد گار لە خۆیان دەرەنجێنن و کوڕانیش نایان خوازن.
مامۆستا ئەحمەد میرزا ڕۆستەمی لە کتێبی (پۆشاکی ئیسلامی مایەی خۆش بەختی تاک و کۆمەڵە)[٣٣] دەڵێت لەم ساڵانەی ڕابردودا هەرچەندە من بۆ خۆم نەم دیوە بەڵام برادەرەکانم بۆیان گێڕاوەتەوە و وتیان: لە یەکێ لە تەلە فیزیۆنەکانی شاری سلێمانی نازانم هیی کام لایەن بوو، ڕۆژێکیان مایکرۆفۆنی ئەو تەلە فیزۆنە دەچێتە ناو بازاڕو لەخەڵکی سادەی ناو بازاڕو شەقامەکان بەژن و پیاوەوە بە کوڕو کچەوە دەپرسێ سەبارەت بە ئارایشت و خۆ جوان کردنی ئافرەتان، لەوەڵام دا هەندێك خەڵك لایەنگیری ئەو ئارایشت و خۆ جوان کردنەیان کردووە، هەندێکی تریشیان بەتوندی دژی وەستاونەتەوە یەکێ لە پرسیارەکان کە لە پیاوێك دەکرێت و پێی دەڵێن ڕات چۆنە سەبارەت بەو ئارایشت و خۆجوان کردنەی ئافرەتان بۆدەرەوە دەیکەن، لە وەڵام دا دەڵێت. وەڵاهی من بەش بەحاڵی خۆم پێی ڕازینیم و بەکردەوەیەکی خراپ و ناشەرعی دەزانم پێشکەشکاری بەرنامەکە دەڵێت بۆ؟! کابراش دەڵێت: وەڵا من هەر بەژنەکەی خۆما ئەزانم خراپە، چونکە هەر کاتێك کە دە چێتە بازاڕ بۆ شت

---

[٣٣] مامۆستا احمد میرزا ڕۆستەمی(پۆشاکی ئیسلامی مایەی خۆشبەختی تاك و کۆمەڵ) .ل ٧٨

کرین یان دە چێتە دەوام خۆی تاس و لوس دەدات و دەم و چاوی دە نەخشێنێ و خۆی بەتەواوی لە سوراو سپیاو شەلاڵ دەکات و،تەنورەی کورت و تا سەر ئەژنۆ لەبەر دەکات و دەڕواتە دەرەوە، کەچی کەهاتەوە ماڵێ خێرا خۆی ئە گۆڕی و جلی شڕو شۆڕ لەبەر ئەکات و جوان جوان ئەو ئارایشت و سوراو سپیاوە ئەشواتەوە کەچی کە هاتە ماڵەوەش خۆی بۆمن وەک و پیرێژن لێ ئەکات، واتە دیارە ئەوەی پێشوی بۆ پیاوی بێگانەیەو بۆ منی نیە ئەوەی بۆ منە ئەوەیە کە هاتە ماڵەوە دەم و چاوی چرچ و لۆچ و قژ ئاڵۆسکاو بۆن عەرەق و سیرو پیازی لێ دێ ئاخر پێم ناڵێی دڵی چیم بەو ئارایشتە ساختەیە خۆش بێت کەبۆ دەرەوە ئەیکات هەروەها لەپێکردنی پێلاوێک کەسەرنجی پیاوان ڕادە کێشێت کە ئەوەش نادروست و حەرامە،هەروەک و ئەو پێلاوو قۆندەرە بن بەرزانەی کە تەقەتەق دارن بەلام وەک و هۆکارێکی ڕاگەیاندن و ئاگادار کردنەوە لەدوورەوە هاوار دەکات و دەڵێت، گەنج و لاوەکان، ئەی کۆمەڵی پیاوان (یا معشر الرجال و الشباب) وریابنەوە واهاتم هەمووتان سەیرم کەن!! لە زەمانی جاهیلی دا ئافرەتان خرخاڵیان لە قاچ کردووە لە جیاتی ئەوەی لە دەسی کەن لە قاچیان کردووە بەلام کاتێک کە ڕۆیشتون بەڕێگادا قاچیان بە ئەرزەکەیاداوە تەقەی هاتووەو سەرەنجی پیاوانیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشاوە بۆیە خوای گەورە لەو دیاردە ناشرینە بە حەزرەتی جبرایلا ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە بۆ

پێغەمبەر کە ئەفەرموێ : (وَلا يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ لِيُعْلَمَ مَا يُخْفِينَ مِنْ زِينَتِهِنَّ) ئەی پێغەمبەری خوا پێیان بڵێ نابێ ئافرەتانی ئیماندار بە تەعبیری ئەم ئایەتە قورئانیە پێڵاوی بن بەرز لە پێکەن و کاتێ کە ئەڕۆن تەقەی بێ و یەکسەر پیاو بزانێ کە ئەوە ئافرەتە و ئاوڕی بۆ بداتەوە، ئەبێ خوشکان زۆر وریابن نەشکێن، چونکە ئیسلام ڕێزی زۆری لە ئافرەت گرتووە پێغەمبەری خۆشەویست (صلی الله علیه وسلم) ئەفەرموێت "إياكم القوارير) ئافرەتان وەك و شوشە ناسك و نازدارن ئەبێ زۆر وریای خۆیان بن نەشکێن، چونکە خوانەکردە کە شوشە شکا شوێنی خۆی ناگرێتەوە، جا خوشکی بەڕێزم زۆر وریابە نەشکێی و بە چاوی گورگانەوە سەیر نەکرێیت چونکە خەڵکانێك هەیە دڵیان نەخۆشە و حەزیان لە شکاندنی شوشەیەو چاویان بەڕوناکی و ڕۆشنای هەڵنایەت.

٤: مادەکانی خۆ جوان کردن وەك (برۆباریك کردنەوەو گۆڕینی برۆو برژانگەکان نینۆکە کان):

خۆشەویستان ئاینی ئیسلام هیچ بوارێك لەبوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتی فەراموش نەکردووە بۆیە هەر حاڵەتەو بۆ هەربوارێکی ژیان ڕێوڕەسم و ڕێگا چارەی کێشەکانی ژیانی مرۆڤی بەنێرو مێیەوە ڕێك خستووە، بۆ ئەوەی مرۆڤ هەرگیز نەکەوێتە گێژاوی لادان و سەر لێشێواویەوە، بێجگە لەوەش زۆر

ژیرانە و حەکیمانە ڕەوتی ژیانی مرۆڤایەتی ڕێك خستووە بۆ ئەوەی لە دونیاو لە قیامەت دا بە ژیانێکی خۆش بژی‌و دووربێ لە هەموو هەڵەو پەڵەیەك، لەم بەشەی باسەکەشماندا بە پشتیوانی‌و کەرەمی خوای پەروەرد گار باسی خۆ جوان کردن‌و خۆڕازاندنەوە لەڕوانگەی شەریعەتی پیرۆزی ئیسلامەوە دەخەینە بەر چاوی خوێنەران کە دینی پاك‌و بێگەردی خوا داوای لە مرۆڤان کردووە خۆیان جوان‌و ڕێك‌و پێك‌و بۆن خۆش بکەن، لەم بوارەشدا داوای لە ئافرەتان کردووە لە ڕوانگەی شەریعەتی پیرۆزی ئیسلامەوە دەخەینە بەر چاوی خوێنەران کە دینی پاك‌و بێگەردی خوا داوای لە مرۆڤان کردووە خۆیان جوان‌و ڕێك‌و پێك‌و بۆن خۆش بکەن، لەم بوارەشدا داوای لە ئافرەتان کردووە کە بەسیفەتە سروشتیەکان (خصال الفگرە) خۆیان برازێنەوە، کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا زیاتر ڕونیان دەکەینەوە.

یەکەم: نینۆك کردن‌و ڕێك خستنیان بە پێچەوانەی ئەوەی ئێستە ئافرەتانی موسڵمان دەیکەن، کە نینۆکە کانیان ناکەن تا درێژ دەبێ کە من نازانم چۆن بەو نینۆکە درێژانەوە خۆیان پاك دەکەنەوە، لەکاتێك دا خوای پەروەرد گار داوای لەژن‌و پیاوی موسڵمان کردووە کە نینۆکە کانیان بکەن و پاکاو خاوێنی خۆیان ڕابگرن کەبەڕای زۆربەی زانایانی ئیسلامیش ئەم نینۆك کردنە سونەتە، چونکە یەکێکە لە سونەتە سروشتیەکانە، کە لە فەرموودەی پێغەمبەری خوادا (صلی الله علیه وسلم) هاتووە.

هەروەها نینۆك كردن بەلای زۆربەی زانایان سونەتە بەڵام ئیسلام كاتیان بۆ دانەناوە دەفەرموون هەروەختێ كاتی نینۆك كردن هات پێویستە بیكەیت، سەرەڕای ئەوەش چاك وایە ئەو نینۆك كردنە لەڕۆژی جمعە دا بێتو پێش نوێژدا بكرێ بە بەڵگەی حەدیسی پێغەمبەر (صلى الله علیە وسلم) كە ئەبوو هریرە صحابەی بەڕێزو خۆشەویستی پێغەمبەری خوا گێڕاویەتیەوە بۆ مانو دە فەرموێ (كان نبی (صلي الله علیه وسلم) یقص شاربهُ و یَقلُمُ أَ ظافیرهُ یوم الجمعة قبل أن یروحَ إلى الصلاة)) أخرجه البهیقی والبزاز و الطبرانی في الأوسط) دە فەرموێ پێغەمبەری خوا (صلى الله علیه وسلم) لە ڕۆژی جمعە دابەر سمێڵی دەكردو نینۆكیشی دەكرد پێش ئەوەی بچێت بۆ نوێژكردن، چاكیش وایە ئەو نینۆكەی وەك ڕێز گرتنێ لە ئەندامەكانی مرۆڤ و بخرێتە ژێر گڵەوە. بە ڕاستی خۆشەویستان ئەوانەی كە بەناوی پێش كەوتن و علمەوە نینۆكیان دەهێڵنەوە حاشا ئەوە پێچەوانەی عیلمو پێشكەوتنەو ئەبێتە هۆی كۆبوونەوەی پیسی و پۆخڵی لە ژێری دا، بە داخەوە هەندێ لە ئافرەتی موسڵمانیش توشی ئەم بەڵایە بووە بەناوی پێشكەوتنو ڕۆشنبیریەوە نینۆكیان دەهێڵنەوە ئەصلەن لەڕووی زانستیەوە دكتۆرە بەڕێزەكان بەشێكی ناتەندروستی دا دونێن و پیسی لەش دبێتە دەرەوە.

دووەم: ئاینی پیرۆزی ئیسلام داوا لە ئافرەتانی موسڵمان دەکات کەوا قژی سەریان بەربدەنەوەو هیچی لێنەتاشن و کورتی نەکەنەوە تەنها لە حاڵەتی پێویستا نەبێت، "شێخ محمدی کوڕی شێخ إبراهیمی آل الشیخ"ی موفتی دیارو ناسراوی سعودیە "ڕەحمەتی خوای لێبێت" فەرموویەتی دروست نیە ئافرەتی موسڵمان قژی سەری بتاشێ تەنها لە حاڵەتی ناچاریدا نەبێت بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) فەرموویەتی ((دروست نیە ئافرەتی موسڵمان قژی سەری خۆی بتاشێت)) واتە حەرامە. بە مەرجێ ئەو ئافرەتە هیچ بەڵگەیەکی شەرعی و زانستی نەبێت. هەروەها مامۆستا علی قاریع لەکتێبی (مرقاه المشکات)دا دەفەرموێ (حەرامە ئافرەت قژی سەری بتاشێ) چونکە قژی سەر بۆ ئافرەت وەك ڕیش وایە بۆ پیاو بەڵام ئافرەتێك وەك پێویست نەیتوانێت خزمەتی بکات واتە پاك و خاوێنی ڕابگرێ و لەبری بێزاربێت دەتوانێت کورتی بکاتەوە، هەروەك و خێزانە بەڕێزەکانی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیە وسلم) لە دوای وەفاتی خۆشەویستەوە قژیان کورت دەکردەوە چونکە پێغەمبەر نەمابوو تا خۆیانی بۆ جوان بکەن و خۆیانی بۆ بڕازانێنەوە بەڵام ئەگەر ئافرەتان مەبەستیان لە کورت کردنەوەی قژیان بۆ ئەوەبێ بەناوی مۆدێلاتەوە و لاسای ئافرەتانی ئەمریکا و ئەوروپا بکەنەوە یان مەبەستیان خۆ جوان کردن بێ ئەوە دروست نیەو حەرامە. بەڵام لێرە دا پرسیارێك

دروست دەبێ ئەویش ئەوەیە کە هەندێ لەئافرەتان قژیان کورت ئەکەنـەوە و دەڵـێن: (أن أزواج النبـی (صـلي الله عليـە وسـلم) يأخـذنَ مـن رؤسـيهنَ حتـی تكـون الالـوفرة) واتـە خێزانـەکانی پێغەمبەری خوا (صلی الله عليه وسلم) قژيان کورت کردۆتەوە تا سەر گوێیەکانی بەلأم لە وەلأم دا دەلێم خوێنەری بەڕێز خوشکی ئازیزم ڕاستە خێزانەکانی پێغەمبەر (صلی الله عليه وسلم) ئەو کارەیـان کـردووە بـەلأم لـە دووای وەفـاتی خۆشەویـستی خـوا کردوویانەچونکە لـەدوای وەفـاتی پێغەمبـەری خـوا (صـلی االله علـی وسـلم) خێزانـە بـەڕێزەکانی خۆشەویـستی خـوا حـوکمی تایبەتی، خۆیان هەبووە، کە هیچ ئافرەتێکی تری سەر ئەم گۆی زەویـە ئـەو حوکمـەیان نـەبووە، هەربۆیـە دروسـت نـەبووە خێزانـەکانی پێغەمبـەر دوای مردنـی پێغەمبـەر (صـلی الله علـی وسلم) شوبکەنەوە، ویستی خوای پەروەردگاریش وابووە وەك و هـەموو ئـافرەتێکی عیـدە دار کەوتونەتـە عیدەیـەکی شـەرعی هەمیشەییەوە، بۆ یە خوای پەروەرد گار لەسورەتی (ئەحزاب) دا ئایەتی (٥٣) دا دەفەرموێ (وَمَا كَانَ لَكُمْ أَنْ تُؤْذُوا رَسُولَ اللَّهِ وَلَا أَنْ تَنْكِحُوا أَزْوَاجَهُ مِنْ بَعْدِهِ أَبَداً إِنَّ ذَلِكُمْ كَانَ عِنْدَ اللَّهِ عَظِيماً) دەفـەرموێ ئیمـان داران بە هـیچ شێوەیەك ئـازاری دڵ و دەرونـی پێغەمبـەر مـەدەن و دروسـتیش نیـە بۆتـان خێزانـەکانی خۆشەویـستی خـوا مـارە بکەنـەوە چونکە ئەوانـە دایکـی ئێوەن، کەواتـە حەرامـە خێزانـەکانی پێغەمبـەر (صـلی الله علـی وسـلم)

شێویکەنەوە. هەر ئەمەش هۆکاری ئەوە بوو کە خێزانەکانی پێغەمبەر قژی سەریان کورت کەنەوە ئەو حوکمەش تایبەت بەوانەوە هیچ ئافرەتێکی تر ناگرێتەوە، کەواتە دروست نیە ئافرەتی موسڵمان قژی ببڕێ بەڵکو پێویستە خزمەتی بکاتو پارێزگاری لێ بکات. هەروەها دروستیش نیە خڕی بکاتەوە لە سەر سەری خۆی یان لە سەر پشتی ملی دایبنێ بە بەڵگەی ئەم فەرموو دەیەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) کە حەزرەتی ئەبو هرێرە گێڕاویەتەوە و دەفەرموێ پێغەمبەر (صلی الله علی وسلم) دەفەرموێ (صنفان مَن اهل النار لمَ ارهُما بعد: قومٌ معَهم سیاط کأذناب التبقر یضربون بها الناس ، و نساءٌ کاسیات عاریات، مائلاتٌ ممیلات رؤسهنَّ کأسنَمَة البخت المائلة، لا یدخلُن الجنة و لا یجیدن ریحها، و ان ریحها لیوجد مِن مسیرة کذا و کذا))[٢٤] دەفەرموێ دوو کۆمەڵ هەیە لە ئەهلی ئاگری دۆزەخن من ئەم بینیون:

یەکەم: ئەوانەن کە قامچیو کێبڵیان پێیە وەکو کلکی مانگاوایە ئازاری خەڵکی پێدەدەن.

دووەم: ئافرەتانیکن لە ئومەتەکەم کە بەڕواڵەت جلو بەرگیان لە بەردایە بەلآم ڕووتن کە بەڕێگا دا دەڕۆن لەنجەو لار دەکەن بۆ ئەوەی سەرنجی پیاوان بۆ لای خۆیان ڕاکێشن، یان قژیان لە

---

[٢٤] صحیح مسلم ژمارە ٢١٢٨

سەر پشتی سەری خۆیان کۆدە کەنەوە دەیکەن بە تۆپەڵە یەك وەك و سەر کۆپانی ووشترواپە. ئەفەرموێ ئەم دوو کۆمەڵە لە ئومەتەکەم ناچنە بەهەشتەوەو وە بۆنی بە هەشتیش ناکەن کە بۆنی بەهەشت چەندەها ساڵەرێ دەڕوات. هەندێ لە زانایان "ڕەزای، خوایان لەسەر بێ" (مائلاتٌ ممیلات) یان بەوە شیکردۆتەوە کە قژیان پێچاو پێچ و لول دەکەن، کە ئەمە شێوازی قژی ئافرەتی فرەنسیەکانە.هەروەها یەکێك لەو شتانەی کە ئەمڕۆ ئافرەتان بەکاری دەهێنن و دەیکەنە سەریان ئەویش قژی دەست کردە (الشعر الصناعی) کە لە زەمانی ڕەوانی کوردی خۆماندا هەموو ئەو کتێبانەی من خوێندوومەتەوە پێی دەڵێن (باڕۆکە) ئەمەشیان لە دیدی ئیسلامەوە حەرامە و زانایانی شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام لە کۆنەوە قسەیان تێدا کردووە، سبحان الله ئەو زەمانانەی کە زانایان باسیان کردووە زەمانێك بووە کە ئافرەتان قژیان داپۆشیوە وەك و ئەم سەردەمە خەڵك قژی ئافرەتی نەبینیوە، ئەی ئەگەر ئەم سەردەمانە بوایە کە ئافرەتان ئەو موانەیان بۆ جوانی بەکار دەهێنێ، کە ئێستە سەدان کارگەو کۆمپانیا بۆ بازرگانی ئەو کارە دەکەن. دەبێ چیان بوتایە. ژنێك هاتە خزمەتی پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) ووتی:(یارسول الله إن لی إبنة (عریساً) أصابتها حصبةٌ فتَمَرقَ شَعرها افأصلِهُ؟ فقال: لَعَنَ الله الواصِلة و المستوصلة)(أخرجة الشیخان و النسائی). ووتی ئەی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیە

وسلم) من كچێكم هەیە تازە شودەكات بەلاَم نەخۆشی زیپكەو ئاوڵەی هەیە و هەم مووەكانی سەری ڕوتاونەتەوە، ئایا دروستە موی تر بەسەریەوە بكەم، خۆشەویست فەرمووی: نەخێر بەهیچ شێوەیەك موو بەسەریەوە مەكە چونكە نەفرەتی خوا لەو ئافرەتانەیە كە موو بەسەری خۆیانەوە دەكەنو لەو كەسانەش كە ئەو كارەیان بۆ دەكەن، حەزرەتی بخاری لە حەزرەتی عائیشەی دایكی ئیماندارانەوە دەیگێڕێتەوە (ڕەزای خوایان لە سەر بێت) دەفەرموێت: كەنیزەیەكی ئەنصاری شوی كرد بەلاَم بە هۆی نەخۆشیەوە موی سەری ڕوتابۆوە كەسو كارەكەی هاتنە خزمەتی خۆشەویستی خوا ووتیان: ئەی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) ئێمە حەز دەكەین قژی تر بۆ كچەكەمان دابنێینەوە، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرمووی: (لعن الله الواصله و المستو صله)[٣٥] نەفرەتی خوا لەو ئافرەتانەبێ كە مو بەسەری خۆیانەوە دەنێن و لەوانەش كە ئەو كارەیان بۆ دەكەن. بۆچی چونكە بەڕاستی ئەمە جۆرێكە لەغەش كردن و هەڵخەڵەتاندن، غەشیش بە هەموو جۆرەكانیەوە حەرامە پێغەمبەری ئیسلام فەرموویەتی (من غشنا فلیس منا)) ئەوەی غەش بكا لە هەرشتێكابێ و خەڵكی فریوبدا لە ئومەتی من نیە واتە لە بازنەی ئیسلام دەچێتە دەرەوە، بەلاَم ئەگەر ئافرەتەكە بە هۆی خوریییەكەوە یان دەزوو ئەو جۆرە شتانە مووەكەیان گەیاند بەیەكەوە ئەوە بەر ئەو نەفرینە ناكەوێ هەروەك سەعیدی كوڕی خوبەیر "ڕەزای خوای لەسەربێت"

---

[٣٥] هەموو ئەو فەرموودانە بخاری لە كتێبی (اللباس)دا دەیگێڕێتەوە لە صحیحەكەیدا.

فەرمویەتی (لابأسَ بالتوصیل) [٣٦] هیچ شتێکی تیانیە ئەگەر ئافرەت قژی خۆی بەهۆی دەرزی ئاوریشمی و خوری و ئەو شتانەوە بەیەکەوە گەیاند. هەورەوەها إیمامی (أحمد) یش "ڕەزای خوا لەسەر خۆیو إمامی هەر چوار مەزهەبەکەبێ" ڕای وایە لە سەر دروستی ئەو حاڵەتە. بەڵام غەیری ئەوانە حەرامە هەروەکو ئەوەی کە (مسلم بخاری) ڕیوایەتیان کردووە کە (معاویە) (ڕەزای خوای لە سەربێت) هاتە شاری مەدینەو وتارێکی بۆ خەڵکەکەی خوێندەوە، تۆپەڵ قژێکی دەر هێناو فەرمووی ڕاتان چیە بەرامبەر خێزانەکانتان کە ئەم جۆرە قژە لە سەر دەکەن. وەڵاهی بەم گوێیانەی خۆم گوێم لە خۆشەویستی خوا بورە کە دەیفەرموو (ما من إمرأه تجمل فی راسها شعراً غیر إلا کان زوراً) ئەو قژە دەست کردەی کە ئافرەتان لە سەری دەکەن ساختەیەو فرو فێڵەو دروست نیە. ئەنجا دەفەرمویٚ ولامی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) فەرمووی (إنما أهلکت بنو إسرائیل حین إتخذ هذهِ نساؤهم) فەرمووی خوای پەروەردگار جولەکەی بەنی ئیسرائیلی یەکانی بەهۆی ئەم کارەوە لەناو برد.

سێیەم: حەرامە ئافرەتی موسڵمان موی برۆکانی بکاتو هەندێکی لاببات و باریکی بکاتەوە جابەهۆی داو دەرمان بێت یان موو هەڵکێش بێت پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) نەفرەتی

[٣٦] لە فتح الباری، فەرموویەتی ابوداود بەسەنەدێکی صحیح اخراجی کردووە .

لەو ئافرەتانە کردووە کەمووی برۆکانی هەڵ دەگریٚ جابەهەڵ کیٚشان بیٚت یان بەتاشین و داو دەرمان بیٚت. إبن مسعود صحابەی بەڕیٚزی خۆشەویستی خوا دەفەرمویٚ پیٚغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی ((لَعَن (صلي الله عليه وسلم) النامصة و المتنمصة))[37] نەفرەتی خوا لەو ئافرەتانە بیٚت کە مووی برۆکانیان هەڵ دەگریٚ بۆ مەبەستی جوانی لەو ئافرەتانەش بیٚت کەمووی برۆکانیان بۆ هەڵ دەگریٚت. إبن کپیر لە تەفسیرەکەی خۆیدا لە (٣٥٢/٢) دا چاپی (دار الاندلس) لە بارەی برۆ باریك کردنەوە دەفەرمویٚ بە داخەوە زۆربەی ئافرەتان ئەمڕۆ توشی بەلاّی برۆ باریك کردن‌و دەم‌و چاو هەڵگرتن بوون‌و بەداخەوە بۆتە پیٚداویستیەکی ڕۆژانەیان‌و بە هیچ شیٚوەیك ناتوانن دەست بەرداری بن، هەروەها دە فەرمویٚ: ناتوانیٚ ئافرەت لە سەر ڕەزامەندی میٚردەکەشی برۆکانی باریك بکاتەوە ئە گەر فەرمانیشی بە ژنەکەی کرد لەو کاتەدا نابیٚ ئافرەتە کە گویٚڕایەڵی میٚردەکەی بکات چونکە ئەمە سەرپیٚچی خوای تیٚدایەو نابیٚت بە قسەی مەخلو قی خوا سەر پیٚچی خالقەکە بکریٚ کە(الله)یە. بەلاّم هەندیٚ لە زانایانی حەنابیلە "ڕەحمەتی خوایان لیٚ بیٚت " دە فەرموون: ئەگەر میٚرد پیٚ خۆش بیٚت

[37] حەلاٚڵ‌و حرام لە ئیسلامدا ل٩٠ .

ژنەکەی بڕۆی باریك بێت ژنەکەشی تەنها مەبەستی ڕەزامەندی مێردەکەی بێت لەو حاڵە تەدا دەتوانێت بڕۆکانی باریك بکاتەوەو موی دەموو چاوی لابەرێتو ئارایشت بکات بەلاّم بە داخەوە زۆربەی زۆری ئەو ئافرەتانەی کە ئەمڕۆ بڕۆیان باریك دەکەنەوە شویان نەکردوە بۆ دەرەوە دەیکەن ئەوەش حەرامە چونکە مەبەستیان ڕەزامەندی مێردەکانیان نیە بێجگە لەوەش لەڕووی زانستیەوە بڕۆ باریك کردنەوە و دەمو چاو هەڵ گرتن زەرەری هەیە لە سەر تەندروستی مرۆڤ . (تەبەری) لە خێزانەکەی (أبی إسحاق) دەیگێڕێتەوە دە فەرموێت ئافرەتێك چووە خزمەتی دایکی ئیمانداران حەزرەتی عائیشە (ڕەزای خوای لە سەر عائیشەو هەموو خێزانە بەڕێزەکانی پێغەمبەری خوا بێت) وتی ئەی دایکی ئیمانداران من ئافرەتێکم تازە شوم کردووە دەم و چاوم موی زیادەی پێوەیەو مێردەکەشم حەز ناکات موی پێوە بێت ئایا ئەتوانم لای بەرم فەرموی بەڵێ هەتا دەتوانی ئەوەی ئازاری بۆت هەیە ئەتوانیت لای بەریتو خۆت بۆ مێردەکەت جوان بکەیت کەواتە حەدیسەکەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) کە نەفرینی لەو ئافرەتانە کردووە کە بڕۆیان باریك دەکەنەوەو موی دەم و چاویان هەڵ دەگرن بۆ دەرەوەیە بۆ ئەوەی خەڵك سەیری بکات وە بۆ مەبەستی مێردەکەی نیە. کە نەفرینی لەو ئافرەتانە کردووە کە بڕۆیان باریك دەکەنەوەو موی دەم و چاویان هەڵ دەگرن بۆ دەرەوەیە بۆ ئەوەی خەڵك سەیری

بكات وه بۆ مه‌به‌ستی مێرده‌كه‌ی نیه. إنشاء الله ئه‌و ئافره‌تانه‌ی كـه بـۆ ره‌زامـه‌نی مێرده‌كانیـان ده‌ی كـه‌ن بـه‌ر ئـه‌و نه‌فرینـه‌ی خۆشه‌ویست ناكه‌ون(والله أعلم) .

چواره‌م: حه‌رامه ئافره‌تی موسڵمان خاڵ له سه‌ر جه‌سته‌ی خـۆی بكـوتیْ پێغه‌مبـه‌ری سـه‌روه‌ر (صـلی الله علیـه وسـلم) نـه‌فره‌تی كردووه له‌و ئافره‌تانه‌ش كه خـاڵ ده‌كوتن و ئه‌وانـه‌ش كـه بۆ یـان ده‌كوتن، شوێنی كوتانه‌كه‌ش به‌لای ئیمـامی شـافعیه‌وه ده‌بێـت لا ببرێت ئه‌گه‌ر مه‌ترسی گه‌وره‌ی به‌دوایا نه‌ده‌هات. وه‌ك و له ده‌ست دانـی ئه‌نـدامی لاشـه‌ی یـان پـه‌ڵـه و نیـشانه‌یه‌كی ناشـرین كـه بكه‌وێتـه لاشـه‌یه‌وه ئـه‌و كاتـه واجـب نیـه خاڵه‌كـه لاببـات لـه فه‌رمووده‌ی "صـحیح"ی إبن مسعود هاوه‌ڵـیْ خۆشه‌ویـستی خـوا ده فه‌رمویْ (لَعَن "صلي الله عليه وسلم" الواشمة والمستوشمة) ده فـه‌رمویْ پێغه‌مبـه‌ری أكرم (صـلی الله علیـه وسـلم) نـه فره‌تـی كردووه له‌و ئافره‌تانه‌ی كه خاڵ له سه‌ر لاشـه‌ی خۆیـان ده‌كوتن و له‌وانـه‌ش كـه خاڵیـان بـۆ ده‌كـوتن. لـه زه‌مـانی جاهیلیـه‌تی پـێش ئیسلام دا عه‌ره‌به‌كان زۆربه‌ی لاشـه‌یان بـه خـاڵ نـه‌خش كـردووه ته‌نانه‌ت وێنه‌ی خواوه‌ندو شاعیرو زاناكانیان له‌سـه‌ر لاشـه‌یان بـه خـاڵ كێـشاوه هـه‌روه‌ك چـۆن ده‌بیـنن وێنـه‌ی خاچـو مه‌سـیحیان له‌سـه‌ر لاشـه‌یان ده‌كێـشن وه سـه‌ره‌ڕای ئـه‌و كه‌سـانه ئـازارێكی زۆریـان پێـده‌گات بـه داخـه‌وه لـه سـه‌ر ده‌مـی كرانـه‌وه‌ی دونیـای عه‌وله‌مـه‌دا ئـه‌م نه‌ریتـه جـاهیلی و نه‌فامیانـه زینـدوو بونه‌تـه‌وه و

زۆر جارێش تە لە فیزیۆن و ڕۆژنامەو گۆڤار سەتەلایتەکان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە ناوی پێشکەوتنەوە بازاڕی ئەم جۆرە نەریتە نەفامیانە ڕەواج پێدەدەن.

پێنجەم:حەرامە ئافرەتی موسڵمان دانەکانی شاش و واش بکات بۆ جوانی بەواتایەکی تر جیهازو ئامێری پێشکەوتوی لێبدات و لەم لاو لایان بگرێت تاوەك و بۆشاییەکی کەمیان دەکەوێتە بەینەوە ئەوەش بۆ دوو مەبەست یان بۆ جوانی یان بۆ ئەوەی بڵێن گەنجە، ئەمەش دروست نیە چونکە فریودان و خەڵەتاندنی تێدایە هەرکارێکیش فریودان و خەڵەتاندنی تێدابێت حەرامە هەروەك و لە فەرمودەی إبن مسعود دا هاتووە کە بۆمان دە گێڕێتەوەو دەفەرموێ پێغەمبەری خوا (صلی الله علیە وسلم) فەرمویەتی (لعن الله النامصات و المتنامصات و المنفلجات للحسن و المتغیرات للحسن) واتە: نەفرەتی خوا لەو ئافرەتانەی کە دانیان شاش و واش دەکەن تەنهاش بەمەبەستی جوانی، وە ئەو کەسانەش کە ئەو کارەیان بۆ دەکەن هەروەك خوای پەروەرد گاریش لە سورەتی (حەشر) ئایەتی (٧) دا دەفەرموێ (وَمَا آتَاكُمْ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ) ئەوەی پێغەمبەری خوا بۆی هێناون وەری گرن و جێبە جێی کەن دوریش کەونەوە لەوەی قەدەغەی کردوە لێتان هە رکە سێکیش گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەری نەکات خوا سزای توندی دەدات.کەواتە بە فەرمودەی خۆشەویستی خوا حەرامە

ئـافرەت دانـەکانی شـاش و واش بکـات بـۆ جـوانی تـەنها ئـەو ئافرەتانـە نـەبێت کـە بەشێوەیەکی سروشـتی دانـەکانیان خـوارو خێچ بۆ ناوەوە یان بۆ دەرەوە دەر پەڕیوە و پێویستیان بە کاری نەشتەرگەری هەیە بۆ ڕاست کردنـەوەیان یـان کلـۆر بـوون و پێویستیان بە پڕکردنـەوە هەیـە هـیچ مە بەستێکی جوانی و پۆز پێوە لێدانیان نیە ئەوە دروستە بەڵام ئەحمەد کاکە محمود لە کتێبەکەی خۆیدا بەناوی (ژنان و کارو باری ژنان لە ئیسلام دا) دە فەرمویٚ لە بەر ئەوەی دینی ئیسلام گرنگی تەواوی داوە بە مرۆڤ و مە سەلەی خۆ جوان کردن لە بەر ئەوە حەڵاڵە بۆ ژن و پیاو کە نەشتەرگەری جوان کاری بکا بە بەڵگەی ئەوەی لە کاتی ڕو داوێك دا (عرفە جەی کوڕی سەعد) لـوتی بڕ بـوو پێغەمبـەر (صـلی اللە علیـە وسـلم) فـەرمانی پێکـرد بـچێت لـە ئـاڵتون لـوتی دروست بکاتەوە ، ئیمامی (ختابیش) لە تەفسیری ئەم فەرمودەیـەدا دەفەرموێ: ژن و پیاو ئەتوانێت ئەندا زەیەکی کەم لە زێڕ بەکار بێنێ بۆ ئەو جۆرە شتانە هەروەها لە کتێبی (المجموع) [38] دا هاتوە کە دەڵێت (یجوز لن ذهب أنفه او سنه او نملته أن یتخذ مکانها ذهباً سواءاً أمكَنَهُ فضة و غيرهـا أم لا) دە فـەرموێ: دروسـتە مرۆڤ دەسکاری دەم و چاو و لوت و گوێ و هەر ئەندامێکی تری لاشـەی بکات و حەڵاڵە لە شەریعەتی پیرۆزی ئیسلامدا بە (تغير خلق اللە) دانانرێت.

---

[38] ژنان و کاروباری ژنان لە ئیسلامدا احمد کاکە محمود چاپی یەکەم ل.٢٦١

شەشەم: یەکێك لەو شتانەی کە ئەمڕۆ بۆتە عادەتو زۆربەی ئافرەتی موسڵمان دەیکات ئەوەیە کە ئافرەت دەستو پەنجەو کوڵم و چاو و لێوەکانی بۆ یە دەکات لەم بارەیەشەوە زانایانی ئیسلام دە فەرموون حەرامە ئافرەتی موسڵمان پێڵوی چاوی سەرو ژێری، کوڵمو لێوە کانی ئارایشت بدات بەڵام هەندێکی تر لە زانایان دەفەرموون دروستە ئافرەتێك کە مێردی خۆی هەبێت خۆی بۆ ئارایشت بدات مەبەستیش لەو کارەی تەنها خۆ جوان کردن بێت بۆ مێردەکەی، چونکە خۆشەویستی زیاد دەکات. بەڵام ئەو ئافرەتانەی کە ئەمڕۆ وەك عادەت دەیکەن شوویان نەکردووە یان بۆ دەرەوە دەیکەن دروست نیەو حەرامە بەڵام بۆ یەکردنی نینۆکە کان دروستە بۆ ئافرەتی مێرد دار کە ئیمامی نەوەوی لە(المجمع)دا لە لاپەڕە (٣٢٤) بەرگی (١)دا باسی ئەو فەرمودەیە دە کات کەحەزرەتی ابو هریرەی هاوەڵی پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) دەی گێڕێتەوەو دە فەرموێ یەکێك لەخێزانە بەڕێزە کانی پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) فەرمووی من حەزم لەبۆیە کردنی پەنجەی دەستو قاچەکانم نیە چونکە خۆشەویستەکەم کە پێغەمبەری خوایە(صلی الله علیە وسلم) ڕقی لە بۆنەکەی دە بێتەوە بەڵام ئەی خوشکی بەڕێزم بۆ پەنجەی دەستو قاچت لەخەنە ناگریت کەحەزرەتی عائیشەی دایکی ئیمانداران دەفەرموێ: ڕۆژێکیان ئافرەتێك هات بۆ ماڵمانو باسی حاڵ و گوزەرانی خۆی کرد و لەبارەی خۆیەوە نامەیەکی

پیٚ بوو دەستی درێژکرد نامەکە بدات بەپێغەمبەری خوا (صلی الله علیە وسلم) کێشەکەی بۆ چارە سەرکات خۆشەویست دەستی درێژکرد نامەکەی لێوەرگرێت فەرموی: (ما أدری أید رجل أم ید إمرأة) ئەی عائیشە ئەریٚ ئەوە دەستی پیاو بوو یان ئافرەت فەرمووی: هی ئافرەت بوو فەرمووی: (لو کنت إمرأة لغیرتە (ظافرك) فەرمووی: ئەگەر ئافرەتی چاك بوایە دەبوو پەنجەکانی خەنەی پێوە بوایە. خۆشەویستان بۆ یەی نینۆکە کان دەبێت بۆیەو دەرمانێك نەبێت کە چەوربێت توێژاڵێك لە سەر نینۆکە کان دروست بکات یان لە سەر پێستەکەی دروست بکات چونکە ئەو کاتە نایەڵێت ئاو بگاتە ژێر نینۆکە کە یان ژێر پێستەکەو پاك نابێتەوە بەڕاستی ئەم جۆرە بۆیانە نەك بۆ ئافرەت بۆ پیاویش حەرامە.

حەوتەم: هەروەها حەلاڵ نیە بۆ ئافرەتی موسڵمان قژی سەری بۆ یە بکات بەلاٚم ئەگەر پیر بوو بوو چوبووە تەمەنەوە دروستە بە مەرجێك بەڕەنگی ڕەش بۆیەی نەکات. حەزرەتی ئەبوو بەکری صدیق (ڕەزای خوای لە سەر بێت) باوکی ناوی (ئەبی قەفاحە) بوو لە فەتحی مەکدا هێنایە خزمەتی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیە وسلم) کە خۆشەویستی خوای بینی هەموو موەکانی سەری سپی بووە،فەرمووی ئەم ڕەنگە بگۆڕن بەو مەرجەی ڕەنگی ڕەش نەبێت، لەمەوە زانایان (ڕەحەتی خوایان لەسەربێت) دەفەرموون حەرامە ئینسانی پیر موی سەرو ڕیش و سمێڵی ڕەش بکاتەوە

(الزهری) دەفەرموێ ئەو کاتەی کە ئێمە گەنج بووین سەرو ریش‌و سمێلیان ڕەش دەکردەوە، کاتێکیش دە چوینە تەمەنەوە وازمان لێدەهێنا هەندێك لە صحابەکانیش (ڕەزای خوایان لە سەربێت) ڕێگایان داوە بە ڕەش کردنەوەی قژی سەر و ریش و سمێڵ بەڕەنگی ڕەش وەك (سعدی قوری وەقاس، عقیەی کوڕی عامر، حەسەن‌و حسێن ی کوڕیی ئیمامی علی و کچەزای پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) هەروەها بوخاری لە ئەبو هریرەی هاوەڵی پێغەمبەری خوا دەی گێڕێتەوە دەفەرموێ پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) فەرمویەتی (إن الیهود و النصاری لایصبغون فخالفوهُم) جولەکەو گاورەکان سەرو ریشیان بۆیە ناکەنەوە ئێوە بە پێچەوانەی ئەوانەوە ڕەشی بکەنەوە بۆ یە(حەزرەتی ئەبوبکر و عمر و هەندێکی تر لەصحابەکان ئەم کارەیان کردووە.

بەلاّم هەندێکی تر لەزانایان فەرمویانە: دروست نیە موسڵمان سەرو ریش و سمێڵی ڕەش بکاتەوە تەنها لە حاڵەتی جەنگ و تێکۆشان دا نەبێت بەمەبەستی ترساندنی دوژمن تاوەکو بڵێن سەربازەکانی ئیسلام هەمویان گەنج‌و لاون. هەروەك‌و ئەو فەرمودەیەی (ابو پور) دەی گێڕێتەوەو دەفەرموێت پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) فەرمویەتی (إنَّ أحسَنَ ما غَیرتُم بهِ الشَّسبُ الحناءُ الکَتم) چاکترین شتێ کەڕەنگی سپی پێ بگۆڕن ڕەنگی خەنە و کەتەمە، هەرچەندە خەنە ڕەنگی سورە بەلاّم

(کەتەم) ڕووەکێکە لە وڵاتی یەمەن دەڕوێ و ڕەنگی ڕەش دەر دەکاتو زیاتر بەلای مۆردا دەڕوانێت. هەروەها (شێخ صالح الفوزان) لەم بارەیەوە دەفەرموێ دروست نیە موسڵمان موی سەرو ڕیشی ڕەش بکاتەوە چونکە ڕەنگی ڕەش زینەت و جوانی تێدایەو دەرونی مرۆڤیش حەزی پێدەکات.

هەشتەم: دروستە ئافرەتی موسڵمان لەسنوری خۆی دا جلو بەرگی جوانو خاوێن لەبەرکات، خوای پەروەرد گار لە ئایەتی سی و دووی سورەتی أعراف دا دەفەرموێ: (قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللَّهِ الَّتِي أَخْرَجَ لِعِبَادِهِ وَالطَّيِّبَاتِ مِنْ الرِّزْقِ) ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بە ئومەتەکەت ڕابگەینە کە هیچ کەسێ بۆی نیە ڕێ لە پاکو خاوێنی و خۆ جوان کردنی موسڵمانان بگرێ، ئەوەندەی ئاینی ئیسلام گرنگی بە پاکو خاوێنی و خۆ جوانکردن داوە هیچ بەرنامەو پرۆگرامێکی سەر ئەم زەوی یە گرنگی پێ نەداوە، زۆربەی زانایانی ئیسلام دەفەرموون: دروستە ئافرەتی موسڵمان زێڕو زیوو خشڵ بەکار بێنێ، بەتایبەت ئافرەتی مێردار بەو مەرجەی ئەو زێڕو زیوو خۆ جوان کردنەی بۆ پیاوانی نامەحرەم نەبێت، چونکە حەرامە پیاوی موسڵمان گوێی لەدەنگی خشڵو خڕخاڵو زێڕو زیوو دوگمەو دۆڵابو گۆبەرۆکو ئەوانەبێ، تەنانەت ئەو ئافرەتانەی لە ژێر عەباو شتی وا شەوە لەبەری دەکات دەبێت زۆر هەوڵ بدات

دەنــگی خرینــەی لێــوە نایــەت. خۆشەویــستان ئافرەتــان بــە شێوەیەکی سروشتی حەزیان لە خشڵو زێڕو زیوە لەو بارەشەوە خــوای پــەروەردگار لــە ئایــەتی حەڤــدەی ســورەتی زخــرف دا دەفەرموێ (أَوَمَنْ يُنَشَّأُ فِي الْحِلْيَةِ وَهُوَ فِي الْخِصَامِ غَيْرُ مُبِينٍ) دەفەرموێ دروستە زێڕو زیو ئاوریشم بۆ ئافرەتان بەڵام حەرامە بۆ پیاوان، پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێ (حرّم لباس الحریر و الزهب علی ذکور اُمتی وَاُحِلَ لاَ ناثهم) حەرامە پیاوی موسڵمان جلو بەرگی ئاوریشم لەبەر کات، ئەم فەرمودەیە ئیمـامی ترمـژی گێڕاویەتـەوە. ئەگـەر بەوردی و واقعـی سـەیری پێکهاتـەی ئـافرەت بکـەین دەبیـنین ئـافرەت بـە سروشـتی خـۆی حـەزی لـەزێڕو زیـوو خۆجوان کردنـە، ئیتر هـەر پلـەو پایەیـەکی سیاسـی و کۆمەڵایـەتی ڕۆشـنبیری هـەبێت، تەنانـەت جیـاوازی شـوێنو جوگرافیـاش ئـەو حـەزەیان نـاگۆڕێ بـۆ یـە دەبینـی ئافرەتێـك دکتـۆرا یـان فـوقی دکتـۆرای هـەبێ لەگـەڵ ئـافرەتێکی نەخوێنـدەوارا وەكو یـەك حـەزیان لـەزێڕو زیـو خۆڕازاندنەوەیـە بەمەبەستی ئەوەی شیرن بن لای پیـاوان. کەواتـە ئـەو ئافرەتانـەی کە خۆیان ڕووت دەکەنەوە ئەوەیە خۆیـان لـە دڵـی پیاوان دا جێ بکەنەوە.

ب- لەڕووی تەندروستی یەوە :-

دیارە شتێکی بەڵگە نەویست و حاشا هەڵ نەگرە ، کە ئافرەتی ئیماندار حیجابی شەرعی دەپۆشێت ، لەترسی نەخۆشی یە کوشندە کان نیە بەڵکو تەنها لە ترسی خوایەو دەبێ فەرمانی خوای گەورە جێ بەجێ بکات ، کە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا ئەمری بە ئافرەتان کردووە کە پۆشاکی شەرم و حەیا لەبەربکات و جوانی و ڕازاوەیی خۆی بۆ پیاوانی نامەحرەم دەرنەخات ، تەنها هاوسەری حەڵاڵی خۆی نەبێت ، ئەوجا مەبەستی دووەمیش لەوەی کە ئافرەتی ئیماندار پۆشاکی شەرعی لەبەردەکات بۆ خۆپاریزی یە لە نەخۆشی ، کەواتە لێرەوە خوێنەرانی بەڕێز و خۆشەویستم بە پشتیوانی خوای پەروەردگار ئێستا باسی زیانەکانی ڕووتی و قوتی دەخەینە بەر دەستی ئێوەی بەڕێز بەئومێدی ئەوەی هەموولایەك بە تایبەتی خوشکان و دایکانی ئازیز سودی لێوەرگرن .

یەکەم : زیانەکانی ڕووتی و قوتی (سفوری) :-

گۆڤاری (B,M,J) کەگۆڤارێکی بەناوبانگی جیهانیە ژمارە یەکی ئەم گۆڤارە لەبەرواری ١٩٧٢/١/١٥ دا دەرچووە لەلاپەڕە (١٢٠) دا دەڵێت: نەخۆشی شێرپەنجە (المیلانو الخبیثة) (Malignat melanoma) زۆر بەڕاشکاوی دەڵێت : لە ڕابردوودا ئەم نەخۆشی سرگانە زۆر کەم بووە بەڵام ئێستا بەپێ ی ئامارە پزیشکی یەکان لە پەرەسەندنی بەردەوام دایە، ئەمەش بەزۆری توشی ئەو ئافرەتانە

دەبێت کە قاچ و قولیان ڕووتەو بەدرێژای ساڵ گەرماو سەرماو تیشکی خۆر لیٚ ی دەدات. جا خوێنەری بەڕێز بە وردی سەیرکە ئەم گۆڤارەکە باسی ساڵەکانی حەفتاو هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەکات . ئەی ئەبیٚ ئەمڕۆ ئامارە پزیشکی یەکان بڵێن چی کە ئەمڕۆ بەهۆی کرانەوەی زیاتری دونیا بەڕوی یەکتری دا بەهۆی سیستەمی عەولەمەوە کە دونیا وەك و گوندێکی بچوکی لێهاتووە ئافرەتان بەهۆی فلیم و کەناڵەکانی سەتەلایتەوە زیاتر ستریج و کۆڵۆن و گۆرەوی درێژ لەپیٚ دەکەن، لەوانەشە زۆربەی خوشکان ئەو پرسیارە بکەن و بڵێن ئەمڕۆ ئافرەتان پانتۆڵی کابۆمینی جۆبی تەسك و سیٚ چارەك لەپیٚ دەکەن لەوڵامی ئەو پرسیارەشدا دەڵێین: الحمدالله ئەمڕۆ زانستی پزیشکی ئەو ڕاستی یە زانستی یەشی سەلماندووە کە جلی تەنگ و تەسك کاریگەری زۆری هەیە لەسر توشبونی ئافرەت بەنەخۆشی یە جۆراو جۆرەکان .

دووەم: زیانەکانی ئارایشت لەسەر پێست:

دکتۆرە (وهبة احمد حسن) مامۆستای کۆلیٚجی پزیشکی یە لەزانکۆی ئەسکەندەریەی مصر ئەڵێت: ئارایشتەکانی ئافرەت وەك و سوراو سپیاو کاریگەری زۆر خراپیان لەسەر پێستی ئافرەت هەیە چونکە ئەو مادانەی کە ئارایشتەکانی لێدروست دەکرێت پێکهاتووە :-

١- لەماددەی کانزای قورس وەك قورقوشم و جیوە

٢- پێکهاتووە لە مادە چەوری یەکانی وەك و زەیت .

٣- پێکهاتووه له بەرووبوومه پەترۆلی یەکان.

به پێی ڕێنمایی یه زانستی یەکانیش ئەمانه هەمووی زیان به پێستی ئافرەت دەگەیەنێت، چونکه کاتی که ئافرەت ئارایشت دەکات پێست له ڕێگەی کونیلەکانەوه ،ەمووئەو مادە زیان بەخشانە هەڵ دەمژێت و دواجار دەبێتە هۆی هەوکردنی لەش و توشبون بەنەخۆشی یە هەستەوەریەکان . به واتایەکی تر ئافرەتەکە توشی حەساسیەت دەبێت ، ئەمەش ڕاستی یەکی زانستی یه ئەبێت خوشکان و دایکان لێی ئاگاداربن. ئەگەر وازنەهێنن و بەردەوام بن لەسەری کاریگەری زۆر خراپی بۆسەریەشەکانی خوێن و گورچیلەکان دەبێت .

هەروەها دکتۆر (حسن الحنفاوی) که یەکێکه لەو دکتۆره بەناوبانگەکانی پێست له جیهان دا دەڵێت: نەخۆشی یەکانی پەڵەی پێست به زۆری لەناو ئەو ئافرەتانەدا بڵاو دەبێتەوه که زیاده ڕەوی دەکەن له بەکارهێنانی جۆرەکانی ئارایشت وەك و کرێم و مەرهەم و قەڵەمی لێو و نینۆك و عەترەکان، هەروەها دکتۆر (یعقوب سلیمان) ئەویش یەکێکه لەدکتۆره بەناوبانگەکانی پێست لەشاری موصڵ دەڵێت: توێژینەوه پزیشکی یەکان له سەرتاسەری جیهان ئەو ڕاستیەیان سەلماندووه که زۆربەی نەخۆشی یەکانی پێست لەناو ئافرەتاندا له ئەنجامی بەکارهێنانی دەرمانەکانی ئارایشتەوەیه چونکه ئەو بەرهەمانه چەندین جۆری مادەیی کیمایی جیاوازی تێدایه که

پێستی لەش دەسوتێنێتەوە و هەندێ جار کەسەکە توشی نەخۆشی بیرۆ دەکات ، باوەڕتان هەبێت من بۆخۆم پیاوێك دەناسم کە لەساڵی (٢٠٠٠ – ٢٠٠٢) خەنەی هیندی بۆ ڕەشکردنەوەی موی سمێڵی بەکاری دەهێنا بەڵام لەدوای ئەوەی چەند جارێك بەکاری هێنا، پێستی توشی حەساسیەت بوو ئێستاشی لەگەڵدا بێت، پێستی توشی بیرۆ بووە و چەند جار سەردانی دکتۆری پسپۆڕی پێستی لە شاری سلێمانی کردووە چارەسەری نەبووە و پێیان وتووە توشی بیرۆ بووی، ئەمەی کە باسم کرد پیاوە ئەی ئەبێ حاڵی ئەو ئافرەتانە چۆن بێت کە بەردەوام ڕۆژانە بۆ بازاڕ بۆ دائیرە بۆ سەردان ئارایشت و سوراو سپیاو دەکاو مەڵهەم و کرێم بەکاردەهێنێ پسپۆڕە بەناوبانگە جیهانیەکانی پێست لە زانکۆی (کالیفۆڕنیا) لە سان فرانیسکۆی ئەمریکا ئەوەیان ڕوون کردۆتەوە کە بەکارهێنانی ئارایشت و کرێم و بەرهەمەکانی تری خۆ جوان کردن لەکاتی پیر بوون دا دەبێتە هۆی زوو پیر بوون و دەرکەوتنی چرچ و لۆچی پێست .

ج- لە ڕووی ئابوری یەوە :-

بێ گومان لەوڵاتە دواکەوتوەکاندا ئافرەتان زیاتر بایەخ بە جل و بەرگ و خۆ ڕازاندنەوە دەدەن لە چاو ئافرەتان لەوڵاتە پێش کەوتووەکاندا، بەداخەوە ئامارێکی ڕاست و دروستم لەبەر دەستدا نیە بزانم ژمارەی ئارایشتگاو سەنتەرەکانی لەش جوانی

و خۆڕازاندنەوە چەندە لە وولاتانی ئیسلا می دا ، بەلاَم بۆ نموونە تەنها لە شاری سلێمانی دا سالَی (٢٠٠٢) چوارسەد و پەنجا صالۆن بەڕەسمی إجازەیان لەلایەن حکومەتەوە پێدراوە ، هەروەها لە سالَی (٢٠٠٩) هەشت سەدو پەنجا صالۆن إیجازەیان پێ بەخشراوە، ئەمە بێجگە لەو هەموو سەنتەرانەش کە خەریکی عەمەلیاتی جوانکاری لەش و لارو لچ و لێوو دەم و ددانەکانن،گۆشت لەلەشی دەگرن و لێوی بۆ ئەستور دەکەن و سنگی بۆ گەورە دەکەن و چاوی عەدەسەی جوانی بۆ دادەنێن چاوی بۆ ڕەش دەکەن و بۆی شین دەکەن واتە: حەزی لە چ ڕەنگێکە ئەو جۆرە عەدەسەی بۆ دادەنێن . بەڕاستی ئەگەر بەدیدێکی ئابوریانەوە سەیری ئەم مەسەلەیە بکەین ، ئەم هەموو پارەیە کە لەم شتانەدا سەرف دەکرێت بۆخۆی بۆجەیەکی زەبەلاحە ، وەلاهی ئەگەر نیوەی ئەم پارەیە بەشێوەیەکی خێرخوازی کۆبکرێتەوە دەیان قوتابخانە و نەخۆشخانەی پێ دەکرێتەوە، یان دەیان سەنتەری زانستی و پزیشکی پێ دەکرێتەوە، بەو هۆیەشەوە دەتوانرێت دەیان نەخۆشی هەژاری پێ چارە سەربکرێت کە شەوانە لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە دەیان بینین .!. بەلاَم بەداخەوە ئەوەندەی صالۆن و سەنتەری خۆ جوان کردن و ئارایشتگامان هەیە ، نیو ئەوەندە سەنتەری زانستی و بەردی گورچیلەو قەستەری دلَمان نیە ،من نالَێم با ئافرەت گرنگی بەلایەنی خۆ جوانکردن و ڕازاندنەوەی خۆی نەدا ؟ نەخێر بەلاَم من

لێرەدا مەبەستم ئەوەیە ئەوەندەی ئافرەتی شەرقی و وولاتانی ئیسلامی پارەو پوڵی خۆیان بۆ ئارایشت و سوراو سپیاو ماکیاژ بەکاردەهێنن ، بەنیوەی ئەو پارەیە دەیان و سەدان پرۆژەی ئابوری لەم ولاتانە دا پێ بەرهەم دەهێنرێت ، یعنی هەروای لێهاتووە ئافرەت بەناوی مۆدێلاتەوە ئەبێ سوراوپێلاو قاتەکەشی یەك رەنگ بێ بە واتایەکی تر کاتێ ئافرەتێك دەچێت بۆ بازاڕ سوراوێ بکرێت بە ناچاری ئەبێ پێلاوێکیشی بۆ بکڕێ دواتر چاکەت و کراسێکیشی بۆ بکڕێ چونکە مۆدێلەکەی وایە ئەبێ هەمووی لەیەك رەنگ بێت ، بۆیە هەندێ لەو خوشکە بەرێزانەی لە دائیرەکانا مامۆستایە یان موظفە لەگەڵ حورمەتم بۆ ئەو پیشانە کەهەمووی پیشەی پیرۆزن بەلام بەداخەوە موچەکەی هەربەشی ئارایشتەکانی ناکات ، خوشکی واهەیە معاشەکەی چوارسەد هەزارە بەلام مانگانە پێویستی بە پێنج سەد هەزار دینارە بۆ پێویستی یەکانی سوراو سپیاو و عطر و عطور، بۆ نمونە رۆژێك گۆڤاری کەپرم خوێندەوە لە لاپەڕە (١٣) دا باسی بابەتێك دەکات بەناوی ئارایشتگای ژنان و وەرگرتنی پارەی خەیاڵی !!!. ئەڵێت زۆرجار خاوەن ئارایشتگاکان لەیەك بۆیەکردنی نینۆك و مێش کردن و ماکیاژدا پارەیەکی خەیاڵی وەردە گرن ، جاری واهەیە لە جوانکاری بوکێك دا (٤٠٠) دۆلاری ئەمریکی وەردەگرن هەندێ جاریش یەك جار جوانکاری بۆ ئافرەتان بە (١٠٠) هەزار دینار دەکەن واتە ئەگەر خوشکێك مانگی پێنج جار بچێتە ئارایشتاگەیەك مەعاشەکەی لەسەری قەرزار دەبێتەوە ؟!؟

بەشی چوارەم

یەکەم : بۆن خۆشی ئافرەتان(الطيبُ النِّساء)

خۆشەویستان بەکار هێنانی بۆن خۆشی بۆ ئافرەتانی موسڵمان کارێکی شیاو (مستحب)ە، حەزرەتی عائشە دەفەرموێ (كُنتُ أَطيبُ (رسول الله بأَطيب مايجد حتى أَجد و بيص الطيب في شعره و الحيته) [٣٩] پێغەمبەرم بینی (صلى الله عليه وسلم) بە خۆشترین بۆن خۆی بۆن خۆش دەکرد بەشێوەك دەم بینی مووەکانی ڕیشی بریسکەیان دەهات. ئەبو سعیدی خودری " ڕەحمەتی خوای لێ بێت" دەفەرموێت باسی ژنێکیان کرد گوایە ئەنگوستیلەکەی بەمیسك ناوەخن کردووە فەرموی (و هُو أَطيبُ الطيب) فەرمووی با بەکاری بێنێ چونکە میسك لە هەموو بۆنەکان خۆشترە، کەواتە بۆن خۆشی بۆ ئافرەتانیش حەلاڵە بەلاّم بۆنی پیاوان جیاوازە لە بۆنی ئافرەتان ، بۆنی پیاوانیش ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ (طيبُ الرِّجال ماظهَرَ ريحه و خَفي لونهُ) بۆنی هەیەو ڕەنگی نیە وەك و گولاّو هی ئافرەتانیش ئەوەیە (طيبُ النساء ماظهَرَ لونهُ

---

[٣٩] امامى البخارى ئەم حدیثە ی گێڕاوەتەوە

وغفی ریحه) [٤٠] بۆنی نیەو ڕەنگی هەیە وەك زەعفەزان واتە: بۆنەکەی بەس بۆ خۆیەتی و بۆ دەورو بەری بلاو نابێتەوە سەرنجی خەڵك بۆ لای خۆی ڕاناکێشێ ، محمدی شوکانی دەفەرموێ: لەفەرمودەی پێغەمبەردا (صلی الله علیه وسلم) هاتوە ئەو ئافرەتەی کە بەناو کۆڕو کۆمەڵو بازاڕو شوێنە گشتیەکاندا دەڕواتو بۆنی خۆشی ئەچێ بەسەر خەڵکا بە زیناکار دانراوە، بەڵگەشمان ئەم فەرموودەیە کە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرمویەتی ((عن أبی موسی (رضی الله عنه) عن النبی (صلی الله علیه وسلم) قال: کُل عین زانیة، و المراة إذا إستعطرت، فمرت بالمجلس کذا و کذا ، یعنی زانیة......... . رواه ابو داود و الترمذی و قال حدیث حسن صحیح . رواه النسائی و إبن خُذیمه و إبن حبان في صحیحه ، و لفظهم : قال النبی (صلي الله عليه وسلم) أیُما إمرأة إستعطرت، فمرة علی قوم لیجدوا ریحها فهی زانية و کُلُ عین زانیة . رواه الحاکم ایظاً و قال صحیح الأسناد......) هەر ژنێك خۆی بڕازێنێتەوە بۆنی خۆش لە خۆی بدات و پاشان بچێتە ناو بازاڕو شوێنی کۆڕ و کۆبونەوەکان بە مەبەستی ئەوەی سەرنجی خەڵك بۆ لای خۆی ڕاکێشێ پەنا بەخوا ئەو ئافرەتە گوناه بارەو ئەتوانرێت پێی بوترێ زیناکار بەواتای هەموو چاوێ زینا دەکاتو زینای چاویش تەماشاکردنی

[٤٠] رواه النسائی والترمذی عن ابی هریرة قال: الترمذی حدیث حسن احکام النساء لامام احمد.

ئافرەتی نامەحرەمە هەروەها حەزرەتی ئەبو هریرە (ڕەزای خوای لـە سـەربێت) بۆمـان دەگێڕێتـەوە دەفـەرموێ: پێغەمبـەری خـوا (صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی (ابی هریره (رضی الله عنه) و عن موسی بن یسار (رضی الله عنه) قال: مَرَتْ بأَبی هریره إمرَأةٌ و ریحها تعصِفُ، فقال لها: این تریدین یـا أُمـة الجبـار؟ قالـت: إلی المسجد قال: و تَطیَبْتَ؟ قالتْ:نعم قـال: فـارجعی فاغتـسلی فـأنّی سمعتُ رسول الله (صلي الله علیه وسلم) یقولُ : لایقبلُ الله من إمـراة صـلاة خرجـت إلـي المـسجد وریحهـا تعـصف حتـی یرجـع فتغتـسل)[٤١] ئافرەتێـك بـەلای ابـو هریـرە دا تـێ پـەڕی و بـۆن و بەرامەکەی بە سەرو لوتیا هەڵ چوو ئەبو هریرەش بانگی کـردوو فەرمووی دەچیت بۆ مزگەوتیش‌و ئەم هەمو بۆنەت لە خۆت داوە وتی: بەڵێ . فەرمووی: زەحمەت نـەبێ جارێ بچۆ ماڵێ و خۆت بشۆ و ئینجا وەرەوە بۆ مزگەوت چونکە مـن بـەم گوێیانـەی خۆم لـە دەمـی پێغەمبـەرم بیـستوە (صـلی الله علیـه وسـلم) کـە فەرموویـەتی خـوای گـەورە نوێـژی ئـەو ئافرەتـە قبـوڵ ناکـات کەدەچنە مزگەوت‌و بۆنی خۆشیان لـە خۆیـان داوە بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی پیاوان بۆ لای خۆیان. هـەتاوەك‌و ئەو بۆن‌و بەرامە لـە خۆیـان نەکەنـەوە ئەگـەر بـەوردی سـەیری فەرمودەکـەی پێغەمبـەر (صـلی الله علیـه وسـلم) بکـەین دەبینین خۆشەویـست

---

[٤١] رواه ابن خزیمة في صحیحه ورواه ابی داود وابن داود وابن ماجه من طریق عاصم بن عبدالله العمری

وشەی مزگەوتی بەکار هێناوە کە لێرەدا وشەی مزگەوت گشتیەو هەموو شوێنێك دەگرێتەوە کەواتە: پێویستە هەموو ئەو خوشكو دایکە بەڕێزانەی کەشان بەشانی براکانیان ڕولەمزگەوتەکان دەکەن بۆ بەجێ هێنانی دروشمی جومعە و بۆنەو جەژنەکان بە هیچ جۆرێك ئەو بۆنانە لە خۆیان نەدەن کە بۆنو بەرامەکەی دەڕوات.

دووەم: هۆکارەکانی رووتی و قووتیو (سفوری)

خۆشەویستان ڕوتو قوتیو خۆ دانەپۆشین سیمای ژیانی سەرەتای مرۆڤایەتیە هەرکەسێ تۆزێك شارەزایی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەبێت دەزانێ کەیەکەمجار ژیانی مرۆڤ لە سەر ئەم زەویە ڕوت بووە کاتێك کە مرۆڤ ژیانی لە ناو ئەشکەوتو شاخەکان بوە پرووت بوە دوای کە هاتە ناو دەشتەکانو خانو و بینای دروست کرد تۆزێ پێشکەوت ئینجا گەڵاو گوڵی درەختو پێستەو کەوڵی ئاژەڵەکانی هێناو عەورەتی خۆی پێداپۆشی بە واتایەکی تر یەکەمجار کە خەڵك دواکەوتو بوو پرووت بوو دوای کە پێشکەوتو خانو و بینای دروست کرد خۆی داپۆشی کەواتە خۆ داپۆشین نیشانەی پێشکەوتنو شارستانیەتە بۆ یە لەمێژوی زێرینی ئیسلام دا موسڵمانان هەڵگری ئالای پێشکەوتنو شارستانیەت بوون ئەمەش وای کردووە دوژمنانی ئیسلام لە هەموو لایەکەوە بکەونە ڕوخاندنی قەڵای ئیسلام و لە هەمو

لایەکەوە بەدوای کون و کەلەبەرێك دا بگەڕێن و تا دەرگایەك پەنجەرەیەك بدۆزنەوەو خۆیان بکەن بەناو ئەو قەلایەداو لەناوی بەرن لە ڕاستیدا نهێنی ئەم کارەیان دۆزیەوەو زانیان ئەم چونە ژوورەوەیان لەدەرگا دەلاقەی ئافرەتەوە زۆر کاریگەرو ئاسانە بەڵگەشمان بۆ ئەو ڕاستی ئەو قسەیەی (گلاجستۆن)ی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیایە کە لە کۆنفرانسێکی گەورەدا وتی: (هەتاوەك و ئەو قورئانە لەدەستی موسڵماناندا بێت ئەوروپا ناتوانێت بەسەر ولآتانی ئیسلامیدا زاڵبێت و بەرو بوومی خۆیان بۆ خۆیان بخۆن یەکێك لە ئەندامانی کۆنفرانسەکە گاورێك بوو هەستا قورئانێکی دڕی وتی ئێمە بەم شێوەیە دەتوانین قورئان نەهێڵین (گلاجستۆن) وتی: ئەزانی خراپترین ڕێگا کە ئێمە بیگرینە بەر ئەوەیە بە ئاشکرا قورئان بدڕێنین چونکە ڕقی موسڵمانان زیاتر دەکات وتیان ئەی چی بکەین؟ وتی پێویستە نەخشەیەکی ورد و دوور مەودا دابنێین بۆ ئەوەی موسڵمانەکان کار بەو قورئانە نەکەن یەکەم هەنگاویشمان بۆ ئەو کارە دەبێت لەناوبردنی حیجاب و پۆشاکی شەرعی موسڵمانان بێت (گلاجستۆن) درێژەی بە قسەکانی داو وتی : ئێمە ناتوانین دەست بەسەر هەموو بوارە سیاسی و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری و ئابورییەکانی ولآتانی ئیسلامیی دا بگرین هەتاوەکو پۆشاکی شەرعی لەبەری ئافرەتی موسڵمان نەکەینەوە بەڕاستی ئەم پلانە ژەهراویە ی گلادستۆن یەکەم پلان و دوایەمین پلانیش نابێت کە

لە دژی موسڵمانان و ئیسلام داڕێژرابێت. هەروەك و(ئانا مليجان) دەڵێ (هیچ ڕێگایەکی ئاسان ترو کروت تر نیە لەبەردەم ئەوروپادا باشتربێ بۆڕوخاندنی کۆمەڵگەی ئیسلامی لە ڕوت کردنەوەی ئافرەتی موسڵمان هەروەها (مورو بیجەر)کە جولەکەیەکی ئەمریکیە لە کتێبەکەی خۆیدا (العالم العربی الیوم) دەڵێ : نزیك ترین ڕیگا کە ئێمەی جولەکەی جیهان بیگرینە بەر بۆ هەڵوەشاندنەوەی قەڵای ئیسلام ڕوت کردنەوەی ئافرەتی موسڵمانە! دیارە ئەم نەخشە ژەهراویانە مێژویەکی دوورو درێژیان هەیەو لە سەردەمی پێغەمبەرەوە بەردەوامە، لە زەمانی پێغەمبەری خوادا (صلی الله علیه وسلم) ئافرەتێك لە بازاڕی شاری مەدینە ئاڵتون و پێویستی خۆی دەکڕی ئالەو کاتەیا جولەکەیەك پەلاماری دا ویستی جبەکەی لە بەرا داکەنێ و ڕووتی بکاتەوە چونکە جولەکە بەدرێژای مێژوو ئاواتیان ئەوە بووە ئافرەت ڕووت بکەنەوە، ئافرەتەکە قیژاندی و هاواری کرد صحابەیەك پەلاماری جولەکەکەیی داو کوشتی، جولەکەکانیش هاتن صحابەکەیان کوشتەوە، لەو کاتەوە جولەکەکان هەزاران نەخشەیان بەکارهێناوە بۆ ڕووت کردنەوەی ئافرەتی ئیماندار ، هەروەکو یەکێ لە مستەشرقەکان دەڵێ (لایصلح حال الشرق لنا إلاّ بعدَ أن تنزع حجاب المسلمات تخطیة القرآن) ئێمە ناتوانین دەست بەسەر حاڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابوری شەرقی ئەوسەتا بگرین هەتا لەچکی سەر ئافرەت لێنەکەینەوە و

له قورئانەکەیەوه نەئاڵێنین، بەداخەوه ئێستە ئێمەواین ئافرەتەکە منـاڵی دەبـێ قورئانەکـەیان هێنـاوه بـه پارچـەیەك پـەرۆ پێچاویانەتەوه لـه پـشتی سـەریەوه دایـان نـاوەو نـابێ کـەس بیکاتـەوه. (لویـسی نۆیـەم) هەشـتەیەمین سـەرکردەی خـاچ پەرستەکان لـه شـەڕێکا لەلایـەن موسڵمانەکانەوه بـەدیل گیراو دواتر له ئەسکەندەریەی میصر ئازاد کرا، کاتێك که گەیشتەوه ئەوروپا ووتـی: وەڵاهـی گـەورەترین شتێك کـەمن لـەم گیرانـەم دا فێری بووم ئەوەیه ئێمه ناتوانین بەسـەر موسڵمانەکان دا زاڵ بین و خێرو بێریـان بـۆ خۆمـان بـەرین تـاوەکو ئافرەتـەکانیان ڕووت نەکەینەوه، ئەگینا بەکار هێنانی ئاگرو ئاسن هیچ سـودێکی نیه، وەپێویـسته هـەموو وڵاتـانی ئـەوروپا و ئـەمریکا سیاسـەتی عەسکەری خۆیان بگۆڕن بۆ ڕووت کردنەوەی ئافرەتی موسڵمان. چونکه ئـافرەتێکی ڕووتـی بـێ شـەرم لـه سـەد ڕاجیمـه و تـۆپ و تەیاره کاریگەری زۆرتره، هـەروەها جارێکی تر ئەوروپیەکان له کۆبونەوەیەك دا که له ووڵاتی سوید کرا ووتیان ئەبێت ئاواو ئاوا ئیسلام لەناوبەرین ئالەو کاتەدا مستشریقێکی گاورەکان هەستاو وتی: (کأس غانیةُ تفعلات بتحطیم امةُ محمدیة مالا تفعلوا مدافعُ و سواریخ) پەرداخێك عەرەق و ئافرەتێکی ڕووت له دەیان تۆپ و ساروخ باشتره بۆ ڕووخانی قەڵای ئیسلام.

ووتـی: بەسـاروخ و تۆمـاهۆك و فرۆکـەی بـێ پـەنجاو دوو لـه موسـڵمانەکان دەی بەقـەد ئـافرەتێکی ڕووتـی لـەش فـرۆش

کڵۆریکەری نییە لەسەر دین و دڵی موسڵمانەکان بۆیە بەناوی جۆراوجۆرەوە بەناوی ئازادی و پێشکەوتنەوە، ڕۆژبەڕۆژ هەرساڵەی بەشێوەیەك چەند سانتی مەترێك جلەکەی کورت دەکەنەوە، تا تەنورەکەی ئەبەنە سەر ئەژنۆیەوە. (کریستن ئاندرسن) چیرۆکێکی زۆر جوانمان بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێت دوو خەیاتی دەست بڕ و فێڵ باز لەگەڵ ڕێزما بۆهەمو بەرگ دروەکان کەپیشەی بەرگ درووی هەیەو پیشەیەکی بەڕێزە، ئەم دوو بەرگ درووە دەچنە شارێکەوە سەیریان کرد پاشای ئەو شارە زۆر ساویلکە بوو هەموو هیوایەکی ئەوەیە شتێکی هەبێت و خەڵك نەیبێت، ڕۆژێ دوو بەرگ دروەکە چونە لای پاشاو وتیان ئێمە بەرگ درویەکی بەناو بانگی جیهانین و باشترین جل و بەرگ ئەدوورین، هاتوینەتە خزمەتی جەنابت حەز ئەکەین جل و بەرگێکی جوانت بۆ بدورین، کەتا ئێستا کەس لەبەری نەکردبێت، زۆرباشە بەڵام ئەو جل و بەرگەی ئێوە ئەی دوورن چیەو چۆنە وتیان قوربان قوماشەکەی زیووە تاڵەکانی بە دەزووی ئاڵتونی ئەدورێت بەڵام هەرکەسێك حەڵاڵ زادە نەبێت نای بینێت بە واتایەکی تر بەس ئەوەی حەرام زادەبێت دەی بینێت، پاشا وتی: بە چەند تەواو دەبێت، وتیان: بەوەندە کیلۆ ئاڵتون تەواو دەبێت. پاشا وتی: جا ئەوە چیە! سەد کیلۆ ئاڵتونیان بدەنێ، دووکانێکی گەورەشیان بۆ بکەنەوە و هەموو شتێکیان بخەنە بەردەست، ئەوانیش مەعمەلێکی گەورەیان بۆ

کردنەوە کاتێك کە چونە ناو مەعمەلەکەوە زۆر لێزانانە دەستیان دەجولاًن و خۆیان خەریك دەرکرد بەشێوەیەکی وا هەرکەسێ نەیزانیایە دەیوت: بەخوا ئەم بەرگ دروانە ئازان شەو و ڕۆژیان خستۆتە سەریەك بۆ ئەوەی جلەکانی پاشا تەواو کەن، پاش چەند ڕۆژێك پاشا سەرۆك وەزیرو بەردەستەکانی نارد ووتی: بچن بزانن جلەکانم زۆری ماوە، کاتێك کە سەرۆك وەزیران چوونە ناو کارگەکەوە هیچیان نەبینی بەس بینی بەرگ دروەکان دەستیان دەجولاًن بەلاًم سەرۆك وەزیران لە ترسی ئەوەی پێی نەڵێن حەرام زادەیە، کاتێك کە گەڕایەوە وتی: جەنابی پاشا جلەکانت زۆری نەماوە، هەر شایانی ئەوەیە جەنابتان لەبەری کەن. پاش ئەوەی پاشا چەند کەسی تری نارد بۆ سەیری جلەکانی ئەوانیش کە چوون هیچیان نەبینی بەلاًم لە ترسی ئەوەی پێیان نەڵێن حەرام زادەن گەڕانەوە وتیان: جەنابی پاشا جلی وا کەس نەیبینیوە و هەر شیرینە سەیر کەی و والە تەواو بوونایە، دوای چەند ڕۆژێك بەرگ دروەکان ناردیان بە دوای پاشایا و ووتیان وەرە قوربان جلەکانت تەواو بووە، پاشاکە هات لە ڕاستیدا هیچی نەبینی ووتیان ئەوە شەڕواڵەکەیەتی و ئەوەش عەباکەیەتی و ئەوەش چاکەتەکەیەتی و ئەوەش تاجەکەیەتی، پاشا لە دڵی خۆیدا وتی: بەخوا وا دیارە ئەوان هەمووی حەلاًڵ زادەن بۆیە دەیبینن بەس بەخوا لەوانەیە من حەرام زادە بم بۆیە نای بینم، ئەوەندەمماڵی ئەو میلەتە خواردووە و ئەوەندەم

زووڵم لە خەڵك كردووە بۆیە نایبینم جالەبەر ئەوە خەڵك پێی نەڵێن پاشا حەرام زادەیە هیچی نەوتو ووتی دەستان خۆش بێت بۆ ئەم جلانەی دوریوتانە وتیان فەرموو ئێستە لە ژوریكا لەبەریكە، پاشا چووە ژورەكە خۆی گۆڕی‌و هاتە دەروەو وتیان با جلەكانی پاشا پیس نەبێت لە دواوە عەباكەی بۆ هەڵگرن دوو پیاویش چەمانەوەو بە حیسابی خۆیان عەبای پاشایان هەڵگرتووە هیچیشیان بەدەستەوە نیە پاشاش بە ڕووت‌و قوتی بەناو خەڵكەكەدا دەڕۆیشت كەسیش نەیدەوێرا بڵێ خۆ پاشا ڕووت‌و قووتە چونكە دەیان ووت ئەوانە حەرام زادەن بۆیە نایبینن، بەكوردی پاشایان بەڕووت‌و قوتی بەناو خەڵكا دەسوڕانەوە و دەیان ووت: ماشاالله لەو جلە جوانانەی لەبەریایەتی ، لەوكاتەیا لە ناو ئاپۆڕای جەماوەرەكەیا منالێكی بچوكی دەرون پاك بەباوەشی دایكیەوە بوو هاواری كرد كوڕە خۆپاشا ڕووتە، دایكەكەش دەمی منالەكەی گرت‌و ووتی: ووس بە نەوەكو ڕۆڵە گیان پێمان بڵێن: ئەو منالە حەرام زادەیە و دایكی زینای كردووە. هەموو خەڵك دەیان زانی پاشا ڕووتەو هیچی لەبەرانیە بەڵام نەیان دەوێرا لەترسی ئەوەی پێیان نەڵێن ئەوان حەرام زادەن. وەڵاهی زۆر ڕاستە ئەم ڕۆش بەناوی ترسی ئەوەی خەڵك نەڵێن دواكەوتووە و شێت بووە، ئەو هەموو ئافرەتە موسڵمانە دكتۆریشە مامۆستاشە ئەندازیاریشە ڕووت كراوەتەوەو كەسیش ناوێرێت قسە بكات نەوەكو پێی بڵێن

دواکــەوتووە، سیاســەتیی ئــەمڕۆی کۆمپانیــا زەبەلاحــەکانی دونیاش هەر وایە ئەی نابینی هەر ساڵەی بەناوی مۆدێلاتێکەوە چەند سانتی مەترێك کورتی دەکەنەوە کەسیش ناوێرێ قسە بکـات. واتــە: دوژمنــانی ئیــسلام بــۆ ســەرکەوتنی پلانەکــەیان کەوتنـــە هەڵپرشـــتنی فرمێـــسکی تیمـــساحیان، بــۆ ئــافرەتی موسڵمانان و وتیـان: ئافرەتی موسڵمان کۆت و زنجیر کراوە و لــەناو عەبایــەکی ڕەش خــراوە وەك و ژوورە تاریکــەکانی بەنــدی خانە ڕەشپۆش کراوە و هـەمو جۆرە ماف و ئازادیەکی لێزەوت کـراوە، بـەم شـێوەیە ووردە ورەدە ئـافرەتی موسـڵمانیان لـەناو قــەڵای بــەرگ و شــەرم و حــەیا دەرهێنــاو ڕووتیــان کــردەوە، دواتریش بەناوی یەکسانی یەوە تێکەڵ بە پیاوی نامەحرەمیان کرد، ئەوەتە (محمد طالب حرب) لەبارەی ئەوروپیەکانەوە دەڵێ: هـەر لەدێرزەمانـەوە ڕوت کردنـەوەی ئافرەتی موسـڵمان و تێکـەڵ کردنی بە پیاوی نامەحرەم بەناوی یەکسانی یەوە یەکێك بووە لە هیواو ئاواتە هەرە گەورەکانی ئەوروپیەکان بۆ مەبەستی گەیشتن بـەهیواو ئاواتــە کــانی خۆیــان، بەتایبــەتیش لــەدوای جــەنگی جیهــانی یەکــەم و ڕوخانــدنی خەلافــەتی عــسمانیەوە ئــەوروپاو ئەمریکا توانیان لە ڕێگای حەلقە لە گوێکانیانەوە دەستیان کرد بە داڕشتنی کۆمەڵێك یاسا تا وەکو لە ڕێگای یاساو قانوونەوە ڕێگری بکەن لەپۆشاکی ئیسلامی بۆ نموونە (کمال ئەتا تورك)ی بەڕەگــەز جولەکــە کــاتێ دەوڵــەتی عــەلمانی تــورکی دامەزرانــد

چەندین یاسای دانا لەدژی ئافرەتی بالاّ پۆش، ئەمەش تاڕادەیەکی زۆر کاریگەری خۆی هەبوو لەسەر ڕووت کردنەوەی ئافرەتی موسڵمان بەتایبەتیش کاتێك کە ڕێیان نەدا هیچ ئافرەتێکی باڵا پۆشی محەجەبە لە زانکۆکان بخوێنێ، بۆ نموونە کچێکی بالاّ پۆش ئاخیر ساڵی خوێندنی دکتۆرای بوو وتیان: یان ئەبێت لە چکەکەت فڕێبدەیت یان دەبێت واز لە خوێندنەکەت بێنی وتی: وەلاّ لە چکەکەم فڕێنادەم تا شهاددکەم بەنێ وتی: زۆر بە شانازیەوە واز لە شهادەی دکتۆراکەم دێنم، بۆ ئەوەی شەهادەی (لاإلە إلاالله) کەم نەدۆڕێنم. بە داخەوە زۆرن ئەوانەی شهادەی دکتۆرا بەدەست دێنن بەلاّم شهادەی (لاإلە إلاالله) دە دۆڕێنن، ئەو ئافرەتە بەگریان ڕۆیشتەوە بۆ ماڵەوە، باوکی وتی: ڕۆڵە گیان بۆ دەگریت خۆ تۆ بکالۆریۆس و ماجستێرت هەیە، ووتی: باوکە گیان بۆ شهادەکەم ناگریم بۆ زەلیلی موسڵمانان دەگریم کە ئەم هەموو مشك پەرستو مار پەرستە هەیە و ڕێزیان لێ دەگیرێ بەلاّم موسڵمانان لە وڵاتی خەلافەتی ئیسلامیاو لە ماڵی خۆیا زەلیل دەکرێ! وەلاّ بۆ زەلیلی موسڵمانان دەگریم بۆ شهادەکەم ناگریم ، تەنانەت سزای ئەو کەسانەشیان داوە کە سەرپێچی ئەو قانوونە دەکەن، بەزەبری کوتەك و قامچی سەر پۆشو حیجابیان لەسەری ئافرەت کردۆتەوە بەڵام الحمد لله دوای نەوەد ساڵ لە حوکمی کەمالیەت لە تورکیا تازە بەتازە لە ناو بازارو

قوتابخانــەو زانکۆکــان و ناوەنــدەکانی تــری ژیــان دەتــوانیٚ مومارەسەی باڵا پۆشی بکات ئەویش لە دوای دەرچونی حیزبی داد و گەشە پێدانەوە ئافرەتی موسڵمان دەتوانیٚ بەلەچکەوە لە زانکۆکان بخوێنێت. ئەینا ئەوە ئێران لە سەردەمی ڕەزاشای ئەڵقە لەگوێی ئینگلیزبە ئاشکرا دژایەتی حیجاب دەکرد لە ساڵی ١٩٦٢ بڕیاری دا لە سەرتاسەری ئێراندا پۆشاکی شەرعی قەدەغە بێت، شا ژنەکەی خۆشی یەکەمین ئافرەتێك بوو کە لەناو ئاهەنگێکی گەورەدا جلو بەرگە شەرعیەکەی فڕێداو ووتی باوی نەماوە، دوایش وتیان هەرکەسیٚ سەرپێچیِ ئەم بڕیارە بکا بەتوندی سزادەدریٚ، گەلێك ئافرەت کە بەیانیان بە جلی شەرعیەوە دەچونە دەرەوەئێواریٚ بە سفوری دەگەڕانەوە چونکە پۆلیس بە زۆر سەرپۆشەکەی فڕیٚ دەداو عەباکەشیان لیٚ دەسەند، هەروەها نەیان دەهێشت ئافرەت بە داپۆشراوی بچێتە قوتابخانەو زانکۆکانو پەیمانگاکان. هەروەها ولاٚتانی تری ئیسلامیش حاڵیان لە تورکیا و ئێران باشتر نەبوو ولاٚتی جەزائیر ئەو ولاٚتەی یەك ملیۆن شەهیدی لە ڕێگای بیرو باوەڕی ئیسلامیا بە خشی تێکۆشا دژی إستعماری جیهانی سەرەنجامیش شۆڕشە ئیسلامیەکەی سەرکەوت بەلاٚم بە داخەوە خوانەناسان و خۆفرۆشان سەر نخونیان کردەوە!، بۆنمونە (أحمد بن بیلا) کۆمەڵیٚ یاسای زۆر توندی دانا بۆ فڕێدانی سەرپۆشو جلو بەرگی شەرعی ووتی جاران فەرەنسا داوای لیٚ دەکردین

ئافرەتـانی داپۆشـراو حیجابەکـەیان فڕێـدەن بـەڵام ئێسـتا لـە پێنـاوی ئـازادی ئـافرەت مـن داوا لـە ئافرەتـانی جـەزایر دەکـەم حیجابەکەیان فڕێدەن. هەورەها ئەفغانستان لە سەردەمی (أحمد أمـان) هـەموو یاسـاو ڕێسا شـەرعییەکانی لـەو وڵاتـەیا گـۆڕی و یاسای عـەلمانی لە شوێنیان دانا تەنانـەت بە مەبەستی ئازاد کردنـی ئـافرەت بڕیـاری دا کـە دەبـێ ئافرەتـانی ئـەفغانی سـەرپۆش و حیجابەکـەیان فڕێـدەن، میـصر بـەحوکمی گرنگـی شـوێنە جـوگرافی یـە کـەی لـە کۆنـەوە هـەوڵیان داوە ئـافرەتی موسڵمان لەبەرگو پۆشاکی شەرعیدا دەر بێنن، وەیەکەم وڵاتـی ئیسلامی بوو کە یانەی دژی ئیسلامی کردەوە (جیهان سادات) بە ئاشکرا دەی ووت ئافرەتی محەجەبە مناڵە کانمان دە ترسێنن و حیجـاب لەگـەڵ پێش کـەوتنی جیهانـدا نـاگونجێ. بـۆ یـە بـەو پـەڕی ـوت بەرزیـەوە دەی ووت مـن وەك مامۆسـتایەکی زانکـۆ هەرکچێ بە حیجابەوە بێتە دەرسەکەمەوە دەیکەمە دەرەوە نایەڵم تا سـەری ساڵ بێتە دەرسـەکەمەوە. هـەروەها سەدان ئافرەتی داوێـن پاکیـان لـە زینـدان تونـد دەکـرد بـەس لـە سـەر ئـەوەی داپۆشراو بوون بۆ نمونە (زەینەب غەزالی) ئافرەتێکی محەجەبەی میصری بوو ساڵی ١٩٩٥ دا کۆچی دوایی کرد لە شەستەکاندا ئافرەتانی فێری قورئان خوێندن و باڵا پۆشی دەکرد، بەڵام بە داخەوە لە لایەن جەلادەکانی جمال عبدالالناصری گۆڕبە گۆڕەوە گیراو خرایـە زیندانـەوە، بـۆ خـۆی بۆمـان دەگێڕێتـەوەو دەڵێـت

ئـازارو ئەشـکەنجەیەکی زۆر یـان دام تـاوەك‌و لـە بـالاّ پۆشـیەکەم پەشـیمان بمـەوە، بـەلاّم بـەو پـەڕی جورئەتــەوە پـێم وتـن ئـەم سەرپۆشە فەرزی خوایە ئایەتی خوایە ئایەتی قورئانە بە هیچ جۆرێك فڕێی نادەم ئەڵێ کە زانیان پۆشاکەکەم فڕێ نادەم ڕۆژێك دوو جەلادی زۆر بەهێز بۆم هاتنە دەرەوە وە بۆ ئەوەی کە ئیشی داوێن پیسیم لە گەڵدا بکەن، دوایش لە سەر ڕوپـەڕی ڕۆژنامـەو گۆڤارەکـان بـلاّوی بکەنـەوە و بڵێن ئەوەتـە ئافرەتـە داپۆشـراوەکە زینای کردووە، ئـەڵێ منیش زۆر گریام هیچ دەسـەلاّتێکم نـەماو ڕووم لــەخوای خــۆم کـردوو بەچـاوی پڕفرمێسکەوە هــەردوو دەستەکانم بەرزکردەوەو وتم خوایە خۆت ئاگاداریت بە پـەنهانی ناو دڵەکان کەمن لە سەر دینەکەی تـۆ ئەیانـەوێت دەست درێـژیم بکەنە سەر خوایە یارمـەتیم بدەیت‌و ڕزگـارم کـەی ئـەڵێت یـەکیان لـێم نزیـك بـۆوە بـۆ ئـەوەی دەسـت درێـژیم بکاتـە سـەر وەلاّهـی قەپێکم بە شادەماری ملیا کـرد پچڕاندم توشـی نـەزیف بـوو هـەر لەویا مرد، جەلادەکەی تریشیان کەئەوەی بینـی ترسـاو ڕایکـردە دەرەوە ئەڵێ لـە دوای ئـە وەشـەوە خـوای گـەورە عیزەتێکـی وای دابومێ یەك جەلاد نەی دەوێـرا لـێم نزیـك بکەوێتـەوە، زۆر ڕاستە خـوای پـەروەردگار سام و هەیبـەتێکی زۆری داوە بـە ئـافرەتی موسڵمان و ناوی ناوە قەلاّ ئەگـەر خـۆی سـوکی نـەکا بە هـەزاران پیـاوی ئـازاو بـە جـەرگ نـاگیرێ هەربۆیـە لـە کوردەواریـدا باسـی ئافرەتی بەحەیا کراوە ووتویانە ئافرەت قەلاّیەکی سـەختەو وا بە

ئاسـانی نـاگیرێ، زەینــەب غـەزالی دەڵـێ: هــەر ئەوەنــدە کـە جەلادەکان زانیان خۆم نادەم بە دەستەوە ووتیان با لە برسان بیکوژین و نان و خواردنی مەدەنێ، ماوەی هەفتەیەك هیچیان نەدامێ زۆر بێهێزوو لاوازبووم تاشەوێکیان بەخزمەتی حەزرەتی پێغەمبەرو حەزرەتی ئەبوبەکر و عمر کۆمەڵێ لە صحابە گەیشتم ووتم ئەی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) لە سەر دینی خوا ئەیانەوێ دەست درێژی بکەنە سەرم و بە برسێتی بمکوژن تخوا شتێکم بەرێ زۆرم برسی یە ئەڵێ لە خەوەکەمدا پێغەمبەر شتێکی دامێ و فەرمووی بیخۆ ئەوە بەشت دەکات و خەمت نەبێت، ئەڵێ کە خواردم برسێتیەکەم نەما، وەلاهی هەرجارێکیش بە برسێتی تەعزیبان دەدام لەخەودا بە خزمەتی پێغەمبەر دەگەیشتم ئەو شتەی دەدامێ و برسێتیەکەم نەدەما، زۆر ڕاستە هەر ئافرەتێکی ئیماندار لە بەر ڕەزامەندی خوا خۆی داپۆشێ خوای گەورە یارمەتی دەدات و سەر بەرزی دونیاو قیامەتی دەکات.

خۆشەویستان هەروەها ڕژێمی عێراق بوو کاتێ خۆی داوای لەئافرەتانی موسڵمان دەکرد چ لە بازاڕوو چ لە قوتابخانەو چ لە زانکۆو دام و دەزگا ڕەسمیو ناڕەسمیەکان جل و بەرگە شەرعینەکەیان فڕێ دەن و خۆیان ڕووت کەنەوە لەوەش زیاتر خۆ ڕووت کردنەوەیان بە پێش کەوتن دەزانی و لەوەش خراپ تر ئەو ئافرەتانەی کە خۆیان ڕووت نەدەکردەوە و سوراو سپاو

میکیاجیان نەدەکرد بە نەزان و دواکەوتویان دەزانی، هەر بەمەشەوە نەوەستان لە ڕێگای وەزارەتی پەروەدەوە بڕیاریاندا، کەنابێ ئافرەتی داپۆشراو لەناوەندی حکومەیەکاندا دا بەمەزرێندرێت گوایە حیجاب لەگەڵ ڕەوڕەوەی پێشکەوتن دا ناگونجێ، خوێنەرانی بەڕێز ئێستە با بێینە سەر باسی کوردستانی خۆمان،بە داخەوە کە دێنە سەر باسی کوردستانی خۆشمان حاڵمان گەلێك لەو وڵاتانە خراپترە، بە تایبەتی شاری سلێمانی کە هێشتا شەریکە مۆنۆ پۆڵە ئەورووپی و ئەمریکی یەکان نەخشەکەیان نەکێشاوە مۆدێلەکەی لە کوردستان لەبەرکراوە لە سەر شەقامەکان ئافرەتی ئێمە خۆی پێوە ڕادەوەشێنێ و پۆزی پێوە لێدەدات، لەوەش زیاتر دەزگاکانی ڕاگەیاندن، بە ناوی ڕیکلام و نوێخوازیەوە کارێکی وایان کردووە، کە ئافرەتی داماو فریای ئەو هەموو مۆدێلە ناکەوێ لەبەریان بکات تا مۆدێلێکیان لەبەردەکات ئەوەی تریان باوی نەماوە مۆدێلێکی تازە هاتۆتە بازاڕە کانەوە، زۆر بەداخیشەوە موسڵمانانیش بە شێوەیەکی گشتی بە پیرو گەنجەوە بەخوێندەوارو نەخوێندەوارەوە بە هەژارو دەوڵە مەندەوە بە دەم بانگەوازی چەواشە کارانەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کەوتوون، کەخۆشیان ڕووت دەکەنەوە بەمەبەستی ئەوە یە کە خۆیان خۆشەویست بکەن بەڵام ئافرەتان بەڕووت و قوتی خۆشەویست نابن لە دڵی پیاواندا بەڵکو بە خۆداپۆشین و ڕەوشتی بەرز

خۆشەویست دەبن هەروەکو خوا لە ئایەتی بیست و شەشی سورەتی " اعراف " دا داوا لە ژن و پیاوی ئیمان دار دەکات کە خۆیان داپۆشن چونکە جل و بەرگ نیشانەی ڕێزو حورمەتەوفڕێی ئەدەن (يَا بَنِي آدَمَ لا يَفْتِنَنَّكُمْ الشَّيْطَانُ كَمَا أَخْرَجَ أَبَوَيْكُمْ مِنْ الْجَنَّةِ يَنزِعُ عَنْهُمَا لِبَاسَهُمَا لِيُرِيَهُمَا سَوْآتِهِمَا إِنَّهُ يَرَاكُمْ هُوَ وَقَبِيلُهُ مِنْ حَيْثُ لا تَرَوْنَهُمْ إِنَّا جَعَلْنَا الشَّيَاطِينَ أَوْلِيَاءَ لِلَّذِينَ لا يُؤْمِنُونَ) دەفەرمویٚ ئەی نەوەکانی بەنی ئادەم جل و بەرگمان بۆ ئێوە ناردووە تاوەکو لاشەو داوێنی خۆتانی پێداپۆشن و خۆتانی پێڕێزدار و سەنگین کەن، هەروەها لە ئایەتی بست و حەوتی هەمان سورەت دا دەفەرمویٚ ((وَإِذَا فَعَلُوا فَاحِشَةً قَالُوا وجَدْنَا عَلَيْهَا آبَاءَنَا وَاللَّهُ أَمَرَنَا بِهَا قُلْ إِنَّ اللَّهَ لا يَأْمُرُ بِالْفَحْشَاءِ أَتَقُولُونَ عَلَى اللَّهِ مَا لا تَعْلَمُونَ)) ئەی مۆرقە کان وریا بن زۆر ئاگاتان لە خۆتان بێت شەیتان فریوتان نەداو ئاشوب نەخاتە بەیناتانەوە هەروەکو چۆن دایك و باوکە ئادەم و حەوای لە بەهەشتەوە دەرنا جل و بەرگ و پۆشاکی لیٚ داماڵین کە داوێنی خۆیان پێداپۆشی بوو، ئیماندارانی بەڕێز لەم ئایەتانەدا خوا داوا لە هەموو باوەڕداران دەکات کە خۆیان داپۆشن و دور بکەونەوە لە سفوری و ڕووت و قوتی دوای نەخشەی خوانەناسان نەکەون، بەداخەوە گەلێك ڕۆشنبیرو ئەدیب و نوسەرو هونەرمەد بە قەڵەم و شعرەکانیان کەوتنە لۆمەو

سەرزەنـشت كردنـی ئـەو ئافرەتانـەی كـە پۆشـاكی شـەرعیان لەبەردایـەو جارێـك بـە دوا كـەوتو و كۆنـە پەرستیان لـە قەڵـەم دەدەن‌و جارێكیش بەوەی كە نەخۆشی سیلی پێوەیە و جارێكی تریش بەوەی كـە دەیـان ووت: جل‌و بـەرگی عـەرەبی‌و دوژمنانـە، هەورەكو مامۆستای هونەری ناوداری كورد (بێكەس) دەڵێ:

نەسرین دەمێكە داخت لە دڵمە
گیرۆدەی بەندی ، ژیانت زوڵمە
هەستە تێكۆشە تا خوێنت گەرمە
سەرپۆش فڕێ دە چ وادەی شەرمە
******

ئەمڕۆ زەمانی عیلم‌و عیرفانە
عالەم شەو و ڕۆژ وا لە فرمانە
فەرقی نێرو مێ نیە بیزانە
هەستە تێكۆشە تا خوێنت گەرکە
سەرپۆش فڕێدە چ وادەی شەرمە
******

هێندە دانیشتی پشتت چەماوە
زەردوو لاواز بویت هێزت نەماوە
كچی بێگانەت خۆ لە بەرچاوە
هەستە تێكۆشە تا خوێنت گەرمە
سەرپۆش فڕێدە كەی وادەی شەرمە

لەم شعرەدا شاعیر بەئاشکرا دەری دەخا کە دەمێکە داخی لەدڵە بۆ نەسرین، چونکە خۆی داپۆشیوەو پۆشاکی شەرعی و سەربەرزی لەبەرایەو سەرو ژێری نابینێ، بۆیە داوای لێدەکات پۆشاک‌و سەرپۆشەکەی فڕێبدات‌و بێتە مەیدان‌و تێکەڵی پیاوان بێت و داوای لێدەکات کە فێری زانست و زانیاری بێت و دەڵێ: جیاوازی لە بەینی نێر و مێ دا نیە، شاعیری بەڕێز وا دەزانێ ئەو پۆشاکە شەرعیە ڕێی لەئافرەتی مسوڵمان گرتووە، کە نابێت فێری زانست‌و زانیاری بێت، زۆر بەداخەوە هونەرمەندی بەڕێز بە پێچەوانەوە لە دینی خوا تێگەیشتووە، وا دیارە هیچ خوێندنەوە و متالەعەیەکی سەرەتایشی نیە بۆ زانستە شەرعی و دینیەکان و بێ ئاگایە لەوەی کە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێ: (من سلك طريقا يبتغي فيه علماً سهَّل الله له طريقاً إلي الجنة، ز إن الملائكةَ لقضعُ أجنحتها لطالِب العلم رضاً بِما يصنع، وأن عالِم ليَستغفرُ له من في السموات و من في الأرض حتيَّ الحيتانُ في الماء و حصلُ العالم على العابد كفضل القَمرِ عالى سائر الكوكبِ، و إن العلماءَ و رثةُ الأنبياء إنَّ الأنبياءَ لم يُورثوا ديناراً و لادرهماً و إنما يُورثوا العلمَ، فَمَن اخَذَهُ أَخَذْ بحظء وافــر)) [42]رواه ابــوداود(١٣٨٨)صــحيح:رواه ابــوداود(٣١٧/٣) ژمــارە (٣٦٤١)(٣٦٤٢)، الترمذی (٤٨/٥)ژمارە (٢٦٨٢) دەفەرموێ هەرکەسێ ژن بێ یان پیاو بچوك بێ یان گەورە بە دوای فێربوونی زانست‌و زانیاریدا بگەڕێ بۆ ئەوەی خزمەتی دین و میلەتی پێبکات، فریشتەکانی خوا باڵی ڕەحمەتی بۆ ڕادەخەن بۆ ئەوەی ئەو کەسە موسڵمانەی بەسەرا بڕوات، هەمووماں بیستومانە کاتێك کە سەرۆك

[42] رواه ابوداود ١٣٨٨ صحيح:رواه اوداود ٣١٧/٣ ژمارە ٣٦٤٢،٣٦٤١،ترمذی ٤٨/٥ ژمارە ٢٦٨٢

کۆمارەکان یان رەئیس وزەرای وڵاتێ دەچن بۆ وڵاتێکی تر ئەگەر ڕێزی زۆری لێبگرن فەرشی سوری بۆ ڕادەخەن، کاتێک کە لە تەیارەکە دابەزی فەرشی سوری بۆ ڕاخراوەو حیمایەش ئەم لاو لای دەگرن، کە ئەوە نیشانەی ئەوەیە ڕێزی زۆری لێگیراوە، ولاهی هەرکەسێ ژن بێ یان پیاو کاتێک کە خەریکی فێربوونی زانستو زانیاری دەبێت، جا علمو زانیاری شەرعی ئیسلامی بێت یان علمو زانیاری دونیایی بێت واتە: کەسێ دەیەوێت ببێت بە دکتۆرێک ئەندازیارێك مامۆستایەك داد وەرێك......هتد. ئەو فریشتانە باڵی خۆیانی بۆ ڕادەخەن. هەروەها چەندین فەرمودەی قورئانو حەدیسمان لەو بارەیەوە هەیە کە دەفەرموێ: ئەو کەسەی کە خەریکی فێربوونی عیلم و زانیاری یە هەموو زیندەوەرەکانی سەر زەوی بە وشکانی و تەڕاییەوە هەتا ماسی ناو دەریاکانو مێروی ناو کونەکان دوعای خێری بۆ دەکەن، چونکە ئینسانی زانا زەرەری بۆ کەس نیە ئازاری مێرویەکیش نادا، وەلاهی هیچ بەرنامەیەك ڕێز حورمەتی مرۆڤی وانە گرتووە. هەروەها (شێخ نوری شێخ صالح) دەڵێت: ئافرەت نیوەی کۆمەڵە کە چی بە داخەوە بەهۆی زوڵمو ستەمی کۆنە پەرستانەوە ئەم نیوەی کۆمەڵە لەخوێندنو کارکردن بێبەش کراون، ئەوەتا دەڵێ: ((زوڵمی ئەم مەلعونە بوو حوکمی مساواتی نەهێشت)) واتە: بە ئاشکرا پۆشاکی ئیسلامی بە(ملعون) ناو دەبات، کە بێگومان خوا ئەم پۆشاکەی داناوەو لەسورەتی نورا لەسەر ئافرەتانی فەرز کردووە، وادیارە ئەو یش بە فەرمانی خوا ڕازی نیە بەڵگەشمان بۆ ئەم قسەیەمان ئەم چەند دێڕە لە شیعرەکەی دەڵێت؟!

گوێم لە ناڵینی کچێ بوو دوێنێ ئەیلاوانەوە
وا بە تەئسیرو بەسۆز ئەیووت دڵی ئەتەزانەوە
ئەیووت ئەم ڕوو پۆشە تەنها ڕوی نەپۆشیوین و بەس
ڕوو بەڕووی خۆمان حقوقی ئاینە ناو ئنسانەوە
ئەوەڵو ئاخر خەتای ئەم ڕوو ڕەشەی ڕوو پۆشەبوو
بو بە مانیعمان بچینە کۆڕی پیاوانەوە
قەت نەیووت ڕۆژێ بە سەر بەستی حەقیی داوا بکەین
بۆ حقوقــی و حەقی خۆمان بێینە ناو مەیدانەوە
دایگرن توخوا فرێیدەن بیخەنە ناو تەندورەوە
حەیفە ڕۆژی ڕوون ئەنێنە ناو شەوی دەیجورەوە
زوڵمی ئەم مەلعونەبوو حوکمی مساواتی نەهێشت
جنسی ئێمەی خستە حاڵێکی لە پیاو پاڕانەوە
بۆ بەشی ئێمە کفن بێ هەر لە دونیاو ئاخرەت
لێرە ڕەش لەو لا سپی ببڕێ بە باڵامانەوە
حەز ئەکەی بپرسە لە پیرانو پێشینانی خۆت
کێ بە چەی دیوە بەڕووی خاتونی کوردستانەوە
کەی پەچە بۆتە سەبەب بۆ عیفەتی جنسی لە تیف
کافر دڵ تیرە دەخلی کوا بەسەر ئیمانەوە
دایگرن، بیگرنە ناو خۆتان و دەوری لێبدەن
بەڵك و ببینم بە چاوی خۆم بەڕوح کێشانەوە
دایگرن تو خوا فرێدەن بیخە ناو تەندوورەوە
حەیفە ڕۆژ ی ڕوون ئەینێنە ناو شەویی دەیجورەوە[٤٣]

---

[٤٣] جەلالی، مصلح، دیوانی شێخ نوری شێخ صالح،بەغداد ؟؟؟

بــە داحـــەوە ڕۆشبـــنبیرو شــاعیرو هونەرمەنـــدی بــەناو مــۆدێرن ئەوەنـدەیان ڕق لـە پۆشـاك و سەرپۆشـی ئیسلامی دەبێتـەوە، لـە دڵیاندا بۆتـە چیای قەنـدیل و پیرە مـەگرون، بۆتـە دوژمنـی بـاوە کوشـتەیان خەزدەکـەن ڕوحـی بەبەرا بکـەن ، پاشـان بـە خەنجـەر پارچـە پارچـەی کــەن و دواتــر گــازی ژەهــراوی پیابکــەن و بیـسونێنن و پاشــان تەرمەکەشــی بــە چــەپڵە ڕێــزان و گــۆرانی ووتنەوە بیبەن لە شوێنێکی چۆڵا بینێژن، تاوەك و بە حەیاتی چاویان پێی نەکەوێتەوە، بەڵام بە دڵنیایەوە ئەو پۆشاکە فەرزی خوایە ڕۆژ بەڕۆژ دۆسـتان و عاشقانی لە سەرتاسـەری جیهـان دا ڕوو لـە زیـاد بـوون دەکـەن ((مُوتُـوا بِغَیـضکم)) ئـەبێ بـەو داخ و حەســرەتەوە بمــرن و بــچنە ژێــر ئــەو گڵــەوە، زۆریــشن ئــەو کەســانەی کــە بــەم داخــەوە ســەریان ناوەتــەوە لــە ڕاپــۆرتێکی وەزارەتـی ناوخـۆی فەڕەنسی دا هاتووە کە ڕۆژانە دەیـان ئافرەتـی فەڕەنـسی موسـڵمان دەبـن بـەو پـەڕی شـانازیەوە جـل و بـەرگی شــەرعی لەبــەر دەکــەن (مــاری) کــچی پیــاوێکی کۆمۆنیســتە دوای تــەواو بــونی نوێــژی مزگــەوتی (لیــون) لەبــەردەم مامۆســتای مزگەوتەکـەدا شـایەتومانی هێنـاو بـو بەموسـڵمان، مـاری دەڵێت: ئێمە زۆرمـان ڕەخنـە لەئیسلام دەگرت لـەوەی کەگوایە بالپۆشـی دژی ئافرەتانە، بەڵام دوای بۆ مان دەرکەوت کەوانیەو ئیسلام لـە هـەموو بەرنامـەو پرۆگرامـەکان زیـاتر ڕێـزی لـەئافرەت گرتـووە،

قورئان بەتەواوی جەختی کردۆتە سەر یەکسانی لەنێوان ژن و پیاودا لەئەرك‌و ماف دا[٤٤] هەروەها بە پێی ڕاپرسیەکی ئەمریکی کە لە ساڵی ٢٠٠٩ دا کراوە دەڵێت: لە سەدا هەشتای ئافرەتی ئەمریکی حەزدەکەن بگەڕێنەوە بۆسەر ڕەوشتی بەرزی بالاَ پۆشی و لە سەدا شەستی ئافرەتانیش حەزناکەن کچەکانیان حوریەتی خۆ ڕووت کردنەوەی تەواویان هەبێت! بەلاَم ئەی بۆچی زۆربەی ئافرەتی ئێمە حەزیان لە خۆڕووت کردنەوەیە، بە پشتیوانی خوا چەند خاڵێکی تریشتان بۆ باسدەکەم:

١- چاو لێکەری:

بەڕاستی یەکێك لە هۆکارەکانی ڕووت‌و قوتی لەولاَتی خۆمانا چاو لێکەری کوێرانەیە، کە بەداخەوە ژیان لەولاَتانی ئێمەو زۆربەی ولاَتانی ئیسلامی لەسەر چاو لێکەری دەڕوات، زۆر خوشکی بەڕێزمان هەیە کاتێ کە لە لادێوە چۆتە ناوشار، یەکسەر جل‌و بەرگە جوانەکەی خۆی فڕێداوە، پانتۆڵێك و سترێجێکی تەسکی لەپێکردووە، کە لێی دەپرسی خوشکەکەم تۆ هیچت زیادی نەکردووە بۆ خۆت لێگۆڕاوە دەڵێت وەلاَ مۆدیەتی، چونکە دوو ڕەفیقی خۆی بینی خۆیان ڕوت کردۆتەوە ئەمیش یەکسەر حیجابەکەی فڕێ دەدات لاسای دەکاتەوە یان دەتوانین بڵێین: دەزگاکانی ڕاگەیاندن کاریگەری گەورەیان هەیە بەتایبەتی فلیمە دۆبلاژکراوە بیانیەکان.

---

[٤٤] بەرەو ئیسلام ئەندازیار عوسمان چاپی دووەم ٢٠٠٦.

٢- دەزگاکانی ڕاگەیاندن:

ڕاگەیاندن بەهەموو جۆرەکانی بینراو و بیستراوەوە ڕۆڵی گەورەیان هەیە لەسەر ئەوەی کە ئافرەتی موسڵمان داپۆشراو جل و بەرگەکەی خۆی فڕێداوە جل و بەرگی تەنك و تەسك و ڕوت لەبەر کات، جاری وا هەیە ڕاگەیاندن ڕەسمی ئافرەتی ڕووت و سفور بەجوان نیشانی خەڵك دەدات و ئافرەتی داپۆشراویش بە ناشرین نیشانی خەڵك دەدات، هەربۆیە جاری واهەیە ئافرەتێك هەڵەیەك دەکات بەس لەبەر ئەوەی محەجەبەیە گەورەی دەکەن و دەڵێن ئەمە ئافرەتە نوێژکەر و داپۆشراوەکەیە، تەنها بۆ ئەوەش جل و بەرگی شەرعی ناشرین کەن، تەلەفیزیۆن نیعمەتێکی گەورەیە ئەگەر مرۆڤ بە جوانی بە کاری بهێنێ، لە ئەمریکاو ئەوروپاو وڵاتە پیش کەوتووەکان دا تەلەفیزۆنەکان باشترین بەرنامەی خۆیان سەر لەئێوارە پێشکەش دەکەن چونکە خەڵك هیلاك و ماندووە زوو دەخەوێت کەچی کەناڵە تەلەفیزۆنییەکانی ئێمە بەرنامەکانی خۆیان سەعات دەو یانزەی شەو پەخش دەکەن و زۆربەی بەرنامەکانیشیان بۆ ڕووت کردنەوەی ئافرەتان و تێکدانی بیرو باوەڕی گەنج و لاوەکانمانە، یان زۆربەی جار کە فلیمان بۆدەکەن ڕەسمی عەرەق خۆر و مەشروب خۆرەکە بەجوان و پێشکەوتوو وەصف دەکات، نوێژ کەر و حاجیەکەش بە ناشرین وێنا دەکەن.

٣- ترسان لەلۆمەی خەڵکی:

زۆربەی، خەڵکی ئێمە ئەمڕۆ بۆ خەڵك ئەژی دەتوانم بڵێم: ئەمڕۆ خەڵکی، بە ژن و پیاو بچوك و گەورەمانەوە بۆ خۆمان ناژین بۆ خەڵك دەژین ئەوەندی خەمی لۆمەی خەڵکیمانە ئەوەندە لە خوا بترساینایە بەسمان بوو، کابرا جل لەبەردەکات دەبێت بزانیٚ خەڵك کام جلەی بەلاوە جوانە ئافرەت جل لەبەردەکات دەبێت بزانیٚ کام جل ئەمڕۆ مۆدێلیەتی یەعنی ئەوەندەی خەمی ترسی خەڵکی یەتی خەمی خۆی نیە ئەوەش سەر لێشێواوی خەڵکە، مەبدەئێکمان نیە لەسەری بژین، ئەو بیٚ مەبدەئیەش ژیانی وێران کردووین هەموو ژیانمان بۆتە چاو لێکەری زۆربەی ئافرەتانی ئێمە لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا لەچك دەکات و قەناعەتی تەواوی پێیەتی بەلأم لەدوای ڕەمەزان دای دەنێت لیٚ ی بپرسە بۆ چی خوشکەکەم دای دەنێیت و دەیخەیتە بۆفیەکەتەوە! دەڵیٚ: وەلأ لەبەر تانە و تەشەری خەڵکی و بەخوا دوای پێم دەڵێن بووە بە ئیسلامی. ئەو تانەو تەشەرانە خەڵکی سارد دەکاتەوە بۆیە بەو پەڕی دڵ سۆزی یەوە بە خوشکانی ئیماندار دەڵێم ئەو ئافرەتەی لەبەر تانەو تەشەری خەڵکی لە چکەکەی فڕیٚ دەدات دڵنیابە ئەوە باش لە دینەکەی تیٚ نەگەیشتووە و با بزانیٚ کە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێت: هەر کەسێك بیەوێت خوالە خۆی تورە کات بۆ ئەوەی خەڵکی لێی ڕازی بێت؟ سەرەنجام هەم خوای لێدە ڕەنجیٚ و هەم خەڵکیشی لیٚ ڕازی

نابێت، بەڵام هەرکەسێ خوا لە خۆی ڕازی کات و فەرمانەکانی جێبەجێ بکات، سەرەنجام خوای لێڕازی دەبێتو خەڵکیشی لێ ڕازی دەبێت.

٤- لە هۆکارەکانی ڕووتو قوتی لە وولاتی خۆمان دا هەندێ لە ئافرەتان ئەوە ئەڵێت: من بۆیە سەرپۆش ناکەم چونکە لێم نایەت بەڵام لە ڕاستیدا هەروەکو چۆن دروست نیە بۆ هیچ کەسێ بڵی وەلا مـن نوێـژم لێنایـەت ڕۆژوم لێنایـەت! بەهـەمان شـێوەش دروست نیە بڵێ بالاپۆشیم لێنایەت، چۆن نوێژو ڕۆژوو فەرزی خوایە حیجابیش فەرزی خوایە ((وما کان المؤمنٍ ولا مؤمنةٍ إذا قضی الله ورَسولُهُ أمراً أن یکون له مغفرة)) خوا دەفەرموێت: مرۆڤـ ُپیاو بێت یان ژن ئەگەر خواو پێغەمبەرکەی شتێکیان فەرموو بۆی نیە ئەملاو ئەولا بکات و بڵێ من بالا پۆشیم لێنایەت، ولاهی چۆن نوێژ بە ئایەتی قورئان فەرز کراوە چۆن ڕۆژوەکان بە ئایەتی قورئان فەرز کراوە ئاواش حیجاب بە ئایەتی قورئان فەرز کراوە.

٥- هۆکای پێنجەمی ڕوتو قوتی لەولاتی خۆمانا ئەوەیە کە هەندێکی تر لە ئافرەتان دەڵێن بۆیە من خۆم داناپۆشم چونکە ئافرەتێکی ڕوو خۆشو کراوەم، حەزناکەم ئەو جۆرە جلو بەرگە لەبەربکەم و خۆم ڕەقو تەقو وشك کەم وەڵا بالا پۆشی نیشانەی خەمۆکیو بێ تاقەتیە یەعنی تێکەڵی کەس نەبی و کەس تێکەڵت نەبێت و قسە لەگەڵ کەس نەکەی و کەس قسەت لە

گەڵ نەکات، نەخێر خوشکە بەڕێزەکەم ئەوە پێچەوانەی دینی ئیسلامە و ئەگەر ئافرەتێکیشت ئاوا بینیوە ئەوە خراپ لە دین گەیشتووە، بەڵام خوشکی ئازیزم تۆ هەوڵبدە نمونەیەکی جوانی ئافرەتی موسڵمان نیشانی خەڵك بدەیت! ئەگەر کەسێکیشتان دی وایە ئەوە سروشتی خۆی وایە یەو هیچ پەیوەندیەکی بە جلو بەرگ و حیجابەکەیەوە نیە، خەتای ئیسلامو قورئان نیە، ئەگەر شەوانە سەیری زنجیرە فلیمەکانی کەناڵی سەحەر بکەین، دەبینی شانۆکارانی بەشی سینەمای ئێران لەهەموو دونیا سەیری فلیمەکانیان دەکرێت بەڵکو جاری وا هەیە بۆ سەر زۆرێك لە زمانە بیانیەکان وەر دەگێڕێت، هەموشیان ئافرەتەکانیان جلو بەرگی شەرعیان لەبەردایەو لە بورای سینەماو کاری دۆبلاژ کردنیشا پلەی باڵایان لە دونیادا بەدەست هێناوە بۆ نمونە فلیمی (أصحاب الكهف) لە سەر شتێکی زۆر بچوك کە شیاوی باس کردن نیە نەیتوانی خەڵاتی جیهانی وەرگریٚ، بگرە فلیمە کانیان بۆ سەر زۆربەی زمانەکانی تورکی عەرەبی ئینگلیزی تەرجەمەکراون، خۆ وەكو ئەوانەی خۆمان نین کە نازانن ڵساى بێگانەش بکەنەوە.

٧- یەکێکی تر لەهۆکارەکانی ڕووتو قوتی لە وڵاتی خۆماندا ئەوەیە کە هەندیٚ خەڵکی نەفامو نەشارەزا دەڵێن حیجاب جل و بەرگی عەرەبییە کاکە خۆ ئێمە کوردین و کلتوری ئێمە جیاوازە لە کلتوری عەرەب ئیتر بۆچی جلی عەرەب لە بەرکەین لە کاتێك

دا حیجاب جلوبەگێکی ئیسلامی یە نەك عەرەبی ئەنجا کەباسی جلو بەرگی شەرعی دەکرێت زۆرکەس وادەزانی مەبەستمان تەنها حیجابو جبەیەکە و بەس بەلاّم نەخێر شەرع دەفەرموێ گرنگ ئە وە یە ئەو جلو بەرگە مەرجە شەرعیەکانی تێدابێ، مامۆستائەحمەد میرزا ڕۆستەمی لە کتێبەکەی خۆی دا (پۆشاکی ئیسلامی مایەی خۆش بەختی تاكو کۆمەڵە) دەڵێت ساڵی ١٩٨٠ کۆنفرانسێکی گەورە لە زانکۆی بەغداد دەربارەی جلو بەرگی شەرعی ئافرەتان بەسترا، یەکێ لە زاناکان کە ئامادەی کۆن فرانسەکەبوو ووتی جلو بەرگی کوردی باشترین جلو بەگە کە مەرجە شەرعیەکانی تێدابێ بەس ئەم جلو بەرگە کوردیە نا کە ئەمڕۆ ئافرەتان لەبەری دەکەن بەتایبەتی ئەو ئافرەتانەی کە بۆ شای و هەڵپەڕکێ و کلیپی گۆرانیەکان لەبەری دەکەن ولاّهی ئەوە بەس ناوی جلی کوردیە و مەرجەکانی جلی کوردی لە دەست داوە جلو بەرگی جاران پانو پۆڕ و فراوان و ئەستور بوو، وەلاّ ئەوانەی ئێستا حەیای جلو بەرگی کوردی ڕەسەنیشیان بردووە هەمویان کردۆتە سەر شێوەی شانتۆڵو پانتۆڵ و ستریج، باشە ئەو کەسانەی کە وادەزانن حیجاب جلی عەرەبی یە خەمی میلەتی کوردیانە ئەی بۆ چی تا ناوێکی ئینگلیز و فەرەنسی وەستابێ خواردنگەو ئوتێلو بەنزین خانەکانتان ناوێکی کوردی لێنانێن، خۆشەویستم هەروەکو وتمان جلو بەگی شەرعی جلو بەرگێکی ئیسلامی جیهانی یە و

ئافرەتێکی عەرەبی و ئافرەتێکی ئەمریکی و پاکستانی و مالیزی وەکو یەك لەبەری دەکەن هیچ پەیوەندیەکی بەزمانو نەتەوەی عەرەبەوە نیە، هەروەکو چۆن خۆتان دەڵێن چاکەتو پانتۆڵ جلێکی جیهانیە کەمن دەتوانم بۆتی بسەلمێنم کە جلو بەرگێکی ئەوروپی یە.

٨- یەکێکی تر لە هۆکاری ڕوت و قوتی چەواشە کردنی بێ بنەمایە هەندێك خەڵکی تر دەڵێن: خوشکی خۆم ئەگەر لەچکت لە سەردابێت کەس سەیرت ناکات و گران فێر دەبیت ، فێری دەرس و دەور نابیت و ناتوانیت وەك و پێویست زانستو زانیاری وەرگریت، بەڕاستی ئەمەزۆر دوورە لەڕاستیو بنەمای زانستی یەوە چونکە ئەمڕۆ بە هەزاران ئافرەتی بالاّ پۆش لەسەرتا سەری جیهاندا هەیەو بڕوانامەی دکتۆرای لەزانستە کانی فیزیاو کیمیاو زانستەکانی تردا بەدەست هێناوە.

٩- یەکێکی تر لە هۆکارەکانی ڕووتو قوتی ئەوەیە کە هەندێك لە ئافرەتان دەڵێن کە هێشتا گەنجم باپیربم کە شوم کرد ئەنجا خۆم دا دەپۆشم، زۆر ئافرەت هەیە دەڵێت ئەگەر خۆم داپۆشم، داواکارم نابێت، لە وەلاّمی ئەو خوشکە بەڕێزانە شا دەڵێن پێغەمبەری خوا (صلی الله علیە وسلم) دەفەرموێ (إنَّ العبد لیحرم الرزق بذنبٍ یُصبهُ) زۆر جار مرۆڤ ژن بێت یان پیاو خوا لە ڕزقێکی حەلاڵ بێ بەشی دەکات بە هۆی تاوانێکەوە، خوشکی بەڕێزم تۆش خۆت داناپۆشی دەڵێ ی باڕیگری شو کردنم لێ

نەکات؟ بەڵام لەوانەیە بەهۆی ئەو گوناحەوە کە خۆ دانەپۆشینە خوا بیّ بەشت بکات لە هاوسەری ژیان، یان توشت بکات بە پیاوێکەوە سەد خۆزگە بخوازی کە شوت نەکردایە کەوابێت لەوانەیە خوا بەهۆی ئەو گوناحەوە خوا بیّ بەشت بکات لە پیاوێکی موسڵمانی بە ڕەوشت نەك بە هۆی خۆداپۆشینەوە. کەواتە خوشکانی ئازیز ئاگاداری حیجاب و خۆ داپۆشینی خۆتان بن، تەماشای ئافرەتە موسڵمانەکانی سەلەفی صالحی ئەم ئومەتی ئیسلامە بکەن (عطای کوڕی ئەبی رباح) ئەفەرموێ ڕۆژێکیان عبدالله کوڕی عباس (ڕەزای خوای لە سەربێت)بانگی کردمو فەرمووی (ألا أُريكَ إمرأةً مِن أهلِ الجنة؟!) وەرە با ئافرەتێکی بە هەشتیت نیشان بدەم؟! منیش ووتم ئادەی بفەرموو، فەرمووی (هذه المرأةُ السَّوْداءُ أَتَتِ النبيَّ – صلى الله عليه وسلم – فقالتْ انى اصرع و إنيَّ أتَكَشَّفُ فادعُ الله لي) فەرمووی ئەم ئافرەتە ڕەشە کاتی خۆی هاتە خزمەتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ووتی ئەی پێغەمبەری خوا من فێم لێدیّ و لەو کاتەیا کە فێیەکەم لێدێت، ئاگام لە خۆم نامێنیّ و جل و بەرگ بەبەر خۆمەوە ناهێڵم، جا هاتومەتە خزمەتت بۆ ئەوەی لە خوا بپاڕێیتەوە بۆم کە چاکم بکاتەوەو لەم نەخۆشیە ڕزگارم بیّ پێغەمبەری خواش (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی (إِن شئتِ صبرتِ ولكِ الجنةُ و إِن شِئتِ دَعوتُ الله أن يُعافيكَ) فەرمووی ئەگەر حەزدەکەیت ئارام بگرە لەسەر ئەو فێ لێهاتنەت و

خوای گەورە بە بەهەشت پاداشت ئەداتەوە و لەقیامەتیشدا ئە چیتە بەهەشتەوە، ئەگەر حەزیش ئەکەی لە خوای گەورە ئە پاڕێمەوە بۆت کە چاکت بکاتەوەو شیفات بۆ بنێریۆ جارێکی تر توشی ڤێ لێهاتن نەبیت ، ئافرەتەکەش وتی: ئەی پێغەمبەری خوا هەر چەندە بەهۆی ئەو ڤێ لێهاتنەوە زۆر ناڕەحەت دەبم و ئازاری زۆر دە چێژمو جاری واهەیە خەڵك گاڵتەم پێ ئەکەن و بە شێتم ئەزانن، بەلأم بەهەشت ئەوەندە خۆشو نەبڕاوەیە ئارام دەگرم قەیناکە با چاك نەبمەوە. بەلأم ئەی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) ، ئەوەندەهەیە (إِنِّـي أَتَكَشَّفُ فادعُ الله لي أن لا أَتَكَشَّفَ) من کاتێ فێم لێدێ ئاگام لە خۆم نامێنێ و جلو بەرگ لەبەر خۆم دەکەمەوە لاشەم بەدەر ئەکەوێت. بەڵکو نخوا بۆ ئەمەیان لە خوا بپاڕێتەوە بۆم کە لە کاتی ڤێ یەکەم دا خۆم ڕووت نەکەمەوە و لەشم دەرنەکەوێ !! پێغەمبەری خواش (صلی الله علیه وسلم) دوعای بۆ کرد کەلەکاتی ڤێ لێهاتنەکەی دا جلو بەرگ لە خۆی دانەکەنێ وجەستەی دەر نەکەوێت[٤٦] ئەمەش بەڵگەیەکی ئاشکرایە چونکە دیارە بە لای کەمەوە ئافرەتەکە دەمو چاوی دیاربووە ئەگینا چۆن زانرا ئەو ئافرەتە ڕەشەو بە (هذه المرأة السوداء) وەسف کراوە.

جا تەماشاکەن چۆن ئەو ئافرەتە داوا لەپێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دەکات کە دوعای ئەمەی بۆ بکات کە لەکاتی ڤێ لێهاتنەکەیدا کە لەدەرەوەی ویستو ئیرادەی خۆی یەتی، خۆی ڕووت نەکاتەوە و لاشەی دەر نەکەوێت، کەچی بەداخەوە ئەمڕۆ زۆرن ئەو

---

[٤٦] ئەم فەرمودەیە امامی احمد ریوایەتی کردووە.

ژن و کچانەی بەشوێن فرسەتێك دا ئە گەڕێن بۆ ئەوەی بچنە ناو ئاهەنگ و بۆنەو حەفلەیەکەوە و لەوێ دا خۆیان ڕووت بکەنەوەو سەماو ڕەقس بکەن و ئەو هەموو گورگە چاو برسیەش تەماشای بکەن!!

ئەی داوێن پاکی چیی لیهات؟! بۆ یە خوشکانی بەڕێزم ولاهی کۆمەڵگا موحتاجی بالاپۆشی تۆیە، حیجاب تەنها بۆ خۆت نیەو بەس، بەڵکو بۆ تاك بەتاکی کۆمەڵگایە تا داوێن پاکی بلاو بێتەوە، چونکە کە حیجاب زۆربێت داوێن پاکی زیاد دەکات! بەڵگە نەویستە مێش و مەگەز لە شیرینیەك و چەوریەك دەدا کە داپۆشراو نیە، مێش حەزی لە شوێنێکە کە بەربەستی پاکی پێوە نەپێچراوە! زۆر پێویستە خوشکی بەڕێزم شانازی بە حیجابەکەتەوە بکەیت، چونکە هەمو شتێکی گەورەو خاوەن قەدر لەم کەونەدا بالا پۆشە،ئەوەتا زەوی کە بێشکەی ژیانەو لانەی هێمنی ئینسانەکان و گیاندارو بێگانە، بە بەرگە هەوا دەورە دراوە،خۆ ئەگەر یەك درزی بچوك بکەوێتە ئەو بەرگە هەوایە وە ئەوا ژیان لەسەر زەویدا نامێنێ! سەدان وهەزاران بەردو نەیزەك ئەم زەویە وێران دەکات بۆنمونە لە ساڵی ١٩٠٨ بەردێکی زۆر گەورە لە وڵاتی سیبریا لە یەکیەتی سۆڤێتی جاران لە ئاسمانەوە کەوتە خوارەوە ٣٠٠ مەتر ئەبوو زانایان دەڵێن کێشی تەقینەوەکەی ١٠٠ مێگا تەن بوو ، ٧٠٠ میل زەوی تەخت و خاپور کرد نزیکەی ڕووبەری ٧٠٠٠٠ مەتر زەوی لەناوبرد ، زۆر وڵاتی ئەوروپای ڕوناك کردەوە . زانایان دەڵێن ڕۆژانە هەزاران بەردی ئاوا گەورە و نەیزەك لە ئاسمانەوە دێتە خوارەوە

بەڵام بە هۆی ئەو بەرگە هەوایەی کە خوای پەروەردگار بۆی دروست کردووە ئەم زەویە دەپارێزێت بۆ ئەوەی ژیان بەردەوام بێت ئەینا بەچەند بەردێك ژیان لەم سەر زەویە تێك دەچوو کەواتە ئینسان بە وردی بیر بکاتەوە ئەو بەرگە بۆتە سەبەبی سەلامەتی ژیانی مرۆڤایەتی لەسەر زەوی بۆیە پێویستە خوشکان و دایکانی بەڕێز شانازی بە حیجاب و بالاً پۆشیەکەیانەوە بکەن یان ئەو میوانەی کە ڕۆژانە بۆ خواردن بەرکاریان دێنی، تەماشاکەن ئەوانەی کە بالاً پۆشن پاکترو خۆشترن ئەوەتا مۆز پرتەقاڵ و هەنار چەند جوان‌و پاکن، چونکە بە بەرگێکی شایستە بالاْپۆش کراون.بەڕاستی خوشکانی داپۆشراو بالاْپۆش قەلایەکی بەهێزن‌و هەرگیز چاو برسیان‌و تەبیعەت گورگان ناتوانیْ بەکەس بڵێ سەیرم مەکە چونکە خۆڕوت کردنەوە تەنها بۆ تەماشاکردنە!! کەواتە خوشکانی ئازیز پاکی کۆمەڵگا بەستراوە بەئێوەوە، چونکە شەرم و حەیا بە سروشتی لە ئافرەتا زیاترە لە پیاو، تەماشای قورئانی پیرۆز بکەن‌و بە وردی سەرنجی بدەن کاتیْ کە خوای گەورە باسی زینا دەکات و دەفەرموێت: (الزانيةُ و الزّاني) ژنی زینا کارو پیاوی زیناکار،ژنەکەی پێش پیاوەکە باسکردووە، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئافرەت ڕوو نەداتە پیاو،هەرگیز پیاو زاتی ئەوە ناکات بە چاوی خیانەت تەماشای ئافرەت بکات،بەلاّم کە باسی دزی دەکات دەفەرموێت ((السَارِقُ و السّارِقَةُ)) دزی پیاو دزی ژن دەبیْ دەستیان ببڕیْ، لێرەدا پیاوی پێش خست چونکە زۆربەی دزی پیاو دەیکات نەك ئافرەت.

خۆشەویستان ڕوت و قوتی یەکێکە لە نیشانەکانی هاتنی قیامەت بۆ یە لە کاتی ڕووح کێشاندا حەزرەتی جبریل هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم)، فەرموی: ئەگەر حەزدەکەیت خوا ئەمانەتی ڕووحت لێوەرگرێتەوە، ئەگەر حەزیش دەکەیت تا قیامەت بە زیندوی بمێنیتەوە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرموی: (بلی الرفیق الاعلی) دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆلای خواو ژیانی هەتا هەتای دونیام ناوێ بەلام فەرموی ئەی حەزرەتی جبریل لە دوای مردنی من تۆ جارێکی تر دەگەڕێتەوە سەرزەوی، حەزرەتی جبریل فەرموی: ئەی خۆشەویستم (محمد) کە تۆ مردی، وەحی خوا کۆتای دێت واتە: خوا دینەکەی خۆی تەواو کرد هیچ کەم و کوڕی بەسەرا نایەت بەلام من دە جاری تر دەگەڕێمەوە بۆ سەر زەوی بەلام دەشتی گرنگ و بە نرخ لەم سەرزەویەدا هەڵ دەگرمەوە:

یەکەم: فەرموی (أرفع بَركة في الأرض) بەرەکەتی زەوی نایەڵم هەرچەندە هەوڵ و تێکۆشان بکەی زەوی بەرەکەتی نامێنێ بۆ نمونە جاران کابرایەکی جوتیاری خۆمان تەنەکەیەك گەنمی بە جوتی گا دەکرد کە چی بەرەکەتی تێدابوو بەلام ئێستە دوسێ فەردە گەنم دەکات جار واهەیە بە حەلا حەلا بنە تۆوەکەی دەست دەکەوێتەوە.

دووەم: فەرمووی (خۆشەویستی لە ناو دڵی خەڵکا دەردێنم کەس لەبەر خاتری خوا کەسی خۆش ناوێت زۆربەی خۆشەویستیەکان بەرژەوەندی دونیای پێکیانەوە دەبەستێتەوە وەلاهی زۆریك لە خەڵکی وای لێهاتوە کە ئیشێکی پێت نەبێت تۆی ناوێت.

سێیەم: فەرموی: سۆزو بەزەیی لە دڵی خەڵکا دەردێنم تاوای لێ دێ برا لەگەڵ برا خزم لەگەڵ خزم ڕەفیق لە گەڵ ڕەفیقا سۆزی نامێنێ خەڵك براکەی خۆی فەقیربێ دەڵێ: خوێڕیە مەرحەبای ناکەم ئەگەر پیاو بوایە پارەی دەبوو، کە ئەمڕۆ زۆربەی ڕایەڵەکانی خزمایەتی و دۆستایەتی پارە دروستی کردووە، خۆشەویستی نەما! بەزەی نەما! سۆز نەما!.

چوارەم: فەرموی دادگەری لەدڵی کاربەدەستەکاندا دەردێنم واتە دادگەری لەسەر زەویدا نامێنێ، جیاوازی چینایەتی و گەندەڵی پاشا گەردانی زیاد دەبێت هەرچی دێتە سەرحوکم چونکە دینی نیە خەڵك سەد خۆزگە بەوەی پێشوتر دەخوات. دەڵێت خۆزگە لایان نەبردایە.

پێنجەم: فەرمی (أَرفَعُ الحیاءَ مِن النسَاءَ) شەرم و حەیا لەناو ئافرەتانا هەڵ ددگرم، ئەی نازانی جاران ئەو خوشکە بەڕێزەی لە سەری کۆڵانێکەوە پیاوێکی ببینیایە خێرا پەلاماری لە چکەکەی دەدات بەداخەوە ئێستە پێی عەیبە لەسەری بکات یان لەسەری دەکات بەڵام نیوەی قژی بەدیارەوەیە! وەڵاهی جاری واهەیە دەچی بۆ ماڵی خزمێکت برادەرێکت ئەوەندە ئافرەتەکانیان ڕووتن سەد خۆزگە دەخوازی نەچویتایە لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە ئەو ئافرەتانە ئەو خۆ ڕووت کردنەوانە بە پێش کەوتن و ئازادی دەزانی!؟.

شەشەم: فەرموی صبرو ئارام لە دڵی فقیرا ناهێڵم.

حەوتەم: فەرموی: (أرفَعُ الورع و الزهر مِن العلماء) زانایانی ئەم دینە دونیا پەرستو پارە پەرست دەبن وارع و دونیا نەویست نابن حەزرەتی جبریل فەرموی وەرع و دونیا پەرستی و بێ تەماعی لە دڵی

زاناو عالمەکان دەردێنم بەداخەوە بۆ یە ئەمڕۆ هەندێ بەناو زانایان‌و هەڵگرانی پەیامی خوا دونیا پەرستن و دینەکەیان بە دونیا گۆڕیوەتەوە.

هەشتەم: فەرموی: سەخاوەت لە دڵی دەوڵەمەندەکاندا دەردێنم، تاوای لێدێت دەوڵەمەند بە هەموو دونیا تێر ناخوات، واتە هەموو دونیای هەبێت هێشتا قەناعەتی پێی نیە و دەڵێ: بە خوا لەوانەیە لە برسا بمرم.

نۆیەم: فەرموی: کەئاخر جاریش هاتمە سەرزەوی قورئانی هەڵدەگرمەوە بەیانی کە خەڵك لە خەو هەڵدەستن سەیردەکەن قورئانەکە یەك حەرفی تیا نەماوە هەمووی هەڵ گیراوەتەوە و چۆتەوە بەرەو ئاسمان لاپەڕەکان بە سپێتی ماوەتەوە.

دەیەم: (أرفع الأيمان) فەرموی: جاری دەیەم‌و کۆتای کە هاتمەوە سەرزەوی پێش هاتنی قیامەت، ئەمجارەیان ئیمان هەڵدەگرمەوە، ئەوەی کە مسقاڵە زەڕەیەك ئیمان لە دڵیابێت ئیمانەکەی هەڵ دەگرمەوە، یەك ئیماندار لەسەر زەویدا نامێنێ، قیامەت بەسەر کافرا دێت، ولاهی ئەم فەرمودانەی کە حەزرەتی جبریل لە خزمەتی پێغەمبەرا (صلی الله علیه وسلم) باسی کردن هەمویان هاتونەتە دی تەنها هەڵ گرتنەوەی قورئان و ئیمان نەبێت. فەرموی: حیجاب و بالاّ پۆشی کە نیشانەی شەرم و حەیایی ئافرەتە نامێنێ فەرموی: شەرم و حەیا لەدڵی ئافرەتی ئیماندارا نامێنێ بۆ نمونە لەکاتی نوسینی ئەم باسەدا لە یەکێ لەڕۆژنامەکانی کوردستانی خۆماندا نوسراوێکم خوێندەوە باسی کچێکی میصری دەکات کە خوێندکاری

زانكۆی ئەمریكی لە قاهیرە دەڵێ: لەداخی ئیسلامیەكان كە بانگەواز بۆ حیجاب و بالآپۆش ی ئافرەتـان دەكـەن وێنـەی خـۆی بـەرووتی لەسەر پەیجی تۆڕی كۆمەلآیـەتی فـەیس بووك بلآو كردەوە هـەروەها ئەم كچە كەناوی (عەلیا ماجیدە مەهدی) تەمەن بیس ساڵە وێنەیەكی دیكەشی بلآو كردۆتەوە كە بەرووتی وەستاوەو قاچی خستۆتە سـەر سەرپۆشێك كـە بـە هێمای كۆیلایـەتی ژنان نـاوی بردووە ئەمـەش لـە داخی ئەوەی كە بە پێی ئەو ئامارانەی لە دوای ڕووخانی ڕژێمی گۆڕ بەگۆڕی (حسنی مبارك)ەكـەوە لەبەردەسـت دان ژمـارەی ئافرەتـانی محەجەبـە ڕۆژ بـەڕۆژ لـە زیـاد بونـدان بـە تایبـەتیش لـە دوای ڕووخـانی ڕژێمەكـەی حوسـنی موبارەكـەوە، ژمارەیـەكی زۆری ئیسلامیەكان لـە سـعودیەو ولآتـانی تـری عـەرەبی و ئـەوروپی و ئەمریكی یەوە گەڕاونەتەوە بۆ میصر كە لە پێشتردا لەسـەر بیری ئیسلامەتی دەركراون. بۆ یـە حـەزرەتی جبریل فەرموی: شـەرم و حەیا لە دڵی ئافرەت نامێنێ، ئەمڕۆ شەرم و حـەیا نـەما و ڕێز و ئەدەب نەما هەمووی باری كرد هەموی بزربوو، زۆربەی خەڵكیش تانەو تەشەر لە بالآپۆشی و حیجاب دەدات و دەڵێ: خۆداپۆشین نیـشانەی دواكـەوتووی و گەڕانەوەیـە بـۆ سـەردەمی سـەدە تاریكەكانی ڕابردوو ئێمەش لـە وەلآمدا بەدڵسۆزیەوە بە هـەموو ئەو كەسانەی كە بیرو بۆ چونیان وایە دەڵێین: هەركەسێ تـۆزێ لـە مێژودا شـارە زایی هـەبێت ئـەزانێ كە ڕوت و قوتی نیشانەی دواكەوتوی و گەڕانەوەیە بۆ سـەردەمە تاریكـەكانی ڕابـردوو، نـەك

بالاّ پۆشی چونکە یەکەم جار سەرەتای ژیانی مرۆڤایەتی کە لە ئەشکەوت و شاخەکاندابوو، ڕووت بووا؟. دوای وردە وردە ئەو شتانەی کە ڕاوی دەکرد پێستەکەیانی بۆ خۆ داپۆشین بە کار دەهێنا ئەنجا هاتە پێدەشتەکان و خانوی دروست کرد و تۆزێ پێشکەوت. واتە بەڕێزەکەم ئەی ئەو کەسەی کە زۆر خۆت بە ڕۆشنبیرو پێش کەوتوو دەزانی، یەکەمجار کە خەڵك دواکەوتو بوو ڕووت بوو دوایی کە پێشکەوت شارستانی و ژیانی پەیدا کرد خۆی داپۆشی و چەندین کارگەی جل و بەرگ دروست کردن پەیدابوو، خۆ ئەگەر پێشکەوتن و ڕۆشنبیری بەڕووتی بوایە دەبوایە ئەفریقا لە پێش ئەوروپا و ئەمریکا بوایە خۆ ئەگەر بەڕووتی بوایە حەیوان لە مرۆڤ پێشکەوتوتر نەبوو.

خۆشەویستان خوای پەروەردگار لەقورئانی پیرۆزا دەفەرموێ: (و لا تتبعُوا خُطُوات الشیطان......) شوێن هەنگاوەکانی شەیتان مەکەون خۆ شەیتان ڕاستەوخۆ پێت ناڵێت لە چکەکەت فڕێدە، حیجابەکەت فڕێ دە هەنگاو بە هەنگاو وردە بە وردە دێتە پێشەوە و یەکەمجار دەڵێت: با لە چکت لەبەرابێت بەس با تۆزێکی قژت بەدیارەوە بێت، ئەگەر بەقسەت کرد، جارێکی تر لە حەفلەی براکەتا دەڵێ کورە خۆ هەمو ڕۆژێ براکەت یان کورەکەت ژن ناهێنێ، قەیچێکە لە شاییەکەی دا لە چکە کەت فڕێ دە، کە ئەوەشت بە قسەکرد، ئەڵێ وەکو خەڵك تەنورە لە پێ کە دوایش دەڵێت قە یچێکە با تەنورەکەشت دوو فەتحەی لە

پێشەوەو دواوە تیابێ تا وردە وردە ڕووتت دەکاتەوە هەر هەست بە هیچ ناکەی هەر بە خۆشت نازانی، حەزرەتی عائیشە دایکی ئماندارات (ڕەزای خوای لەسەربێت) دەفەرموێ: کاتێك کە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) وەفاتی کرد لە ژورەکەی منا نێژرا دوای ئەویش حەزرەتی ئەبو بکری باوکیشم وەفاتی کردووە لەپاڵ پێغەمبەرا نێژرا، دەفەرموێ: هەمو جارێك کە دەچومە ژورەوە سەرپۆشم لەسەر نەدەکرد چونکە ئەوەیان پێغەمبەری خوایە و هاوسەری ژیانمە ئەوەشیان باوکمە. بەڵام کاتێ کە حەزرەتی عمری کوڕی خەتاب کۆچی دوایی کرد لە پاڵ پێغەمبەر و باوکمەوە نیژرا دەفەرموێ: وڵاهی هەتا لەچکم لەسەر نەکردایە نەدەچومە ژورەوە چونکە ئێستا حەزرەتی عمریان لە گەڵایەو نامەحرەمە. هەزار ڕەحمەت و بەزەیی خوا لەسەر ئەو دایکە بەڕێزە بێ لە قەبریشا شەرمی لێکردووە!؟ خوشکی بەڕێزم تۆش ئەگەر دەتەوێ شوێن کەوتەی پێغەمبەری خوا ببێت شوێنی عائیشەو فاتمەو خەدیجە بی شانازی بە حیجابەکەتەوە بکە ئەوە ناسنامەی تۆی ئیماندارە. ئاینی پیرۆزی ئیسلام گرنگی زۆری بە جل و بەرگ داوە ، إیمامی علی (ڕەزای خوای لە سەربێت) دەفەرموێ: بەگوێی خۆم گوێم لێ بوو، پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دەیفەرموو: سوپاس و ستایشی بێ پایان بۆ خوای پەروەردگار لەسەر ئەو پۆشاکەی کە عەورەتی خۆمی پێ دا ئەپۆشم و بە هۆیەوە لەڕووم دێت بچمە ناو خەڵکەوە،

هەرچەندە لە زەمانی جاهیلیەتی پێش ئیسلام دا خەڵکی خۆیان بە ئایز، پەروەردەزانی بەڵام بەپرووتی تەوافی کەعبەیان دەکرد، بەڵام کەدینی ئیسلام هات ئەو نەریتە خراپەی گۆڕی فەرمووی ژن و پیاو فەرقی نیە ئەبێ هەردوکیان إحرام تەواو ببەستن ئەنجا تەواف بکەن نابێ بەپرووتی تەواف بکەن، فەرمووی دەبی ئافرەتانیش خۆیان داپۆشن ئەنجا تەواف بکەن، بۆ یە پیاو جل و بەرگی لەبەرابێت نیشانە نیە لە سەر دین داری و خواناسی حەزێ دەکا جوانترین و باشترین جل و بەرگت لەبەرا دەبوو کەس نازانێ موسڵمانە یان نا نوێژ کەری یان نا بەڵام ئافرەت وانیە، ئەو جل و بەرگەی لەبەری دەکا نیشانەی دینداری و خواناسیەتی، کە ئافرەتێکی داپۆشراو دەبینی یەکسەر ئەوە بەمێشکتدادێ کە ئەم ئافرەتە خواناس و نوێژکەرو دینداره کەواتە حیجاب ناسنامەی ئافرەتی ئیمانداره. لەگەورەی حیجابە کەخوا ناوی ئافرەتی دا پۆشراوی لە گەڵ خێزان و کچە بەڕێزەکانی پێغەمبەر هێناوە، ئەوەش حورمەت و ڕێزە بۆ ئافرەت کە خۆشەویست دەفەرموێ باشترین کەس ئەوەیە کە چاوت پێیکەوت خوات بیر دەکەوێتەوە. قیامەتت بیر دەکەوێتەوە داوێن پاکیت بیرت دەکەوێتەوە، شەرم و حەیات بیر دەکەوێتەوە. بۆ یە زۆرجار برای سایەق تەکسی ووتوویەتی کە ئافرەتێکی داپۆشراو سەرکەوتووە لە گەڵما ولاهی لەئاوێنەکەشەوە لە ڕووم نەهاتووە سەیری بکەم، شەرمم لێکردووە بەڵام کە ئافرەتێکی

ڕووتو قـووت سـەرکەوتووە لەگـەڵما بـە ئـارەززی خـۆم سـەیرم کردووە، چاوت لێیە چەند فەرقیان هەیە ئەمیان چەند گەورەیەو ئەو یان چەند بچوکە بۆ یە خوای پەروەردگار دەفەرموو ((ذلك أن يعرفنَ)) ئـەو خـۆ داپۆشـینە نیـشانەی عیـزەتو سـەربەرزی ئـافرەتی ئیمانـدارە، هەرچـەندە ئـەو ئافرەتانـەی کـە خۆیـان دادەپۆشن لەوانەیە لە لایەن هەندێ خەڵکەوە لۆمـەو سەرزەنشت بکرێن، بـەڵام بەدڵنیاییـەوە لەلایـەن زۆربـەی کۆمەڵـەوە بـە چاوی ڕێـزو حورمەتـەوە سـەیر دەکـرێن بێجگـە لـەوەش پاداشـتێکی گـەورەیان بـۆ هەیـە لـە لایـەن خـواوە هـەر وەکـو خۆشەویـستمان حەزرەتی محمد (صلى الله عليه وسلم) دەفـەرمویٚ: ((من وراءكم زمان صبر)) ڕۆژێ دێت بەسەر ئومەتەکەم دا، ڕۆژی صەبرو ئارام گرتنە ((للمتمسك فيه أجر خمسين شهيداً منكم)) هەرکەسـێ لـە ژنو پیـاوی موسـڵمان دەسـت بـەم ئیـسلامەوە بگـرێ ئـەجرو پاداشـتی پـەنجا شـهیدی هەیـەو دە چـێتە ڕیـزی حـەزرەتی عائیشەو خدیجەو فاتمەو مەریەمەو ئافرەتانی بەهەشتی یەوە.

بەشی پێنجەم

خوێندن و بالاّ پۆشی (حیجاب)

خۆشەویستان ئاینی پیرۆزی ئیسلام بە هیچ جۆرێ لاری نیە ئافرەتیش فێری زانست و زایاری بێت، بەڵكو پێویست و واجبیشە لەسەری كە فێری كاروباری دینە كەی بێ دیارە فێری كاروباری دینەكەشی نابێت هەتاوەكو فێری زانست و زایاری نەبێت پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دوفەرموێ ((طلب العلم فريضة على كلّ مسلمٍ و مسلمةٍ))[٤٧] فێربوونی زانست و زانیاری واجبە لەسەر هەموو نێرو مێیەك فەرقی كوڕ و كچ نیە بەلاّم ئەوەندە هەیە دایك و باوكی ئیماندار كە كچەكەت ناردە قوتابخانە توخوا با داپۆشراو بێت ئەگینا وەلاّهی واجبێكی شەرعیە كە دكتۆری ئافرەتمان هەبێت ئەندازیاری ئافرەتمان هەبێت مامۆستای ئافرەتمان هەبێت كچان و كیژۆڵكانمان بۆ پێبگەیەنن، دواتر پێویستە شەرعیەكانمان بۆ پڕبكەنەوە، چەندین جار لە لایەن ئەو برایانەی كە دكتۆرن پرسیارمان لێكراوە مامۆستا ئێمە چیبكەین كە شەوانە خەفەرین لە

[٤٧] اسنادە ضعيف، واتا بەرای زۆربەی زانایانی فەرموودەناس ئەم فەرموودەیە بێهێزە

نەخۆشخانەکان‌و خەفەری ئافرەتمان نیە ئەبێت ئێمە دەرزی لە ئافرەتان بدەین، چەند خۆشە ئافرەتان تایبەت بن بە کارو باری ئافرەتان بە تایبەتی کە ئێستە الحمدالله سەدان دکتۆر سالآنە خوێندن تەواو دەکەن. جێگەی خۆیەتی حوکمەتی هەرێمی کوردستان بیر لەم مەسەلانە بکاتەوە. چونکە ئەو میلەتە موسڵمانەو بە غەیری موسڵمانیش ڕازی نیە، کەواتە پێویستە دکتۆری ئافرەت و ئەندازیار و مامۆستای و هەموو پیشەکانی ترمان هەبێت بەلآم با بە جل‌و بەرگی شەرعیەوە بخوێنن، بە داخەوە دوژمنانی خوا و ئەڵقە لە گوێ یەکانی ئەوروپاو ئەمریکا دەڵێن ئیسلام زوڵمی لە ئافرەت کردووە، چونکە ئیسلام داوای کردووە کە ئافرەت خۆی داپۆشێ‌و جل‌و بەرگی شەرعی لەبەر بکات، ئێمەلە چەند شوێنێکی ئەم کتێبەدا باسی ئەم بابەتەمان کردووە ئیسلام زۆر ڕێزی لەفێربووتی زانست‌و زانیاری گرتووە بە بێ جیاوازی ژن‌و پیاو بۆ ئەو کارە پیرۆزە هانیداوە، هەروەك لەئایەتی ژمارە یانزەی سورەتی مجادلەدا دەفەرموێ: ((فَانشُزُوا يَرْفَعْ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ)) ئەمەو چەندین ئایەت‌و حەدیسی تر کە خوا و پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بە بێ جیاوازی ژن‌و پیاوی موسڵمان هان دەدات بۆ فێربوونی زانست و زانیاری جا زانست و زانیاری شەرعی ئیسلامی بێت

یان زانست و زانیاری دونیای و بەڕێوەبردنی کاروباری دنیایی بێت، واتە کەسێك بیەوێت ببێت بەدکتۆرێك ئەندازیارێك داد وەرێك مامۆستایەك....... کە ژیان بە بێ ئەمانە ناڕوات بەڕێوە، ئەوە کارێکی پیرۆزەو هیچ شەرمو و حەیای ناوێت چونکە پێویستیەکی شەرعیە و هیچ شەرم کردنێکی تێدا نیە، بەڵکو پێویستیشە لەسەری کەدوایی هەستێت بەفێرکردن و شارەزاکردنی کچان و ئافرەتانی هاو ڕەگەزی خۆشی، حەزرەتی عائیشەی دایکی ئیمانداران (ڕەزای خوای لەسەربێت) بۆ مان دەگێڕێتەوەو دەفەرموێت (نعم النساء الأنصار لم يكن يمنعهن حياءُ أَن يتفقنّ في الدين)[48] باشترین ئافرەتان ئافرەتانی پشتیوانان (الأنصار) کە شەرمو حەیا ڕێگر نیە لەبەردەم یاندا بۆ شارە زابوون و پرسیارکردن لە دینەکەیان، وەلێرەدا نمونەی ئەو ئافرەتە دەهێنینەوە کە هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) پرسیاری چۆنیەتی خۆپاك کردنەوەی ئافرەتی کرد لە کاتی بێنوێژیدا ئەمەش بەڵگەیەکی بەهێزە لەسەر ئەوەی کەوا ئافرەتانی موسڵمان پێویستە لەسەریان کەهەوبی شارەزابوونی دینەکەیان بدەن، هەر حەزرەتی عائیشە دایکی ئیمانداران (ڕەزای خوای لەسەربێت) بۆ مان دەگێڕێتەوەو دەفەرموێ ژنێك هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و پرسیاری خۆ پاك کردنەوەی لە بێنوێژی لێکرد، کە چۆن خۆیان پاك بکەنەوە ؟ فەرمووی: (خذي فرصة من مس فتطهري بها، قالت كيف

[48] صحيح مسلم كتاب حيض، باب استحباب استعمال مغتسلت وضع فرصة من مسك في موضع الدم ج١ ص:٢٦١ جزء من حديث رقم ٦١

أتطهر؟ قال: تطهري بها. قالت: كيف؟ قال: سبحا الله، تطهري: (فاجتذ بتها إليَّ، قالت تتبعي أَثر الدَّم)[٤٩] واتە: پارچەیەك پەڕۆی پاك بێنەو خۆتی پێپاك بكەرەوە ئافرەتەكە وتی: چۆن چۆنی خۆمی پێ پاك بكەمەوە؟ فەرمووی: خۆتی پێبسڕەوە، وتی: ئاخر چۆن؟ فەرموی: (سبحان الله) خۆتی پێپاك بكەرەوە، حەزرەتی عائیشە دەفەرموێت: ڕام كێشا بۆ لای خۆمو پێم وت: پەڕۆكە بەشوێنی خوێنەكەدا بێنە و جوان بیسڕەوەو پاكو پوختی بكەوەوە لە كاتی خۆشتنەوەت دا لە ڕیوایەتێكی تردا دەفەرموێ: (أن رسول الله (صلى الله عليه وسلم) إستحيا فأعرض بو جهه))[٥٠] پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) شەرمی كردوو ڕووی خۆی وەر گێڕا. وەدەربارەی شەیتانی بوون واتە خەوبینین (الإحتلام) . أم سلمەی دایكی ئیمانداران (ڕەزای خوای لەسەربێت) بۆ مان دەگێڕێتەوەو دەفەرموێ: ڕۆژێك چومە خزمەتی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) وتم: (يارسوالله إن الله لا يستحي من الجف، هل على المراةِ من غسل إذاهي إحتملت؟ فقال روسل الله (صلى الله عليه وسلم) وسلم : نعم إذا رأيت الماء))[٥١] ئەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) خوای

---

[٤٩] صحيح البخاري كتاب الحيض،باب ذالك المراة نفسها اذا تطهرت من الحيض،كيف تنتصل؟وتاخذ فرصة ممسكة اثر الدم پا ص١١٩ رقم حديث ٣٠٨

[٥٠] هەمان سەرچاوە ژمارە فەرمودە ٣٠٨

[٥١] صحيح البخاري ،الغسل ،باب اذا احتملت المراة ص١٠٨ رقم الحديث ٢٧٨.

گەورە لە ئاستی هەقدا شەرم ناکات ئایا ئافرەت ئەگەر إحتلام بوو واتە: لە خەودا شەیتانی بوو خەوی بینی غوسڵی دەکەوێتە سەرو دەبێ خۆی بشوات؟ فەرموی: بەڵێ ئەگەر لە خەو هەستاو هەستی بەخۆی کرد کە لەش و جلەکانی تەڕەو ئاوی بینی، بۆ یە واچاکە چ ئافرەت و چ پیاو کەلە خەو هەستا دەستێك بەداوێن و جلەکانی داوێنی خۆی دا بێنێ ئەگەر بینی جلەکانی تەڕبووە، دەبێ خۆی بشواو غوسڵی دەکەوێتە سەر، دەبێ بشزانێ ئەم ئاوە یان تەڕبوونی جلەکانی دوو جۆری ئاو هەیە یە کێکیان پێی دەڵێن (مذی) و کە ئاوێکی ڕوون و لینجە ئەوە لەشی پێ پیس نابێ تەنها جلەکانی و شوێنەکەی دەشۆرێتەوە، بەلام ئەو ئاوەی کە لەشی پێ پیس دەبێ ڕەنگی سپیەو بە خەست و خۆڵی و بە فیچقە دێتە دەرەوەو لە شی مرۆڤ ڕادەچەنێت ئەوە لەش پیس دەکات و دەبێت خۆی بشۆرێت[52]

بەڵێ خۆشەویستان ئێستا تێگەیشتین کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام هانی هەردوو ڕەگەزی نێرومێ ، کچ و کوڕ ، ژن و پیاو ئەدا بۆ فێربوونی زانست و زانیاری بە داخەوە جێگای ئەسەفە تۆی موسڵمان واتێ بگەی کچەکەت بەڕووتی نەڕواتە دەرەوە فێری شلم نابێ وابزانی ئەگەر قاچی ڕووت نەبێ و قۆڵی ڕووت نەبێ و قژی ڕووت نەبێ فێری عیلم نابێ ، الحمدالله واقع ئەوەی

---

[52] احمد میرزا ڕۆستەمی (پۆشاکی ئیسلامی مایەی خۆشبەختی تاك و كۆمەڵە ١٧٠، ١٧١

بەدرۆخستۆتەوە ، ئەوەتا لەماوەی ئەم بیست ساڵەی ئەزمونی حکمڕانی کوردی دا هەندێ ساڵ یەکەمەکان و دووەمەکان و سێ یەمەکان و عەشرە ئەوائیلیەکانی ئەم هەرێمی کوردستانەی خۆمان لەکچە داپۆشراو موحەجەبەکانن لەوانەن کە قورئان خوێن و ئەهلی مزگەوتن ، چونکە ئێمە مەبدەئێکمان هەیەو بۆ شتێك دەژین زۆر گەورەترە لە ژیانی هاکەزایی دونیای و قیامەتمان چاولێ یە. لەبەرئەوە خۆشەویستانم دایکان و باوکانی بەڕێز بەوەی کچەکەت و کوڕەکەت لە غەربیەك و ئەورووپیەك بچێ بە ڕووتی و قوتی پێش ناکەوێ چونکە ئەو بەڕووتی و قوتی دەستی بەسەر دونیادا نەگرتووە ، ئەو بەعلم و زانیاری گەیشتە سەرمانگ و مەریخ ، ڕەحمەتی خوا لە دکتۆر محمد إقبال لاهوری بێ کە لە شعرێکی دا زۆرجوان ئەمەی باس کردووە کە تەرجەمە کوردی یەکەی ئەمەیە کە من بۆتانی دەخوێنمەوە و زۆرجوان ئامۆژگاریان دەکاو دەڵێت

خەڵکینە وریا بن شەرق کە لاسای غەربی کردەوە
وایزانی گەرەوی ژیانی بردەوە
پێش کەوتنی غەرب نە ناعورەو نە ساز
نەڕەقص و سەمای کچی جەنەباز
نە جادوی ژن و نە خاڵی ڕووە

نە قاچ ڕووتی وبڕینی مـــــــــــــــــــووە
نـــــە ئازایـــــــەتی و نەبیٚ دینی یە
نەلەبەر ســــــۆزو خۆشــــەویستی یە
پێشکەوتنی وان عـــــــلم و سەنعەتە
ئەویش بەرهەمی هـــەوڵ و هیمەتە
بەختەوەری ژین هەتا ڕۆژی مــــەرد
زانست دەیهێنیٚ نەک پۆشاکی تەنک

کەواتــە: پــەروەردەو ڕەوشــت بناغــەی فێربـوونی علـم و زانیاری یە بۆیە تۆی دایك و باوك و ئیماندار هەوڵ بدە کچەکەت پـەروەردەو ڕەوشـتی لەدەسـت نـەدا بـا ئەگـەر لـە خوێنـدنگاو قوتابخانـەکان شەهادەشـی نەهێنایە ڕەوشـت پـەروەردە لەگـەڵ خۆیـدا بهێنێتـەوە کـە بناغـەو بنـچینەی خوێنـدن لەسـەر ئـەوە دامەزراوە چونکە باوەڕتان هەبیٚ ئەو هـەموو خوێنکـار و قوتـابی یـەی کـە ڕوو لـە خوێندنگـەو قوتابخانـەکان دەکـەن هـەمووی هـەر نـابن بە دکتـۆر هـەر نـابن بـە ئەنـدازیار هـەمووی هـەر نـابن بـە دادوەر و محـامی هـەمووی هـەر نابن بـە مامۆسـتا بەڵام واجبە هـەموویان ڕەوشـت و ئـەخلاقیان هـەبیٚ زانایـەك فەرمویـەتی: پرسـیان لـە سـەروەت و سـامان وتیـان: ئـەی سـەروەت و سـامان ئەگەر تۆ بزربووی لە کویٚ دا بۆت بگـەڕێین و بتدۆزینـەوە ووتـی:

لە کۆشکی پیاوە دەوڵەمەندەکان و لە بانقەکانی حکومەت دا بگەڕێن لەو شوێنانەدا پارە زۆرەو دەیدۆزنەوە لە زانست و زانیاریان پرسی ئەی علم و زانیاری ئەگەر تۆ بزربووی لە کوێدا بۆت بگەڕێین؟ ووتی: لە خوێندنگا سەرەتایی و ناوەندیی یەکان دا لەزانکۆو دانیشگاکاندا بگەڕێین لەوێدا علم و زانیاری زۆرە وە دەیدۆزنەوە، لەئەخلاق و ڕەوشتیان پرسی ئەی ئەخلاق و ڕەوشت ئەگەر تۆ بزربووی لە کوێدا بۆت بگەڕێین ووتی یەك زەڕە بۆم مەگەڕێن ووتیا بۆچی؟ ووتی: چونکە ئەخلاق و شەرم و حەیا کەڕۆیشت تازە دەست ناکەوێتەوە بەلاٌم علم و زانیاری وانیە ئەگەر قوتابی یەکە ساڵێکیش دەرنەچیٚ دەتوانیٚ ساڵی دووەم و سالانێکی تر قەرەبووی بکاتەوە بەلاٌم شەرم و حەیا وانیە هەر لەبەر گەورەی ڕەوشت و ئەخلاقە لە ولاٌتە ئیسلامی یەکان دا ئەو وەزارەتەی کە تایبەت کراوە بەخوێندن پێی دەوتریٚ (الوزارة التربية والتعليم) وەزارەتی پەروەردەو فێرکردن ئەها پەروەردە لەپێش علمەوەیە. بۆیە ڕوو لەهەموو دڵسۆزان مامۆستایانی بەڕێزی ئەم کوردستانە دەکەم، کە لەدانانی سیستەمی خوێندن دا سەیری دین و ژینی ئەم میللەتە بکەن و سیستمێك دابنێن کە لەگەڵ دین و کلتورو مێژوی ئەم میللەتەدا یەك بگرێتەوە، بەخوا واقعی ولاٌتانی دونیا ئەم ڕاستی یەی سەلماندووە، ئەوەتا دکتۆر (دارکونان) دکتۆرێکی ئەمریکی یە و پسپۆڕە لەبواری پەروەردەی دا دەڵێت :

پەروەردەو فێرکردن کالاو کەل و پەل نیە لە ولاتانی دەرەوە بیهێنی بەڵکو پرۆسەیەکە ئەبێت لەناو خۆی خۆتا هەڵبقوڵێ ئەڵێت: ئێمە وەك و گەلی ئەمریکا چەند ساڵێك سیستەمی بەریتانیامان هێنا لە ئەمریکا جێ بەجێمان دەکرد هەموو خوێندکارو قوتابی یەکانمان فاشل بوون ، چونکە بیرمان کردەوە کە ئەو سیستەمەی بەریتانیەکان بۆ وولاتی ئەمریکا نابێت ، جا وەرە پسپۆرانی بواری پەروەردەیی و ڕۆشنبیران و دڵسۆزانی بنیات نەری نەوەی نوێ ی ئەم کوردستانە ئەمریکاو بەریتانیا دوو ولاتی مەسیحین دوو وولاتی هاوپەیمانن لەدێر زەمانەوە دوو وولاتن لەڕوی جوگرافیەوە دراوسێ و نزیکین لەیەك دوو وولاتن زۆربەی ئەمریکی یەکانیش کاتی خۆی لە بەریتانیاوە چونەتە ئەمەریکاو تائێستاش پەیوەندی خزمایەتی لە بەینیاندا هەرماوە دوو وولاتن بەیەك زمان قسە دەکەن، کەچی یەك سیستەم بۆو دوو وولاتە ناخوات. بۆیە دکتۆر دارکۆنان دەڵێت ئێمە بەخۆماندا چوینەوە و بڕیارماندا سیستەمێکی پەروەردەی ناو واقعی گەلی ئەمریکا دابنێین فعلەن کە سیستەمەکەشمان دانا خوێندکارەکانمان سەرکەتووبوون جا وەرن دڵسۆزانی دین و وولات بەراوردێك لە بەینی کوردستان و سوید و نەرویجیا بکەین لە ڕوی دین و جرگراق و مێژوی ئاستی ڕۆشنبیری یەوە بزانە ئاسمان و ڕیسمانی فەرقە یان نا؟!. سوید کە بەحەیاتی کارەبای نابڕێ و سایەقێك لەمێلی

سوری ترافیك لایتیك تێ ناپەڕێ و کوڕی سەرۆك وەزیران لەگەڵ کوڕی هەژارێك دا لەبەردەم یاسا دا هیچ جیاوازیەکیان نیە بزانە ئەم دوو وولاتە چەندیان فەرقە. بۆیە پشتیوانی خۆم بۆهەموو خوێنکار و قوتابیە ناوەندی و دواناوەندی یەکان دەردەبڕم کە ناڕەزاییان دەربڕی و دەیان ووت: ئێمە ژیانمان ئەفریقی یەو سیستەممان سویدی یە .

بەشی شەشەم

ئەو نەخۆشیانەی بەهۆی زیناو داوێن پیسیەوە توشی مرۆڤ دەبن.

لەبەر ئەوەی پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوان ئەو نەخۆشیانەو بابەتەکەی ئێمەدا هەیە بۆ یە پێم باش بوو لەم بەشەی باسەکەمان دا باسێکی ئەو نەخۆشیانە بکەم کە بەهۆی زیناو رووتی و قوتیەوە بلاو دەبێتەوە. چونکە ئەم نەخۆشیانە بەهۆی تێکەلاو بونی نێرو مێ و، فرێدانی پۆشاکی شەرعی یەوە دروست دەبێ چونکە لە ئەنجامی خۆ رووت کردنەوەی ئافرەتان و تێکەلاو بوونیان بە پیاوانی نامەحرەم و جوت بونی ناشەرعیەوە دروست دەبێت ئەمەش دەبێتە هۆی بلاو بونەوەی چەندین نەخۆشی کوشندە و نالەبار کەخوای پەروەردگار وەك و سزایەك چەندین نەخۆشی بۆ ئەو کەسانە دەنێرێ کە خەریکی بەرەلای و داوێن پیسین، پەنا بەخوا هەرکەسێکیش توشی ئەو نەخۆشیانە بێت سەرەنجام دەمرێت، بۆ یە پێم خۆش بوو کورتەیەك لەو نەخۆشیانە بکەم بە بەشێکی کتێبەکەم و باسی بکەم.

خۆشەو یستان ئەو نەخۆشیانەی توشی کۆ ئەندامی زاو زێ ی ژن و پیاو دەبن کە خەریکی داوێن پیسی و زیناکردن،

پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێت ((یامعشر المهاجرين: خمس خصال إذا أبتليتيم بهن ؤ أَعوذُ بالله أن تدركوهن، لم تظهر الفاحشه في قوم قط حتى يُعلِنُوابها الاّ فشافيهم الطاعون و الأَوجاع التى لم تكن مَضَت في أَسلافهم الذين مَضُو.........))[٥٣] دەفەرموێ: ئەی کۆمەڵی کۆ چەرانی صحابە، ئەی ئەو کەسانەی کە لەبەر خاتری خوا ماڵ‌ومنداڵ و نیشتمانی خۆتان بە جێهێشتووەو لەبەر ڕەزامەندی خوا لە مەکەوەکۆ چتان کردووە بۆ شاری مەدینە، پێنج سیفەت هەن داواکارم لە خوای پەروەردگار کە نەیان بینن‌ولە ناوتانا دەر نەکەوێ، ئەو یش داوێن پیسی و زینا کردنە چونکە لە ناو هەر گەلێ و میللە تێکدا بە ئاشکرا دەر کەوێ و خەڵك هەموی سەری تێبکا و نەگەڕێتەوە ئەوە خوای گەورە ئەو کەسانە بەشێوەیەك توشی نەخۆشی تاعون‌و ئایدزو نەخۆشی جۆراو جۆرو و ئەشکەنجە و ئازار و برسێتی‌و ترسان دەکات کە لە ناو میللەتانی پێش خۆتان دا نە بووە هەر بۆ یە خوای پەروەردگار ڕێگە لە داوێن پیسی زینا دەگرێت‌و، لە هەمو شەریعەتە ئاسمانی یەکانی خۆی دا چەندین یاسای بەرزو جوانی بۆ داڕشتووەو بە هەموو شێوەیەك دە یەوێت مرۆڤ لە کاری بەرەڵای‌و داوێن پیسی دوربخاتەوە، وە بە چەندین فەرمودەش کاری سێکسیش بۆ ڕێك خستوین، جا

---

[٥٣] رواه ابن ماجه،وصححه الالبانى (١٠٦)في السلسلة الصحيحة.

خۆش بەختی بۆ هەموو ئەو کەسانەی دەس بە یاساو ڕێسای خواوە دەگرن، بە تایبەتیش لەدینی پیرۆزی ئیسلام دا کەوا وەك و دوا پەیامی خۆی ناردوویەتی بۆ ئومەتی محمد المصطفی (صلی الله علیه وسلم)و هانی گەنج و لاوەکان دەدات بۆ زوو ژن هینان و شوکردن چونکە هۆکارێکی گەورەیە بۆ ڕێگیری کردن لە زیناو داوێن پیسی هەروەها بە چەند فەرمودەی تر ڕێگری لە تێکەڵاو بوونی ژن و پیاوی نامەحرەم دەگرێت چونکە ولاّهی لە ئەنجامی تێکەڵاو بون دا، چاوەکان بەرەلاّ دەبن پاشان نەزەر کردن زۆر دەبێت دواتر زینای چاو ئاسان دەبێت. سەرەنجام ئەو ین و دڵداری و حەزلێکردن زۆر دەبێت و دوا جاریش زیناو داوێن پیسی بلاّو دەبێتەوە، بە کورتی تێکەڵاو بوون و نەزەر کردن یەکەم هەنگاوی بەرەو زیناو داوین پیسی چوونە هەروەکو لە کۆنەوە وتراوە:

كُل الحواديث مبدءها مِن النَظَرِ ومَعظَمُهُم النار من مستصغر الشَرَرِ

واتە:هەمووئەو کەسانەی توشی ئابڕوو چون و داوێن پیسی دەبن، سەرەتاکەی لە تەماشا کردن و نەزەر کردنەوە دروست دەبێت، هەروەکو چۆن گەورەترین ئاگر لە پرنیشکێکی بچوکەوە دروست دەبێت، شاعیرێکی تر زۆر بەجوانی فەرمویەتی:

نَظَرَةٌ فابتسامةٌ فَسَلامُ فَكلامٌ فَموعِدٌ فَلقِاءٌ

واتــە: مرۆڤـ کـە توشـی زینـاو داوێـن پـیس دەبـێ، یەکـەم جـار لـەوەوە دەسـت پێـدەکات کـە کـوڕو کـچەکە تەماشـای یـەکتری دەکەن، دواتر شەرمیان لەیەکتری نامێنێت ئەنجا بە دەم یەکترەوە پێدەکەنن، پاشان هەرکات توشی یەکتری بوون سەلام لە یەکتری دەکەنو ئەحواڵ پرسی و چاكو چۆنی لەگەڵ یەکتریدا دەکەن، پاشان مەو عیدو چاو پێکەوتن لە نێوانیاندا ڕوو دەدات، کەواتە ئەگـەر لەیەکـەمجار لـە تەماشـاکردنەکە خۆیـان بپـارێزن هەنگاوەکانی تری بە دوادا نایەت، بۆ یە پرسیار لە پێغەمبەری خـوا (صـلی الله علیـه وسـلم) کـرا، دەربـارەی چـاو پێکـەوتنی یەکـەمجار کـەپیاوێك چـاوی بـە ئافرەتێـك دەکـەوێت، یـان بەپێچەوانەوە ئافرەتێك چاوی بە پیاوێك دەکەوێ، کە ئەمە پێی دەوترێ تەماشا کردنی کتو پڕ، پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) فەرمووی: (أصرِف بَصَرَك)) [٥٤] جاری یەکەم ئەوە بە دەسی خۆت نەبوو ئافرەتێك هاتە بەر چاوت، بەڵام فەرمووی لە جاری دووەم دا چاوت دابخەو بەردەوام مەبە لەتەماشا کردنی چونکە زینا لە تەماشا کردنەوە دروست دەبێت. لەبەر ئەوە مرۆڤی مو سڵمان دەبێ زۆر ئاگای لە خۆی بێ کە بەردەوام نەبێ لە سەر نەزەر کردن چونکە ئەگەر لەیەکەم نەزەرەوە فریای خۆت نەکەوی دەوروژێیتو ئەوەش ڕات دە کێشێ بۆ هەنگاوەکانی

---

[٥٤] رواه الدسلم

تر، هەنگاوی یەکەمیش کە تەماشا کردن و نەزەر کردنەکەیە، ڕات دە کێشێ بۆ هەنگاوی دووەم کە زەردە خەنەو شەڕە چاوێکە، پاشانیش گفتوگۆو یەکتر بینینە، تا سەرەنجام کەوتنە ناو کارەساتی زینای لێ دەکەوێتەوە، هەربۆیە خوای گەورەکە باسی زینا دەکات نافەرموێ: زینا مەکەن، بەڵکو دەفەرموێ ((و لا تَقربُوا الزينا)) نزیکی زینا مەکەون، چونکە مرۆڤ ڕاستەو خۆ ناکەوێتە ناو زیناکەوە، بەڵکو زینا پێشەکی زۆرە، کە بەداخەوە ئەمڕۆ لەم وڵاتانەی ئێمەدا زیناو داوێن پیسی پێشەکی زۆری هەیە، کە واتە: پێویستە مرۆڤ لە یەکەم هەنگاودا تەوبەی لێ بکات، ئێستە کە حەز کردن لە ناخت دا هەیەو دە تەوێ پەیوەندی لە گەڵ ئافرەتێك دا یان ئافرەتێك لە گەڵ پیاوێك دا پەیدا بکات یان شەڕە چاوێکت گۆڕیوەتەوە لە گەڵ یە کێکی تردا، لە گەڵ ڕە فیقێکت دا یان هاو پۆلێکتدا، ئێستا تەوبەی لێ بکەوئەو پەیوەندیە بپچڕێنە و یەکسەر وازی لێبێنە، نەك بڵێی وردە وردە وازی لێدێنم و دوای تەرکی دەکەم نەك بڵێ ی بۆ یە من تەوقە لەگەڵ ئافرەتی نامەحرەما دەکەم تا خەڵکی وانەزانێ مرۆڤێکی وشكو دوا کەوتووم بەڵام نەخێر بەوە پێش کەو توو نابی، ئەبێ ئەوەی لاتۆ گرنگ بێت سەلامەتی دینەکەت بێ، چونکە ئێمەی موسڵمان لە قورئانەکەمانەوە چاکەو خراپە لە یەکتری جیا دەکەینەوە دینەکەمان پێمان دەڵێ کامە حەرامەو کامە حەڵاڵە کامە باشەو کامە خراپە، زۆر بە داخەوە خەڵکانێك

هەیـــە لـــە ســـەر ڕووپـــەڕی ڕۆژنامـــەو گۆڤـــارو شاشـــەی تلفیزیۆنەکانـەوە بـە ڕاشـکاوی دەڵـێ ئێمـە بۆیـە دواکـەوتوین خـەتای دینـی ئیـسلامە و ئـەمریکاو ئـەوروپاش بـۆ یـە پـێش کەوتوون چونکە ئافرەتیان ڕووت‌و قوتـەو وازیـان لـە دین‌و لـە هـەموو پیرۆزیـەکانی ئـەخلاقی و ئینسانی هینـاوە، بۆیـە ئێستە کۆمەڵگەیـەکی ئاسـودەو بـە ختـەوەرن بێجگـە لـەوەش بونەتـە شوێنێك بۆ ئەوەی وولاتـانی تـری دونیا شوێن هەنگاوە کانیـان بکەون‌و واز لە هـەموو پیرۆزیە ئەخلاقی‌و دینـی یەکانی خۆیـان بێنن، بەڵام بێ ئاگایە لە مێژوی ئەو رووپا کە هـەر نزیکـەی دوو سەد ساڵێك لەمەو بەر، هـەر لەو ئەورووپایە ئافرە تیان دەرپێـی ئاســنیان لـە پێـدەکرا بـە تایبـەتی کـاتێ کـە دەیـان ویـست سەفەرێکی چەند مانگی بکەن، لەلایەن مێردەکانیشیانەوە قفڵ لە دەرپێی ئاسنەکەیان دەدراو کلیلە کەیان لە گەڵ خۆیان دەبـرد لـە ترسی ئەوەی ژنەکانیان خیانەتی هاوسـەری یـان لـێ نەکـەن!!لە هەموو مێژوی ئیسلاما شتێکی ئاوانیە؟ کام پیاو دڵی زۆر پیسە شـتی وای بەرامبـەر ژنەکـەی نـەکردووە! وە ئـەو کەسانەشـی کـە وادەزانـێ پـێش کەوتنـە تەکنـەلۆجی‌و زانستیەکەیەی ئـەوروپا، هــی ئەوەیــە کــە بــێ ڕەوشــتی تێـدا ئـازادە، ئەوانـەی زۆر نـە خوێنـدەوارو نـەزان‌و سـاویلکەن؟! ئەوانـە خـەڵکانی زۆر لاسـایی کەرن، هـەربۆ یە دەبینـی زۆرێك لەوانەوەی کـە دەچنە ئـەوروپاو ئەمریکا و پاشان دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان بە داخـەوە هـەموو

دیاریەکیان بۆ ئەم ولاتە ویرانەو میللەتە چەو ساوە مەزلومە بریتی یە لە ناردنی شریتێکی فیدیۆی کە گۆرانی بێژێکی ئافرەت رەقس و سەما بکات و ناوکی بەدەرەوە بێت!! بۆ بەیانیش خەڵکانێکی بیَ دین و دین لاواز لاسای دەکاتەوە، دواتریش بە پێش کەوتنی دەزانیَ دەیکات بە مۆدێل لە بازاردا، بە بیَ ئەوەی سەرچاوەی ئەم مۆدێل بازیە بزانیَ لە کویَ وە هاتووە هەروەك و دکتۆر کەمال مەزهەر لە کتێبی مێژوودا دە یگێرێتەوە و دەڵێت لەسەر دەمی لویسی چوارم دا، شەوێکیان لە کۆشکی پاشا ئاهەنگێك دەبیَ، لەو کاتەدا ناو هۆڵی کۆشك جمەدێت و هەموو خەڵکی چاوەروانی پاشا دەکەن و دەیانەوێت بزانن چی لەبەردایە، بەلاّم پێش هاتنی پاشا بۆ ناو کۆشك، دەبێتە باران و ئیتر مەرای کەران و ماستاوچیەکان دەکەونە هەلەکەسەما نەوەك و جەنابی خاوەن شکۆ بارانی بەرکەویَ، بۆ یە یەکێك پەلاماری چەتر دەدات یەکێکی تر خاولی و یەکێکی تر گولاّو، ژمارەیەکیشیان پانتۆڵەکەی بەرێکی بۆ هەلَ دەکەن بۆ ئەوەی پریشکی قورو چلَ پاو بەر پانتۆڵەکەی خاوەن شکۆ نەکەویَ، کە دەگەنە ناو کۆشکی پاشایەتی ئەوانەی کە پانتۆڵەکەیان بۆ هەڵکردووە، بیریان دەچێت پانتۆڵەکەی بۆ دادەنەوە دوایش کە لە ناو ئاپۆرای جەماوەردا بیریان دەکەوێتەوە پیان عەیبە تازە لە بەرچاوی ئەو خەڵکە پاشا راگرن و پانتۆڵەکەی بۆ وەك خۆی لێکەنەوە، ئیتر خەڵکی دەکەونە مقۆ مقۆو دەڵێن:

بە خو: پاشا مۆدێلێکی تازەی لە بەرایە، هەربۆیە بۆ رۆژی دوای هەریەکە لەو خەڵکە روو دەکاتە بەرگ درووی یەك تا دەستوبرد

پانتۆڵێکی کوڵی قەراغ هەڵکراوی وەك پانتۆڵەکەی دوێنێ شەوی پاشای بۆ بدورێت........ ئیتر ئەمە بوبە مۆدو هەر ئەو مۆدەیەی کەس نەیزانی چۆن پەیدابوو، هیتلەر بەو هەمو زەبرو زەنگەی بۆ لە ناو نەبرا.

خۆشەویستان ئەوانەی کە دەڵێن: ئەوروپا بە هەشتی سەرزەویە بێ ئاگان لەوەی کەساڵی (١٣٤٧) تا ساڵی (١٣٥٠) زاینی تاعونێك لەو ئەو روپایەدا بڵاو بۆوە، هەشتا ملیۆن مرۆڤی کوشت، ڕۆژی هەشت سەد کەس تەنها لە پاریس پایتەختی فەرەنسا دەمرد. مەشهورە بەوەی کە (⅓) ی ئەوروپا فەوتا!! دە وڵاهی ئێستاش نەخۆشی ئایدز لەو تاعونەی ئەو کاتە مەترسی زیاترە نەك تەنها لەسەر ئەو روپا بەڵکو لەسەر ئەمریکاو ئەفەریقاو هەموو دونیاش. خوێنەرانی بەڕێز دەزانی ئایدز چیەو کەی ئەم نەخۆشیە ترسناکە سەری هەڵدا، ئایدز (AIDS) بریتیە لە کورت کراوەی پیتەکانی (Acquired Immune Sefieinsy Syndrome) واتە ئەم ئایدزە بریتیە لە دوو پێکهاتەی سادە کە دە چێتە ناو خڕۆکەی سپی خوێنەوە، خڕۆکەی سپیش دوو جۆرن لە ناو خوێندا، وە ختێك مرۆڤێك شوێنێکی برین دار دەبێ، یەکسەر کۆمەڵێك میکرۆب ڕوو دەکەنە شوێنی ئەو برینە، لەو کاتە دا کۆمەڵێك خڕۆکەی سپی دێن وەکو پێشمەرگەی فیداکار بۆ ئەوەی ئەو میکرۆبە لە ناو بەرێ، ئەو کۆمەڵە خڕۆکە سپیە ئەوە پێشمەرگە کانی ئەوەڵن، دەستەی یەکەمن و دێنە پێشەوە بۆ

دیفاع،ئەی ئەو خڕۆکە سپیانە چیان لەسەرە؟! ئیشیان ئەوەیە بەرگری لەو میکرۆبانە دەکەن کە لەڕێگای ئەو برینەوە دەیەوێت بێتە ناو لەشی مرۆڤەکەوە. پاش ئەوەی خڕۆکە سپیەکان خێرا دەچنە بەردەمی برینەکەو نایەڵێ میکرۆب بێتە ناو لەشی مرۆڤەکەوە، یەکسەر بەدوای خڕۆکە سپیەکەشەوە خەپلەیەکی گەورە تر دێن و لە دەمی برینەکەدا میکرۆبەکە دەکوژن. لەم کاتەشدا ڤایرۆسی ئایدز خۆی دەدزێتەوە و دە چێ لەناو خڕۆکە سپیەکاندا گەرا دا دەنێ بە شێوەیك کەسی نەخۆش تاماوەی حەوت ساڵ بۆ دەساڵ هەست بەوە ناکات نە خۆشی ئایدز لە لەشیایەتی هەتا وای لێدێت هەموو خانەکانی لەشی ئەم مرۆڤە توشی دەبێ ئەگەر بە قەبارەی شوێنی نوکە قەڵەمێك وەرگرین لە لەشی نەخۆشەکە کە شوێنی یەك نوکە قەڵەم زۆر بچوکە، تەسەورکە ئەو شوێنە یەك ملیۆن ڤایرۆسی ئایدزی تێدایە، سبحان الله ئەم کەسەی ڤایرۆسەکەی هەڵ گرتووە، هەر بە خۆشی نازانێ کە هەڵی گرتووە چونکە هیچ شوێنەوارێکی لە سەرلاشەی نەخۆشەکە بە جێ نە هێشتووە بەلاّم کاتێ کە لێی دەرکەوت لە ماوەی شانزە مانگدا یان لەماوەی دوو بۆ سێ ساڵدا یان لە ماوەی پێنج ساڵدا زۆر بە زەلیلی دەیکوژێ.

بەڕێزان: ئەم نەخۆشی ئایدزە، لە ڕیگای زیناو داوێن پیسیەوە توشی مرۆڤ دەبێت، یان لە ڕیگای چونە لای ئافرەت لە پشتەوە، یان بە هۆی نێر بازیەوە توشی مرۆڤ دەبێت، سەر چاوە مێژوییە کان

دەڵێن: یەکەم جار ئەم نەخۆشیە لە ساڵی (١٩٧٩) دا یەکەم حاڵەتی لە ئەمریکا دۆزرایەوە واتە لە هەموو جیهاندا یەك کەس توش بووبوو، دوای ساڵێك واتە ساڵی (١٩٨٠) بو بە شەست کەس لە ساڵی (١٩٨١) ژماری ئەو کەسانەی توشی نەخۆشی ئایدز بوون بوو بە هەشتاو یەك هەزار و چوار سەدو سی و سێ کەس. هەر لەو ساڵە دا ئەمریکا ڕایگەیان لە وڵاتەکەیدا، پەنجاو نۆ هەزارو شەست و نۆ کەس توشی بووە، تە ماشاکە چەند بە خێرای بڵاو دەبێتەوە بە جۆرێ لە ماوەی یەك ساڵدا لە ئەمریکا لە شەست کەسەوە بۆوە بە هەشتاو یەك هەزارو چوارسەدو سی و سێ کەس!!

فەرموون ئێستا با بزانین ئەم نەخۆشیە بە هۆی چیەوە دە گوازرێتەوە لە کەسێکی توش بووەوە بۆ کەسێکی تر؟! لە م ڕێگایانەی خوارەوە کە باسیان دەکەین

یەکەم: جوت بونی ژن و پیاو یان پیاو وپیاو کە یەکێکیان هەڵگری ڤایرۆسی ئایدز بێت، ئێستا (ئیسرائیل) ئەو ئافرەتانەی کە توشی ئایدز بوون بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەی خۆی، وەك و چەکێکی کوشندە دەیان نێرێ بۆ سەر وڵاتانی تر بە تایبەتی وڵاتانی ئیسلامی و دەوروبەری لە جیاتی تۆپ و تەیارە و چەکی کۆ کوژ ئافرەتێکی داوێن پیسی توش بوو بە ئایدز دە نێرێتە ئەو وڵاتەی ڕقی لێیەتی، بۆ ئەوەی لە ڕێگای زیناوە بە سەدان خەڵك لە ناوبەرێ. چونکە هەر بەیەك جار زینا کردن لە گەڵ کەسێکی توش بوودا، کە سە توش نەبوەکان توش دەبێ، هەر بۆنمونە ئافرەتێکی گەڕۆکی ئیسرائیلی، لە ئەسکەندەریەی میصر، چاو لە گەنجێکی میصری دا

دەگرێ و دەیباتەوە بۆ ئوتێلەکەی‌و شەو لەگەڵی دا جوت دەبێت، بە یانی زو ئافرەتەکە کارتێکی بۆ بە جێدێڵێ و لای پشتیەکەی ژێر سەری یەوە بۆی دادەنێ، کە لێی نوسراوە (أهلاً و سهلاً في نادي الآيدز العالمي) ئەوە جەنابیشت بوی بە ئەندامی یانەی ئایدزی جیهانی! ئیتر کورە تا زە لە ناو چوو، ژیانی کۆتای هات، دەبێ بۆ خۆی هەر قور بپێوێ.

دووەم: دووەم ڕێگا بۆ گواستنەوەی ئایدز، لە ڕێگای ماچ کردن‌و لیکی دەمی نەخۆشەکەوەیە! تەنها بەیەك ماچ کردن، یان تێکەڵاو بوونی لیکی ناو دەمی نەخۆشەکە، مرۆڤە توش نەبووەکەش توش دەبێ، با زیناشی لە گەڵا نەکردبێ.

سێیەم: بەهۆی بە کار هێنای دەرزیەوە، ئەو یش بەهۆی ئەو کەسانەی کە مادە بێ هۆشکەرەکان (المُخدّرات) بە کاردێنن توشی حاڵەتێکی نەفسی وادەبن کە دەرزیەك دەکرێ لە وانەیە چەند کەس پێشتر هەر بەو دەرزی یە لە خۆیان دابێ، جا ئەگەر ئەکێك لەو کەسانە نەخۆشی ئایدزی لە گەڵ بووبێ، کە دەرزیەکە چووە لە شیەوە یەك سەرە دەرزی، یەك ملیۆن ڤایرۆس دە گوازێتەوە!!کاتێ لە کەسێکی تری ساغ درا ئەوە بەیەك جار یەك ملیۆن ڤایرۆسی ئایدز دە چێتە لە شیەوەو توشی دەبێ لە سەدا (١٢-٢٠)ی توش بوون بە ئایدز بە هۆی بەکار هێنانی دەرزی مادە بێهۆش کەرەکانەوەیە.

چوارەم: بۆ گواستنەوەی ڤایرۆسی ئایدز، لە ڕێگەی تێکردنی خوێنەوەیە کە یەك ملیم خوێن دەتوانێ سەد هەزار ڤایرۆسی ئایدز بگوازێتەوە بۆ یەکێکی تر . لە ساڵی ١٩٨٦ دا لە سعودیە،

منداڵێکی شەش ساڵان کە پێویستی بە خوێن بوو، خوێنیان تێکرد، کە خوێنەکە لەشاری (سانفرانسیسکۆ)ی ئەمریکاوە هاتبوو، منداڵەکە لەو خوێنەوە توشی ئایدز بوو، چونکە ئەو کەسەی خوێنەکەی لێگیرابوو نەخۆشی ئایدزی هەبوو. پاشان لە ساڵی(١٩٨٩) دا دوو کەسی تر هەر لە ڕێگای تێکردنی خوێنەوە توش بوون، کە یە کێکیان نەشتەرگەری گورچیلەی بۆ کرابوو، ئەوی تریشیان نەشتەر گەری سیەکانی، وە ختێ خوێنیان تێکرد توشی ئایدز کە بوو، چونکە خاوەنی هەردوو خوێنەکەی هەڵگری ڤایرۆسی ئایدز بوون، لە سەدا (٢-٤)ی توش بوون بە هۆی خوێنەوەیە.

خۆشەو یستان لە مانگی دەی ساڵی (١٩٩٧) دا کۆنگرەی چوارەمی نێو دەوڵەتی بۆ بەرگری کردن لە بلاو بونەوەی ئایدز لە شاری (مانێلا) ی پایتەختی (فلیپین) بەسترا، کە لەو کۆنگرەیەدا سێ هەزا پسپۆڕی شارەزا لە (٦٥) ولاتی جیهانەوە بە شداریان تێدا کرد، کە لە کۆتای کۆنگرە کەدا بە ڕێوە بەری کۆنگرەکە کە ناوی (بیکەر بیوت) بوو، کە نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان بوو لە کۆنگرە کەدا ڕای گە یاندا کە : ژمارەی توش بوان بە نەخۆشی ئایدز لە ساڵی ١٩٩٦ دا گەیشتۆتە بیستو سێ ملیۆن کەس!! کە چواردە ملیۆنی تەنها لە باشوری بیابانی ئەفریقا دا بوو حەوت ملیۆنیشی لە ئاسیادابووە، کە پێنج ملیۆن تەنها لە (هندا) دەر کەوتووە. وە سەرۆکی کۆنگرە

کە داوای کرد کە ڕێو شوێنی توندو تۆڵ بگرێتە بەر بۆ ڕوو بەڕوو بونەوەی ئایدز لە ئاسیادا، کە ووتی: توش بوون بە ئایدز لە ئاسیادا دە توانرێ ناوو ببرێ بە (الكارثة التأريخية للآسيويين) کارەساتی مێژووی بۆ ئاسیاییەکان هەروەها لە کۆنگرە کەدا ڕاگەیەنرا کە هەڵگرانی میکرۆبی ئایدز لە ناو منداڵاندا لە کۆتای ساڵی (١٩٩٧) دا گەیسشتە یەك ملیۆن منداڵ!! یەك ملیۆن منداڵی بێتاوان لە سەرەتای بەهاری ژیانیاندا، گوڵی ژیانیان هەڵ دەوەرێ، بە هۆی چیەوە؟بەهۆی زیناوە لەسەدا (٩٠) ئەو منداڵانەی کە توشی ئایدز دەبن بە هۆی دایکە کانیانەوەیە، ئەو ڤایرۆسی ئایدزە لە ڕێگای دایکەوە دە گوازرێتەو بۆ منداڵە کانیان لە کاتێکدا لە ناو سکی دایکی دایە، یان لەکاتی لە دایك بوون دا لەڕێگەی خوێنەوە یان لە ڕێگەی شیر پێدانەوە منداڵەکە لە دایکیەوە ئایدزەکەی توش دەبێت.

بەڕێزان: ئەوەی زیاتر مەترسی نەخۆشی ئایدز دەر دەخات ئەوەیە کە ئەوەندە زوو دەگواسترێتەوە کەس ناتوانێ لە کەسی توش بوو نزیك بێتەوە، تەنانەت دوای مردنی ئەو کەسانەی بەر پرسن لە شاردنەوەی مردوو دەستی لێنادەن، پزیشکە کان دەست کێش لە دەست دەکەن لە کاتی چارە سەرداو دوای لێبوونەوە دەست کێشەکان دەسوتێن! هەروەها ئایدز دەردێکە کە چارە سەرکردنی یەك نەخۆش (پەنجا بۆ سەد) هەزار دۆلاری

ئەمریکی دەوێت، درێژترین تەمەنی ئەو نەخۆشیەش دوای توش بوون (٢-٣) ساڵە.

کەواتە: هەروەك ژیانی کەسەکە لە ناو دەبات سەروەت و سامانی نەك خۆی بەڵکو بنەماڵەو حکومەتەکەش لە ناو دەبات! هەر بۆیە مرۆڤی دڵسۆز بە خۆی و کۆمەڵگاکەی و حکومەتەکەی و گەل و وڵاتەکەی، ئەو کەسەیە کە داوێن پاکە، نەك هەر ئەوەندەش، بەڵکو وەك و خۆی داوێن پاکە، هەوڵیش ئەدا کە خەڵکانی تریش هەموویان داوێن پاك بن، وە هەموو مرۆڤەکان لە بەد ڕەوشتی و زیناوە دوربن، لەبەر ئەوەی ئەگەر هەندێ خەڵکی حاڵی نەبوو لە دین و ژین دەڵێ خۆ کەس ناچێتە قەبری کەسەوە، بزن بە پێی خۆی هەڵ دەواسرێ و، مەڕ بە پێی خۆی، واتە: خۆت چاك و پاك بەو حەقی کەست نەبێ، بەڵام ئەی ئەوە چی لێدەکەن کە وەکو باسمان کرد بە ملیۆن خەڵکی بێ ئاگا، یان بێ تاوان وەك و منداڵ، بەهۆی چەند کەسێکی داوێن پیس و بێ دینەوە توشی ئایدز دەبن! ئاخر ئەمانە هەر لەدونیادا خەڵکی دەخەنە ئەو قەبرەوەی کە خۆیان تێی چون!

هەروەها زیناو داوێن پیسی جگە لە ئایدز نەخۆشی یە کۆنەکانی تریشی پێوەیە:

یەکەم: نەخۆشی زەهری(السفلس):-

ئەم نەخۆشییە نەخۆشییەکی سارییەو لە ئەنجامی کاری جووت بوونی ناشەرعییەوە سەری هەڵ دەدات، ئەم نەخۆشییە ڕاستەو خۆ دەر ناکەوێ بەڵکو بە چەند قۆناغێك دەر دەکەوێت و لە ناو لەشی مرۆڤدا بڵاو دەبێتەوە، سەرەتا لە شێوەی چەند زیپکەیەك لەسەر پێستی مرۆڤەکە پەیدا دەبێت و بە تایبەتی لەسەر کیسی گون و هەروەها بەدەوری کۆم و بە دەوری دەم دا دەر دەکەوێت، مەترسی ئەم نەخۆشییەش ئەوەیە بە خێرای بە هەموو ئەندامەکانی لەش دا بڵاو دەبێتەوە وە ئەگەر لە قۆناغی سەرەتای و یەکەم دا دەست نیشان نەکرێت، لەپڕ تەشەنە ئەکات و بڵاو ئەبێتەوە، دواتر بە خێرای خۆی دەگەیەنێتە جگەرو دەئاوسێ و دەبێتە هۆی نەخۆشی شێر پەنجە و دواتریش پەل دەهاوێت بۆ بڕبڕەی پشت و دەبێتە ئەگەری ئیفلیجی، هەروەها ئەم نەخۆشییە پەل دەهاوێت بۆ دەمارەکان و بۆ سییەکان و دڵ، لە کۆتاییدا ئەو مرۆڤانەی توشی ئەم جۆرە نەخۆشییە دەبن شێوەیان دەگۆڕێ و سەرەنجام گیان لە دەست دەدەن و دەمرن، ئێستا زیاتر لە پەنجا ملیۆن کەس لە جیهان دا توشی ئەم نەخۆشییە بوون.

دووەم: نەخۆشی سەیلان (السّیلان):-

ئەم نەخۆشییەش وەکو جۆرەکەی پێشوو سارییە واتە: زۆر زوو لەکەسی نەخۆشەوە دەگوێزرێتەوە بۆ کەسێکی ساغ، ئەم

نەخۆشـیە زۆر زوو لـە نـاو داوێـن پیس وزینـا کەرەکانـدا بـلاو دەبێتەوە، بە شێوەیەك هەندێ لە زانایان و پزیشکە دیارەکانی جیهـان پێـی دەڵێـبن نەخۆشـی دووبـارە (الـردە) چـونکە ئـەم نەخۆشیە دوبارەو سێبارەو چەند بارە دەبێتەوە لەو کەسانەی کە بەردەوامن لەسەر ئەم کاری زیناو داوێن پیسی یە، وە خوای گەورە ودڵ و سزایەکی خوای و ئاسمانی ئەم نەخۆشیە توشی کۆ ئەنـدامی میـزوو زاو زێ ی ژن و پیـاو دەکـات. لـە وانیـشەوە ڤایرۆسـەکە دەگوازرێتەوە لـە کەسـێکی تـوش بـوو بـۆ کەسـێکی سـاغ، لە ڕێگای نێر بازیەوە (اللواط)ە دە گوازرێتەوە و لەکاتی زینـا کـردنیش دا دە گوازرێتـەوە بـۆ ئـافرەت لـەو یـشەوە بـۆ کەسێکی تری زیناکەر دە گوازرێتەوە، ئەم نەخۆشیە لە ئافرەت دا دەر ناکـەوێت واتـە: ئافرەت زوو هەسـتی پێناکـات ئەمـەش بـە هۆی پێك هاتەی جەستەی ئافرەتەوە بە هۆی حاڵەتی بێنوێژی و دەرهاویـشتەکانی زێ و دەرگـای ڕەحمـەوە، بـەلاّم پیـاو زوو هەستی پێدەکات، پە نابەخوا ئەو پیاوەی توشی ئەم نەخۆشیە بێـت زوو هەسـت بـە سوتانەوەی ئەنـدامی نێرینـەی دەکـات کـە بـۆنێکی زۆر ناخۆشـی هەیـە، وەئەگـەر بەزووی ئـەم نەخۆشـیە چـارە سـەر نـەکرێت و ئـەو کەسـە تەوبـە نـەکات و واز لـەو کـارە حەرامەکە نەهێنێ، بەخێرای نەخۆشـەکە زاو زێ دەکات و پاشان دەگوازرێتـەوە بـۆ بۆریـەکانی میـزو میزەڵدان و کۆ ئەنـدامی زاوو زێ ی، کـە لەوانەیـە نەخۆشیەکە پێویـستی بەچـەندین نەشـتەر

گـەری هـەبێت کـە ئەگـەر بـەناو بـانگترین و پێـشکەوتوو تـرین نەخۆشخانەی پێشکەوتو ترین وڵاتـی ئـەم جیهانـەی بۆ بکرێت و سـەرکەوتنیش بـە دەسـت نـەهێنێ. سـەرە ڕای ئـەوەش ئـەو منداڵەی لەو پیاوە دروست دەبێت توشی ئەو نەخۆشیە دەبێت، هەروەها ئەم نەخۆشیە توشی هێلکەدان و ڕەحمی ئافرەت دەبێت و پاشـانیش دەبێتـە هـۆی نـەزۆکی ئافرەتـە تـوش بورەکـە، دواتریش توشی چەندین نەخۆشـی تری جۆراو جۆر دەبێت بە جۆرێ ئەگەر نەخۆشەکە بە زووی واز نەهێنێ و چارە سەری بۆ نـەکرێ دەمـرێ، ئـەم نەخۆشـیە زۆر بـڵاوە لـە جیهانـداو سـاڵانە (٨٠-٢٠٠) بلیـۆن دۆلاری دەوێ بـۆ چـارە سـەرکردنی، سـاڵانە (٢٥٠) ملیۆن کەس توشی ئەم نەخۆشیە دەبن!.

سێیەم :هەریز (هربز جینتا لس) یان (هربس الجنسی):-

ئەم نەخۆشیە لەڕێگای زیناو نێربازیەوە بڵاو دەبێتەوە و یەکێکە لەو نەخۆشیانەی لـە ڕێگـەی جوت بونی ناشەرعی یەوە پەیدا دەبێت بەتایبەتی توشی کۆ ئەندامی زاوزێ و ئەنـدامی نێرینـە دەبێـت لـە پیـاو داو توشـی زێ و دەرگـای ڕەحمـیش دەبێـت لەئافەرت دا واتە: بەشێوەیەکی تایبەتی لـە سـەر کۆئەنـدامی زاو زێـی نێرینـە و مێـی ینـە دەبێـت و ئـازارێکی زۆری هەیـە، ئێـستا زیاتر لە (٢٠) ملیۆن کەس توش بووە بەم نەخۆشیە، کە تەنها لـە وڵاتە یەگرتوە کانی ئەمریکا ساڵانە نیوملیۆن کەس زیاد دەکات.

خۆشەویستان ئەوەی ڕێگری لەو لافاوی فەسادە دەگرێو دە مان پارێزێت تەنها دینی پیرۆزی ئیسلامە، وە هیچ چارە سەرێکیش نیە لە ئیسلام دا تەنها خۆپاراستنە لە کاری زیناو داوێن پیسی وەكو وتراوە (الوقايةُ خيرٌ مِن العلاج) خۆ پاراستن باشترین چارە سەرە! یا (درهمٌ في الوقاية، خير من قنطارٍ في العلاج) مرۆڤ ئەگەر بتوانێ بە (١٠٠) دینار خۆی بپارێزێ، باشترە لەوەی کە دوای دەهەزار دینار بداتەوە بە چارە سەرکردن. کەواتە: پێویستە هەموومان شانازی بەدینەکەمانەوە بکەین کە دینی تەندروستیە دینی پاکیو بێ گەردییە دینی علمو پێشکەوتنە وە پێویستە ترسی خوا لە دڵماندا بێت و لە هەموو کارو کردەوەیەکی بەد ڕەوشتیو داوێن پیسی دورکەوینەوەو دەستی نزاو پاڕانەوە لە خوای پەروەردگار بەرزکەینەوە کە خۆمانو ماڵو منداڵو میللەتو مرۆڤایەتی بپارێزێت.

بەشی حەوتەم

جنس

یەکەم: جنس لەڕوانگەی علمانیەتەوە

سەرەتا حەزدەکەم جنس لە دیدو بۆ چونی فرۆیدەوە باس بکەم هەروەکو مامۆستا مەلا أحمد شارەزووری(ڕەحمەتیخوای لێبێت) لە کتێبەکەی خۆیدا بەناوی(فرۆید لە تەرازووی ژیری)دا، ڕەچاوی کردووە، بەجۆرێك کە فرۆید هەموو ژیانی خۆی بۆ جنس تەرخان کردبوو، سەرەڕای ئەوەش فرۆید پێشەواو پێشەنگی علمانیەتە، کە ئاڵای جنسی بەدەستەوە گرت بوو بۆ گەیاندنی پەیامەکەی کە پەیمانی علمانیەت بوو بە هەموو جیهان. فرۆید دیدو بۆچونی وایە کە جنس سەرچاوەی بیرکردنەوەی مرۆڤە، سەرلەبەری ژیانیشی داپۆشیوە بۆیە فرۆید پێی وایە هەرچی پێش کەوتنی بواری سیاسی و ئابوری و هونەری و ئەدەبی و ڕۆشنبیری یە بەرهەمی جنسن، فرۆید بۆچونی وایە مرۆڤ هەر لەوکاتەی کە چاوی بەدنیا هەڵ هێناوە و دێتە سەر ئەم زەوی یە جنس لەگەڵیدا تواوەتەوە، بەجۆرێك چۆن منداڵ هەست بە برسێتی سکی دەکات، ئاواش هەست بە برسێتی ئارەزوەکانی دەکات ، لەبەر ئەوەیە کە فرۆید بەو پەڕی دڵنیای خۆیەوە دەڵێ: کاتێ کەکوڕ مەمکی دایکی دەمژێت،

هەڵپەی بۆ شیرەکەی نیە، ئەوەندەی هەڵپەی بۆ دامرکاندنەوەی لایەنی جنسی یەکەیەتی، زیاتر لەسەر قسە نازانستی یەکانی دەڕواو دەڵێ کاتێ کە منداڵ خۆی دەلکێنێ بەسنگ و ئامێزی دایکی یەوە خۆنوساندنەکەی هۆکارێکی جنسیە نەك برسێتی (سبحان الله) لەم فکرە نازانستی و شیگانیە ، بە کوردی خۆمان پێتانی ڕابگەیەنم و لێتان نەشارمەوە ، فرۆید دەیەوێ پێمان بڵێ کور هەر لەسەرەتای لە دایك بوونیەوە ، حەزی لە دایکیەتی ، بەڵام باوکی لێی داگیر کردووە و ڕێگرە لەبەردەمی بەهەمان شێوەی کوڕەکەش کچیش حەز لە باوکی دەکات بەڵام دایکی ڕێگرە لەبەردەمی داو لێ ی داگیر کردووە پەنا بەخوا ئەم بیرو بۆ چونە زۆر دوورە لەهەموو پێوەرێکی دینی و زانستی یەوە لەگەڵ فگرەتی سلیمی إنسان دا ناگونجێ ، دەتوانین بە نمونەیەکی زۆر سادەو ساکاری خۆمان وەڵامی ئەم چەواشەکاری یەی فرۆید و هەوادارانی بدەینەوە و بڵێین باشە وا بڕوامان کرد کە کوڕ لەبەر حەزو ئارەزوی جنسی مەمکی دایکی دەمژێت بەڵام ئەی کچ بۆچی ؟! لەوەش زیاتر فرۆید درێژە بە قسە نازانستی یەکانی دەدات و دەڵێت پێویستە لەسەر دایکان و باوکان کە زۆر گەمەو یاری لەگەڵ منداڵەکانیان نەکەن ، چونکە ئەوە دەبێتە هۆی زوو پێگەیشتنی حەزو ئارەزوی جنسی ، لێرەوە جارێکە فرۆید دەیەوێت بە تەواوی شیرازەی خێزان لێکهەڵ بوەشێنێ کە بەردی بناغەی کۆمەڵگەیە هەروەها فرۆید چۆن

لای وایە کوڕ و کچ حەز لە ددایك و باوکیان دەکەن ئاواش دایك و باوك حەز لە کوڕو کچی خۆیان دەکەن ، هەر لەبەر ئەوەیە کاتێ کە دایك کوڕە کۆرپەکەی لەباوەش دەگرێ و بە سنگ و ئامێزی خۆیەوە دەنێ و دەیگوشێ ئەو لەحەزوو ئارەزووی جنسی یەوەیە نەك لە سۆزو خۆشەویستی جگەرگۆشەیی یەوە، هەروەها دەڵێ باوکەکەش بەهەمان شێوە کە کچە بچکۆلانەکەی خۆی ماچ دەکاو لە باوەشی دەگرێ کەواتە علمانیەت لە هەرکات و زەمینە و سەردەمێکدا بێ بە بیانوی پڕوپوچ و دوور لە زانستی یەوە ، دەیەوێ ئەخلاق و بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتی بشێوێنێ و لە ڕێڕەوی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی خۆی لایدا کە خزمەت کردنە مرۆڤایەتی خزمەت کردنی زیاترە بە ئاوەدان کردنەوەی وولات و سەرزەوی ، بۆ خزمەت کردن بە دینی خوا ، بۆیە لە بۆچوونی عەلمانیەتەوە ژن و پیاو هەر چەند زیاناکارو داوێن پیس بن پێیان ناوترێ زیناکار و داوێن پیس ، تاوەکو لەم ڕێگا چەوتەوە ئیسلامی جوان ناشرین بکەن و مسوڵمان لە ڕاستە شەقامی ئیسلامی و گۆڕینی بیروباوەڕی مسوڵمان لابدەن هەوڵی بە علمانی کردنی ڕژێمە فەرمان ڕەواکانی جیهان و وولاتانی ئیسلامی بە تایبەتی بگرنەبەر . بۆیە پێم خۆشە لەم بەشەی دواترمان دا باسی جنس بکەین لە ڕوانگەی ئیسلامەوە .

دووەم: جنس لەڕوانگەی ئیسلامەوە:

لەڕاستیدا ئەم باسەم واتە: (جنس) م بۆیە لەم بەشەی کۆتای کتێبەکەما هەڵبژارد، چونکە زۆر کەس وا دەزانێ جل و بەرگی شەرعی کە خوای پەروەردگار لەسەر ئافرەتی ئیمانداری فەرزکردووە، مەبەستی نەهێشتنی، حەزو ئارەزووی جنس یە، بەڵام بە پشتیوانی خوا ئێستا ڕوونی دەکەمەوە کە بە هیچ شێوەیەك خوای گەورە مەبەستی ئەوە نیە. بەڵکو مەبەستی ئەوەیە کە ئیسلام وەکو دینێکی ئاسمانی دەستکاری نەکراو وەکو ئاخر پەیامی خوا هاتووە غەریزەی جنسی و سەرجەم بوارەکانی تری کۆمەڵگا ڕێك بخات و لە هەموو شێوازێکی نازانستی و ناڕاستی دوور بخاتەوە، تاوەکو لەو ڕێگایەوە کۆمەڵگە بەرەو فەسادو لێك ترازان نەڕوات، چونکە مێژوو ئەو ڕاستیەی بۆ سەلماندووین، کە چەندین میللەت و حەچارەت لە ناوچوون و فەوتاون، بەهۆی خراپ بەکارهێنانی جنس و ئارەزووە سێکسی یەکان بەشێوازێکی ناڕێك وپێك . بۆیە خوای گەورە کە خولقێنەری مرۆڤایەتی یە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ مرۆڤ خاوەنی کۆمەڵێ غەریزەیە، خاوەنی کۆمەڵێ غەریزەی سروشتی یە لە ناخی خۆیدا و ئەو غەریزانەش شیرین کراون لەبەرچاوی هەموو کەسێکدا، خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژە بەم ڕاستیە دەکات و دەفەرموێت: ﴿زين للناس حبُّ الشهوات مِنَ النساء والبنين والقنطر المقنطرة من

الذهب والفضة والخيل المسوَّمةِ والحرث والأنعام ذلك حياة متاع الحياة الدنيا والله عنده حسن المآب ﴾[٥٥٥٥] خوای پەروەردگار ئەم شتانەی لەبەرچاوی إنسان جوان کردووە، واتە إنسانی والێکردووە هەوڵیان بۆ بدات و تێکۆشانیان بۆ بکات و لە ڕێگەیەکی شەرعی و جوانەوە هەقی خۆیان پێ بدات

یەکەم: ئافرەت واتە: خێزان بەنسبەت ئافرەتیشەوە پیاو. ئەمە غەریزەیەکەو خوای گەورە لەناو ناخی إنسان دا ڕواندویەتی.هەر لەگەڵ باڵغ بوون و جوڵانی غەریزەی جنسی دا،مرۆڤ عەوداڵی دەبێت و هەوڵی دەست کەوتنیان دەدات .

دووەم: بونی ئەولادی باش و صاڵح

سێیەم: بونی زێڕو زیو واتە دینارو دۆلار .

چوارەم: (والخيل المسومه) بوونی وەسائیلی هاتووچۆو سەیارەی باش .

پێنجەم: ((والأنعام والحرث)) بوونی مەڕو ماڵات و زراعەت و فەلاحەت .

خوای گەورە دەفەرمووێ: ئەمانەم لەبەرچاوی إنسان شیرین کردووە (ذلك الحياة الدنيا) ئەمانە خۆشی ژیانن، واتە حەرام نیە إنسان ئەمانەی هەبێ جا إنسان کە ئەمانەی لەبەر چاو شیرین کراوە، بەحەرامی بێ و بەحەلاڵی بێ هەوڵی بەدەست

---

[٥٥] سورة ال عمران ٦٠

هێنانیـان دەدات، بـەڵام خـوای گـەورە دەیـەوێت إنـسان بـە ڕێگایەکی شـەرعی هـەوڵیان بۆ بدات. بەڵام إنسانێك کە بیر لـە خـودا نەکاتـەوە بەحـەڵاڵ و بەحـەرام هـەوڵی بەدەسـت هێنانیـان دەدات. ئیتر چۆن بە دەستی دێنێ گرنگ نیە بەلایەوە. کەواتە خوێنەرانی خۆشەویست ئاینی پیرۆزی ئیسلام بەهیچ شێوەیەك غـەریزەی جنـسی ڕەت نەکردۆتـەوە ، بـەڵکو هـاتووە ئـەم غـەریزە پـیرۆزە ڕێـك بخـات. لـە زینـاو لـەداوێن پیـسی دووری بخاتـەوە، چونکە ئەگەر مرۆڤ بەشێوازە تەندروستەکەی مارەسەی حەزو ئارەزوە سێکسی یەکانی نەکات سەرەنجام خۆی و میللەتی لـە نـاو دەبـات ، قورئـانی پیرۆزیـش ئـەو ڕاسـتی یـەی بـۆ تۆمارکردووین کە چەندین گەل و میللەت لە ناوچوون و فەوتان بەهۆی زیناو کاری بەدڕەوشتی یەوە

بەڵێ خۆشەویستان غەریزەی جنسی ئەوەندە پیرۆزە پێغەمبـەری سـەرودرمان (صلى الله عليه وسلم) بەخۆشـترین لـەزەتی دونیـا نـاوی بـردووە دەفـەرموێ ﴿الـدنیا متـاع وخـير متاعهـا المـرأة الصالحة﴾[٥٦] خۆشترین و شیرینتر خۆشیەکانی دونیا ئافرەتە ، بەنیـسبەت ئافرەتیـشەوە پیـاوێکی دڵـسۆز و بەوەفایـە ، بۆیـە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ڕوو لەگەنج و لاوەکانمان دەکات و دەفەرموێ ﴿یا معشر الشباب من استطاع منكم البائة

---

[٥٦] رواه البخاري

فلیتـزوج ﴾[٥٧٦٢] ڕوو لەگـەنج و لاوەکانمـان دەکـات کـە توێـژێکی گـەورەی کاریگـەرن لـە نـاو کۆمـەڵگاداو دەفـەرموێ هەرکەسـێ توانای هەیە واتە توانای مادی و جەستەی هەیە باژن بێنێ، بۆ ئەوەی کچەکان بە قەیرەیی نەمێننەوە و دواتر کێشە کۆمەڵایەتی و دیاردە دزێوەکان سەر هەڵ نەدەن. مەفهومی مخالەفەی ئەم حە دیثـە ی پێغەمبـەر(صـلی الله علیـە وسـلم) ئەوەیـە ئەگـەر گەنجەکانمان ژنیـان نـەهێنا سـەرەنجام کچەکانیـشمان شـوناکەن بەمـەش خێـزان بـەرەو داڕوخـان و لێك هەڵوەشـان دەچـێ، بۆیـە خۆشەویـستی خـوا نـوری چـاومان حـەزرەتی محمـد المـصطفی (صـلی الله علیـە وسـلم) داوا لـە گەنجـەکان دەکـات ژن بێـنن و پێویـستی کـردووە هـەموو لایەنـە پەیوەنـدی دارەکـانیش ڕێگـای ئەو سوننەتە پیرۆزەیان بۆ ئاسان بکەن، کەواتە بە هیچ شێوەیەك ئاینی ئیسلام غەریزەی جنسی ڕەت نەکردۆتەوە، بەڵکو هـاتووە ڕێکـی بخـات و خـەڵکی تـێ بگەیـەنێ کـە غـەریزەی جنـسی غەریزەیـەکی زۆر موبارەکـەو خـوای گـەورە لـە نـاخی هـەموو کەسێکدا بە ژن و پیاوەوە خەلقی کردووە ، ئینسان بە دەست کەوتنیشی لە ڕێگایەکی شەرعیانەوە ئەجروپاداشتیشی دەست دەکەوێت ، صحابەکان(ڕەزای خوایان لەسەربێ) عەرزیان کرد ئەی خۆشەویستی خوا چۆن ئەجرو پاداشتمان لێ ی دەست

---

[٥٧] رواه المسلم(١٤٦٧)

دەکەویت ، فەرمووی ئایە کەسێك لە ئێوە ئاوی خۆی نگفەی خۆی بخاتە ڕەحمی ئافرەتێکەوە بەحەرامی، بەزیناو داوێن پیسی بۆی حساب نیە ووتیان بەڵێ فەرموی دەی هەرکەسێکیش ئاوی خۆی بخاتە ڕەحمی ئافرەتێکەوە بە حەڵاڵی کە هاوسەری خۆی بێ وەك نوێژو ڕۆژو فریشتەکانی خوا چاکەی بۆ دەنوسن،سەرەڕای ئەوەش پێکهێنانی خێزان سوکنایەکی دەروونی یە،ئێستا دکتۆرە بەڕێزەکان دەڵێن :ئینسانی بێ سێکس نەخۆشە، بۆیە شێخ جنیدی بەغدادی دەفەرموێ: (أحتاج الى الجماع کما أحتاج إلى القوت) وەڵاهی چۆن پێویستیم بە خواردن و خواردنەوەی باشە ئاواش پێویستم بە ژنهێنان و کاری ژن و مێردایەتی هەیە. سەیری کەن خوێنەرانی بەڕێز ئەم دینەی ئێمە چەند لەگەڵ فطرە تی سەلیمی ئینساندا دەگونجێ ئەگەر بەراوردێکی دینی ئیسلام بکەین بە دینی مەسیحی دەبینین لە نەصرانیەتی کۆنا پیاو ژنی نەدەهێنا و کچ شوی نەدەکرد، وە ئێستاش هەرکەسێك بچێتە ووڵاتی ڤاتیکانەوە ئەم ڕاستی یە دەبینێت کە هەموو ژن و پیاوێك کە دەچێتە ناو سنوری ڤاتیکانەوە ئیمزایەك دەکات کەنە ژن بێنێ و نە شوبکات وە هەرکەسێ ئەو کارە بکات ئەوا سزا دەدرێت، بە پێچەوانەی نەصرانیەکانیشەوە، ئەوروپی و ئەمەریکی یەکان ووتیان ئەوەمان هەر قبوڵ نیە، ئێستا لەئەوروپاو ئەمریکا کاتێ کە کوڕ ژن دێنێ و کچ شوو دەکات، کوڕوکچێك لەسەر جادە لە

دائیرەیەکا لە شوێنێکا کە بەیەکەوە ئیش دەکەن، کوڕەکە کچەکە دەخوازێ و دەڵێ :وەرە با بەیەکەو بژین تۆ شتێك بێنەو منیش شتێك تا دەبین بە ماڵێك هەرکاتێکیش لێك بێزاربوون و حەزیان لەیەك نەما بەیەك دەڵێن شتەکەی خۆت بۆخۆت و شتەکەی خۆم بۆخۆم و هەریەکەیان بەلایەکدا دەڕۆن و سەرگەرمی کاری خۆیان دەبن، بەلام لە ئیسلامدا ژن و مێردایەتی تەنها تێرکردنی غەریزەی جنسی نیە بەڵکو بەردەوامی یە واتە: بەردەوامی دانەبە ژیان و خستنەوەی نەوەیەکی نوێ یە

خۆشەویستان لەبەر گەورەی غەریزەی جنسیە ئەگەر کەسێك بپرسێت! ئایا گەورەترین خۆشی دونیا کامەیە؟ لە وەلامدا دەڵێین: ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیە وسلم) دەفەرموێت ﴿ الدنیا متاع وخیر متاعها المراة الصالحة ﴾ خۆشترین و شیرینترین خۆشیەکانی ژیانی دونیا بریتی یە لە ئافرەتی چاك و بۆ خوا صولحاو. بەڕاستی وەکو شاگردی قوتابخانەکەی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیە وسلم) دەڵێین: (صدق رسول الله (صلی الله علیە وسلم) نطق بالحق) بەڕاستی وایە هەموو خۆشیەکانی دونیا بەستراوە بە ژنی ڕێك و پێك و باشەوە ، چونکە پیاو هەرچەندە گەورەبێت، هەرچەندە دەوڵەمەند بێت، هەرچەندە خاوەن قەوم و عەشیرەتی زۆر بێت ،هەرچەندە خاوەن شهادەی بەرزبێت، ئەگەر ژنی نەبێ، بەڕاستی ناتەواوەو هەموو ژیانی ژانەو هیچ لەزەت و خۆشی یەك ورناگرێ

لەم ژینە. جا ئەمەی کە باسمان کرد، بۆ ئافرەتیش هەروایە واتە گەورەترین خۆشی ژیان بۆ ئافرەتیش پیاوێکی دیندار و ڕەوشت بەرزو بەوەفایە .

دکتۆر علی شەریعەتی دەڵێت: هەموو مرۆڤێك وون بویەکی نیوەیە واتە: نیوەی لێ بزربووە بۆ ئەوەی مرۆڤێکی کامڵ و تەندروستی لێ دەرچێ، دەبێ بگەڕێ نیوەکەی تری خۆی بدۆزێتەوە، تۆ تەماشاکە کاتێ خوای گەورە حەزرەتی ئادەمی دروست کرد (سەلامی خوای لەسەربێت) لەبەهەشتی پان و بەریندا داینا، ئەو بەهەشتەی کە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێ: هەرکەسێ بەقەدەر بەقەدەر گۆچانێکی دەست کەوێت لەهەموو دونیا بۆی باشترە، کەچی حەزرەتی ئادەم لەو بەهەشتە خۆشەدا بەتەنیا ئۆقرەی نەگرت و هەتا ئەوکاتەی کە خوای پەروەردگار لەڕەگەزی خۆی ئافرەتێکی بۆ دروست کرد .واتە: حەزرەتی حەوای بۆ دروست کرد ، کاتێکیش کە سەرپێچی فەرمانەکانی خوایانکرد خوای گەورە هەردووکیانی هێنایە سەرزەوی و هەریەکەیانی بەجیا لە وڵاتێکی دوور لەیەکا دانا ، حەزرەتی ئادەمی لە هندستان داناو حەزرەتی حەوای لە جدەی سعودیە دانا، جارێکی تر حەزرەتی ئادەم هەستی کرد نیوەی لێ ونبووە خۆشەویستەکەی لێ بزربووە ، بۆیە شەو ڕۆژی خستە سەر یەك و چەندین وڵات و ڕووبەری جوگرافی بڕی هەتا گەیشتە سعودیەو لەشاخی عەرەفە

حەزرەتی ئادەمی دۆزیەوە و بەدیداری یەك شاد بوونەوە، سەر لەنویٚ ژیانێکی تازەیان دەست پێکردەوە، هەتا ئەو کاتەی خوای گەورە هەردوکیانی بردەوە لقای خۆی. کەواتە: ئێستا بۆمان روون بۆوە کە ئیسلام بە هیچ شێوەیەك نافەرمویٚ جنس شتێکی خراپ و پیسە، بەڵکو بەپێچەوانەوە خەلات و بە خششێکی خوای گەورەیە بۆ مەبەستێکی بەرزو پیرۆزیش بە مرۆڤی بەخشیوە ، کە مەبەست لێی:

یەکەم: خستنەوەی وەچە.

دووەم: بەردەوامی دان بە ژیان، بۆیە هەموو علمایانی ئیسلام(رەحمەتی خوایان لێبێت) دەفەرموون: جنس غەریزەیەکی خوا کردەو خوای پەروەردگار لە ناو ناخی هەموو کەسێکدا دروستی کردووە و قۆناغ بە قۆناغ لەگەلٚ گەورەبونی دا گەشە دەکات .

جارێك کتێبێکم خوێندەوە کە ئێستا ناوی کتێبەکەو نوسەرەکەیم لە بیر نەماوە ، ئەلٚێ پیاوێك ژنێکی هەبوو زۆری خۆش دەویست و بەبیٚ ئەو ئیدارەی نەدەکرد ، بەلاٚم ویستی خوای گەورە وابوو ئەم ژنە وەفاتی کردوو مرد بەلاٚم لە دوای خۆی کورێکی چاو گەشی بۆ هاوسەرەکەی بە جیٚ هێشت، پیاوەکەش بەلەدەست دانی خێزانەکەی زۆر مەحزون وخەفەتبار بوو، ورتی : تازە من لەدوای خێزانەکەم ژیانم بۆ چی یە؟ ئەرۆم لەو شاخە لە ئەشکەوتێکدا لە گەلٚ کورەتاقانەکەمدا بەیەکەوە دەژین. ئەوەی پێویست بێت لەگەلٚ خۆیانا بردی و رۆیشتن،

هەموو ساڵێکیش سێ چوار جار دەهاتەوە ناو شار و کەل و پەل و پێداویستی ژیان و خواردن و خواردنەوەو جل و بەرگی دەکڕی و دەگەڕایەوە بۆ ناو ئەشکەوتەکە ، بەڵێ ساڵ هات و ڕۆی پیاوەکە خۆی چووە تەمەنەوەو کوڕەکەشی پێگەیشت، تا ڕۆژێکیان بە کوڕەکەی ووت وەرە ڕۆڵە شرینەکەم، من هیچی کە تاقەت وتوانام نەماوە بچم شت بێنم لە ناو شار تۆ وەرە لەگەڵم با شارەزابی و لەمەودوا تۆ بچی لە شارەکە شت بێنی، بەڵێ ڕۆیشتن و گەیشتنە ناو شارەکەو کوڕەکەی چونکە ئەوە یەکەمجار بوو شتی دەبینی یەکسەر دەستی دەکرد بە پرسیارکردن ،ئەیوت: باوکە گیان ئەوە چی یە ؟باوکی ئەیوت: ڕۆڵەگیات ئەوە مرۆڤە .تۆزێکی تری پێ دەچوو شتێ کی تریان دەبینی زۆربەلایەوەسەیربوو دوبارەپرسیاری دەکردەوە باوکەگیان ئەوە چی یە ؟ ڕۆڵە ئەوە خانووە باوکە ئەی ئەوە چی یە ؟ ڕۆڵە ئەوە سەیارەیە باوکە ئەی ئەوە چی یە ؟ ڕۆڵەگیان ئەوە تەیارەیە . ئەڵێ لە ئاخریا کۆمەڵێ کچی بینی ووتی : ئەی توخوا باوکەگیان ئەمانە چین ؟ بەخوا ئەمانە زۆر جوانن ! ووتی:ڕۆڵە ئەوانە سۆنەی سەوزن، ووتی: توخوا باوکەگیان دانەیەکم لەوانە بۆ بکڕە و با لەگەڵ خۆمانا بیبەینەوە بۆ ناو ئەشکەوتەکە. سبحان الله ئەم کوڕە هەرچەندە لەدوری ئاوەدانی گەورە کرابوو وە یەکەمجاریشی بوو ئەو شتانەببینێ کەچی زیاد لەو هەموو شتە داوای ئافرەتەکەی کرد. کەواتە

غـەریزەی جنـسی یەکێکـە لـەو غـەریزە موبارەکانـەی کـە خـوای گەورە لەناو ناخی هەموو مرۆڤێکدا دروستی کردووە جا فـەرقی نیە ژن بێ یان پیاو وە پێویستیشی کردووە کە هەر یەکەیان لـە ڕێگای شەرعیەوە هەقی خۆی بداتێ. کەواتە ژنهێنـان و شـوکردن جوابدانـەوەی ئـەو بانگەوازەیـە کـە خـوای گـەورە لـە دەروونـی هـەموو مرۆڤێکـدا خـەلقی کـردووە، چـونکە ئینـسان فگرەتێکـی هەیە تۆ تەماشا کە برسیت بوو، دەرونت پێت دەڵێت برسـیتە، تینـوت بـوو پێـت دەڵـێ: تینوتـە، کـە سـەرمات بـوو، ماددەیـەك لەلەشـتدا هـاوار دەکـات و پێـت دەڵـێ گـەرمی بەکاربهێنـە، کـە گەرمات بوو کونیلـەکانی لەشـت دەکرێنـەوەو مێشك پێت دەڵـێ: ڕاکە سێبەرێ فریای ئاوێکی سارد، بەرپانکەیـەك مبەریدەیـەك سپلێتێك بکـەوە، بەهـەمان ئـەو جۆرەش لـە نـاو نـاخی إنسان دا غەریزەیەك هەیـە پێـی دەوترێـت غـەریزەی جنـسی یـان غـەریزەی سێکسی یـان غـەریزەی ئـارەزووی جـوت بـوون ، ئەمـەش خـوای پەروەردگار لـە ناونـاخی مرۆڤـا خـەلقی کـردوە و غەریزەیـەکی زۆر موبارەکە ، ئەگەر ئەم غەریزەیە نەوایە ژیـان نـەدەبوو بۆیـە علماو دەفەرموون: ئەگەر ئارەزوی جنسی نەبوایە ، هـیچ پیاوێـك ئامادە نەبوو ژن بێنێ و ئەو بارەگرانەی ژن و منـداڵ و زەحمـەتی خێزان و بۆڵـە بـۆڵی نـاو خێزان لـە ئەسـتۆی خـۆی بگـرێ ، وە هیچ ئافرەتێکیش ئەگەر ئەو غەریزە خوای نەبوایـە ئامادەنـەبوو ، ئازاری منـداڵ بـوون بکێشێ ئازاری مـاڵ و میـوان و زەحمـەتی

ماڵ بکێشێ ، بەڵام بەهۆی ئەو غەریزە توندەوە ، خوای گەورە حیکمەتی وایە کە درێژە بە ژیانی مرۆڤایەتی بداو زۆرپیەت زۆربێ بەڵێ بەهۆی غەریزە جنسیەوە نەبوایە قەت دایك ئامادە نەبوو ژانی منداڵ بوون و شەو و شەونخونی و نۆ مانگ هەڵ گرتنی منداڵ بە پێستی سك هەڵ بگرێ، خوای گەورە لەگەڵ ئەم هەموو نارەحەتیەدا، چێژوو لەزەتیشی تیا دروست کردووە، کەواتە لە ڕوانگەی ئیسلامەوە جنس خەڵاتی خوایە، بەڵام ئینسانی بێ دین و خوانەناس ناشرینی دەکەن، هەروەها بەهۆی جنسیەوەیە کە ژن و ژنخوازی لەنێوان مرۆڤەکان دا دروست دەبێت ، سەرەنجام بەهۆی ئەو ژن و ژن خوازی یەوە، هۆزو گەل و میللەت دروست دەبێت، جاری وا هەیە هیچ تیرەو هۆزێك یەکیان نەناسیوە بەڵام بەهۆی ژن و ژنخوازی یەوە بونەتە خزمی یەك و خوێنیان تێکەڵ بەیەك بووەو وەکو کوردی خۆمان فەرموویەتی: ((ڕیخۆڵەیان تێکەڵ بووە))

بەڕێزان غەریزەی جنسی ئەوەندە غەریزەیەکی موبارەکە قەت ئیسلام ڕێگەی لە ئینسان نەگرتووە ، کەوا شارەزایی و ڕۆشنبیری جنسی نەبێت، بەڵام بەمەرجێك لە چوارچێوەی ئیسلام و مە نطقا تێ نەپەڕێ، بەڵکو بەرنامەیەکی ڕێك و پێك و تەواویشی بۆ داناوە

خوێنەرای بەڕێز ئاینی پیرۆزی ئیسلام کاری جنسی و کاری سێکسی بەعیبادەت و خواناسی داناوە ئەگەر ئەو ژن و پیاوە

لەســـــەر فــــەرمودەی خـــــواو پێغەمبـــــەری خـــــوا بەیــــەك گەیـشتبن،بەواتایەکی تـر سـەرەڕای چـێژ وەرگرتنـی ڕوحـی و دەرونی، مرۆڤی مسوڵمان ئەجرو پاداشتیشی دەست دەکەوێت. واتە: بە پێچەوانەی هەموو بیروباوەڕەکانی دونیا کە جنس وەك هۆکارێکی چێژ وەرگرتن سەیر دەکەن. ئەبوزەڕی غەفاری ڕەزای خوای لەسەر خۆی و هەموو صەحابە بەڕێزەکانی خۆشەویست بێ. بۆمان دەگێڕێتەوە و دەفەرموێ، پێغەمبەری خوا فەرموی ﴿ عن أبي ذر الغفاري (رضي الله عنه) قال رسول الله.((في بضيع أحَدِكم صدقة)) يارسول الله (صلى الله عليه وسلم) أيأتي أحدنا شهوته ، ويكونُ له بها أجر ؟ قال (صلى الله عليه وسلم) أرأيتم لو وَضَعَها في حَرامٍ أكان عليه وزر ؟ فكذلك إذا وضَعَها في الحلال كان له أجرا ﴾[٥٨] واتە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بە صحابەکانی فەرموو : هەر یەکێ لە ئێوە کە دەچێتە لای خێزانەکـەی خـۆی و کـاری سێکـسی لەگـەڵا دەکـات ، خێروپاداشـتی لای خـوای گـەورە بـۆ دەنوسـرێت، بەسـەر سوڕمانەوە صحابەکان فەرموویان: ئەی خۆشەویستی خوا ئێمە بۆ خۆمان چێژو خۆشەویستی وەردەگرین لای خواش ئەجرو پاداشتمان بۆ دەنوسرێت ؟! فەرموی: بەڵێ. وتیان چۆن فەرموی باشە ئەگەر ئێوە ئاوی خۆتان، مەنی خۆتان بکەنە ناو

---

[٥٨] رواه المسلم

ڕەحــەمی ئافرەتێکــەوە بەحــەرامی بــەزیناو گونــاح بۆتــان نانوســرێ. ووتیــان: بــەڵێ. فــەرموی : ئــاواش ئەگــەر بیکەنــە شــوێنێکی حەڵاڵــەوە ئەجروپاداشــتی بــۆ دەنوســرێ. ئەمــەش پیرۆزی و موبارەکی جنس دەردەخات لە ڕوانگەی ئیسلامەوە ، بەڵکو لەوەش زیاتر ئیسلامی پیرۆز گرنگی بەکاری جنسی داوە، تەنانەت لەکاری سێکسی نێوان ژن و پیاودا، ڕێگە نادات هیچ یەکێ لە ژن و پیاو کە زوڵم و ستەم لەیەك بکەن و مافی ئەوی تریان پێ شێل بکەن، پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دەفــەرموێ : ﴿إذا جـامع أحـدكم أهلـه، فليـصدقها ثُـمّ ً قـضى حاجته قبل أن تقضى حاجتها فلا يعجلها حتى تقضى حاجتها ﴾ واتە: هەریەکێك لە ئێوە لەگەڵ ژنەکەی خۆی دا ، کۆبۆوەو کاری سەرجێ ی کرد، کاتی کە پیاوەکە زوتر تەواو بوو ، بەڵام ژنەکەی هێشتا تەواو نەبوو بوو یعنی چێژی خۆی وەرنەگرتبوو ، با پەنەنەکا و هەڵنەستێتەوە هەتا ژنەکەشی تەواو دەبێت و چێژی خۆی وەردەگرێت ، سەیری کە هەزارو سێ سەدو سی و سێ ساڵ زیاتر لەمەوپێش لە سەر زمانی پێغەمبەرەکەمان حەزرەتی محمد (صلی الله علیه وسلم) باس کراوە، کەچی تازە بەتازە خەڵکێك دێ بەناوی پێشکەوتن و مۆدێرنەوە دەیەوێت بڵێ دین کۆنەپەرستی و دواکەوتوی یە. ڕۆشنبیری سێکسی فێری گەنج و لاوەکانمان بکەین بەڵام بێ ئاگا لەوەی کە ئیسلام لەسەر دەمێکدا پێغەمبەرەکەمان .باسی کردووە، کە لە نیمچە

دورگـەی عـەرەبی دا ئـافرەت نـەك مـافی سـەرجێیان لـیٚ زەوت کرابـوو ، بـەڵکو زیندەبەچـاڵیش دەکـران، بەداخـەوە لـەم سـەردەمەی خۆشمـان دا، کـاتیٚ کـە ڕۆژنامـەو گۆڤارەکـان دەخوێنینەوە بەتایبەت ئەو ڕۆژنامـەو گۆڤارانـەی کە پەیوەنـدیان بەمەسەلە سێکسی یەکانـەوە هەیە دەڵێن: بەپێی ڕاپرسیەکان لـەم سـەردەمەی خۆشمانـدا، زۆربـەی ئافرەتـان چـێژ لـەکاری سەرجیٚ ی وەرناگرن، بەهۆی مامەڵەی خراپی پیاوەکانیانەوە لە کاتێکـدا ئیـسلام بەهـەموو شـێوەیەك ڕێگـری لـە توندوتیـژی سێکسیش گرتووە، توخوا ئەگەر محمد (صلی الله علیه وسلم) پێغەمبـەری خـوا نـەبیٚ چـۆن لەکۆمەڵگەیـەکی ژن کـوژی بیابـان نـشینی وەك ئەوکاتـەی شـاری مەککـەو مەدینـە باسـی ئـەوەی دەکـرد ؟!. لـەوەش زیـاتر لـە فەرمودەیـەکی تـرا، پێغەمبـەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دەفـەرمویٚ :﴿ لاترمـوا علـی نـسائکم بـل إعجلـوا بیـنکم و بیـنهن روسـلاً.....قبـل ومـا الرسـول یـا رسـول الله...؟ قـال: القُبلـة ﴾[59] فـەرموی: لەڕەوشـتی ئیمانـدار نیـە ، کـە وەك و ئـاژەڵ کـاری سـەرجیٚ ی لەگـەڵ خێزانەکـەی خۆیـدا بکـات بەڵکو پێویستە قسەی خۆشی و یاری کردنیان لە بەینا هەبیٚ کە هـەم خۆشەویـستی دروسـت دەکـات هـەم ئامادەباشـیش بۆوکارەدروست دەکات کە ئێستا زانایانی بواری جنسی ئەم

---

[59] رواه امام مسلم/كتاب حيض باب استحباب استعمال مغتسلة وضع فرصة من مسك في موضع الدم ج1 ص261

ڕاستیەیان بۆ دەرکەوتووە و دەفەرمون قسەی خۆش و یاری کردن کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر ئامادەباشی هەردولایان بە تایبەتی ئافرەت !. وە زانایانی ئیسلامیش لەناو کتێبە پیرۆزەکانی خۆیاندا باسی ڕۆشنبیری سێکسیان کردووە. بۆ نموونە إمامی ڕازی (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموێ: کاری سەرجێی لەگەڵ خێزانەکەی خۆت دا مەکە هەتاوەکو گەمەی لەگەڵدا نەکەی و یاری بە شوێنە جنسی و وروژێنەرەکانی نەکەی، بەواتایەکی ڕونتر هەتا ماچی نەکەی و مەمکی نە گوشی و قسەی خۆشی بۆ نەکەی ، چونکە ئەمانەت نەکرد لەوانەیە ساردی سێکسی ڕو لە ئافرەتەکە بکات، بەڵام کە ئەمانەت کرد ئەویش ئامادە دەبێ و ئەوکاتەش ئارەزوی لە نێوچاوانی دەردەکەوێت لێرەشەوە گەورەی و عەزەمەتی ئیسلاممان بۆ دەردەکەوێت کە چەند گرنگی بە غەریزەی جنسی داوە، دەشیەوێت هەموو مرۆڤێکی مسوڵمان ڕۆشنبیری یەکی دروست و زانستی هەبێت لەسەر جنس و کاری ژن و مێردایەتی و ناسینی ئەندامەکانی لەشی خۆی ، بەڕاستی جێگەی خۆشەویستی گەنج و لاوەکانمانە زانیاری دروست و زانستیان هەبێ لەسەر مەسەلەی باڵغ بوون دەرکەوتنی موو خەو بینین و دەرچونی خوێنی بێ نوێژی و پەیدابوونی موو ، مەمك و گڕبوونی دەنگ و هیچ شەرم کردنێکی تێدا نیە حەزرەت عائیشەی دایکی ئیمانداران (ڕەزای خوای لەسەر بێت) بۆمان

دەگێڕێتەوەو دەفەرموێ : پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ ﴿ نعم النّساءُ نساء الأنصار لم يكن يمنعهنَّ حياءٌ أن يَتَفَقّهن في الدين ﴾ واتە چاکترین و باشترین ئافرەت ، ئافرەتانی ئەنصارین کە شەرمیان نەدەکرد لە پرسیارکردن بۆ شارەزابوون لە دینەکەیان بۆ نمونە ئافرەتێك هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) پرسیاری چۆنیەتی خۆپاك کردنەوەی کاتی بێ نوێژی لێ کرد، دیارە ئەمەش بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ فێربوونی ئافرەتی مسوڵمان لەو مەسەلانەی پەیوەندیان بە ئافرەتانەوە هەیە حەزرەتی عائیشە (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموێ لە خزمەت پێغەمبەرا دانیشتبووم ئافرەتێك هات پرسیاری دەربارەی خۆپاك کردنەوە لە بێ نوێژی کرد، کە چۆن خۆی پاك بکاتەوە ؟. پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی ﴿ خزي فرصة من مسك فتطهري بها ، قال : كيف أتطهر ؟ قال تطهري بها قالت : كيف ؟ قال : سبحان الله تطهري !! فاجتذبتها إلىَّ ، فقلتُ تتبعي أثر الدم ﴾[٦٠٦٧] فەرمووی پارچەیەك پەڕۆی پاك بهێنە و خۆتی پێ پاك بکەوە. ئافرەتەکە ووتی: چۆن چۆنی خۆمی پێ پاك بکەمەوە، فەرمووی خۆتی پێ بسڕەوە ووتی: ئاخر چۆن ؟ فەرمووی: سبحان الله خۆتی پێ پاك بکەوە. حەزرەتی عائیشە دەفەرموێ: دەستی ئافرەتەکەم گرت و بۆلای

---

[٦٠] صحيح البخاري كتاب حيض

خۆم ڕام کێشاو پێم ووت: بەشوێنی خوێنەکەتیا بهێنە و جوان جوان بیسڕەوەو پاك و پوختی بکەوە لە کاتی خۆشتنەوەت دا لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێ ﴿أن رسول الله (صلی الله علیه وسلم) إستحیا فأعرض بوجهِهِ﴾[٦١٦٨] واتە : ئەو ئافرەتە پرسیاری خۆ پاك کردنەوەی لە پێغەمبەر کرد (صلی الله علیه وسلم) شەرمی کـــردوو ڕووی خـــۆی وەرگێـــڕاو . بـــەکورتی دەگەڕێینـــەوە سەرباسەکەی خۆمان کە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێ: ڕەحمەتی خوا لە ئافرەتی ئەنصاریەکان بێت کە پرسیاریان دەکرد، دەربارەی مەسەلەکانی ئافرەتان تا شارەزای و ڕۆشنبیری یەکی باشیان هەبێ، وە ئێمە وەك و مسوڵمان پێویستە ئەوە بزانین یەکێ لەتایبەتمەندی دینەکەمان ئەوەیە شتێك نیە باسی نەکردبێ

خۆشەویستان لێرەدا پرسیارێك دروست ئەبێت ئەوەیش ئەوەیە دەڵێن:پیاو و ژن حەزی جنسی و سێکسیان هەیە بەڵام باشە بۆچی پیاو واجب نیە لەسەری کە قۆڵی داپۆشێ و دەستی داپۆشێ و قاچی داپۆشێ، قەیچێکە با ئافرەتیش هاوشانی پیاوبێ ، هەرچەندە ئێستا لە هاوشانی پیاو تێ پەڕیوە ، ئێستا پیاوێك تۆزێك پانتۆڵەکەی کورت بێ بە خوا لە ڕووی نایەت لە

---

[٦١] هەمان سەرچاوەی پێشوو

پێ ی بکات ، توخوا پانتۆڵەکەت یان شرەواڵەکەت بێتە سەر قولە پێت کە سونەتی پێغەمبەری خوایە (صلی الله علیه وسلم) لەبەری دەکەی دەڵێ ی نەبەخوا عەیبە ؟! کەچی بەداخەوە ئێستا ئافرەتانمان هەیە پانتۆڵی لە پێدایە بەلاّم پانتۆڵەکەی نیوەی قاچی براوەتەوە وەلاّهی تەکلیفێکی زۆر لە پیاوێك بکەی بڵێ بەم پانتۆڵەوە بچۆرە بازاڕ ناچی ئەڵێ عەیبە ، کەچی ئافرەتەکە بە پێشکەوتنی دەزانی ، یەعنی ئافرەتان لە پیاوانیش تێ پەڕی کردووە نەك هەر هاوشانی پیاوبێت و وەکو ئەو ڕووت بێ بەڵکو زۆر لەو ڕووت ترە ئێستا پیاوێك بنباڵی بەدەرەوەیە یان فانیلەی عەلاگەی لەبەرا بێ لە ناو بازاڕا لەناو کۆڕو کۆمەڵ و کۆبوونەوەکاندا حەیای دەچێ ، هەر من و تۆ لۆمەی دەکەین ، کەچی ئەمڕۆ ئافرەت لەناو دائیرەو کۆڕو کۆمەڵ و بازاڕەکاندا نیوەی لەشی دیارە ئەگەر دەڵێ ی بۆچی وایە بۆچی حیجاب ناکەی دەڵێ ئەرێ ئەمە هەر نەبڕایەوە ئەی بۆچی پیاو حیجابی لەسەر واجب نیە ئایا فەرقی ژن و پیاو هەیە لەوەلاّمدا دەڵێین: بەڵێ ئەگەر باوەڕت بەخوا هەیە ئەمری خوا مناقەشەی تێدا نیە و ئێمە وەکو مسوڵمان و ئیماندار دەڵێین: (سمعنا واطعنا) خوا بۆخۆی زاناو کار بەجێ یە فەرمانەکانی لەشوێنی خۆیدان و هەمووی پڕن لەزانست و حیکمەتی گەورە گەورە بەلاّم من لێرە دا دەمەوێت بەشێوەیەکی زانستی و لەسەر قسەی یەکێ لە مفکرە عەلمانیەکانی ئەم سەردەمەوە وەلاّمیان بدەمەوە و ڕەدی

خۆیان بدەمەوە ئەویش (دکتۆرە نەوال سعداوی) یە کە لەکتێبێکی دا بەناوی (الرجل والجنس) لە لاپەڕە سەدو حەفتاو چواری ئەو کتێبەدا کە بەزمانی عەرەبی نوسیویەتی و ئەم ئافرەتە دکتۆرەیە کە یەکێکە لە چەپ گەڕا توندەکانی دژ بە ئیسلام و زۆر دژایەتی ئیسلام دەکات و یەکێکیشە لە بانگەشەکەرانی بیری فیمنیزمی ئافرەتان کەبیری فینیزمە فکرەیەکە لە ڕۆژئاوا و ئەوروپاوە هاتۆتە ناو جیهانی ئیسلامی ، وە ئەم ئافرەتە دژ بە خواو پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) قسە دەکات بەلاّم لەگەلّ ئەوەش دا بە ویژدانەوە قسە دەکات و دان بەو راستیەزانستی یەدا دەنێت و دەلّێت: هەرچی زانایانی بواری دەروون ناسی و پسپۆڕانی بواری لێکۆلّینەوەن لە لایەنی سێکسی و جنسی پیاو ئافرەت، سەریان سوڕماوە لەو جیاوازی یە گەورەی کە لەنێوان پیاو ئافرەت دا هەیە لە بواری وروژاندنی هۆرمۆنە جنسی یەکانی کەلەناو لەشیاندا هەیە، ووتیان: چۆن؟ ووتی : ئێمە لەڕوی زانستی یەوەئەوراستیەمان بۆدەرکەوتووە پیاو بەس بە سەیرکردنی ئافرەت دەوروژێت بەس بەدەرکەوتنی تۆزێ لەقاچی بەس بەدەرکەوتنی بستێ لە ڕانی ، بەس بەوەی وێنەیەکی ببینێ ، بەس بەوەی خەیالّی لێبکاتەوە بەس بەوەی کە تۆزێ بۆنی ئافرەتێك بێ بەسەریا سبحان الله لە گەورەیی ئەم دینەی ئێمە بۆیە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموی ﴿ والمراة

إذا إستعطرت ، فمَدَت بالمجلس كذا وكذا ، يعني الزانية ..﴾[٦٢]
فەرمووی هەر ژنێك خۆی بڕازێنێتەوە و بۆنی خۆش لە خۆی بدا بۆ ئەوەی کە چووە دەرەوە کە چووە ناو بازاڕ و دائیرەو شوێنە گشتی یەکان مەبەستی ئەوە بوو سەرنجی پیاوان بۆلای خۆی ڕابکێشێ ، ئەوە وەکو زیناکار وایە کە خۆی معگر دەکات و خەڵك بۆنی دەکەن ، دکتۆرە نەوال درێژە بە قسەکانی دەداو دەڵێ: بە بۆنی ئافرەت بە جموجۆڵی بەوەی پیاوێك گوێ ی لە خشپەی پێڵاوەکانی ئافرەتێك بێ بەسەیرکردنی جل و بەرگەکەی، یەکسەر پیاو ئارەزوی سێکسی و جنسی بۆ ئافرەت دەجوڵێ بەڵام زانست ئەوەی بۆ دەرکەوتووە کە ئافرەت وانیە ، ژن بەمانەی باسمان کرد هیچ تەئسیراتێکی نیە لەسەری یعنی ئافرەت پیاو بەڕوتیش ببینێ زۆر تەئسیراتی تێ ناکات ووتیان چۆن ؟ ووتی: ئافرەت بەدەست لێدان، بەتایبەت لەپی دەستی کە شەرع دەفەرموێ لەپی دەست شوێنی شکانی دەست نوێژە، ئەڵێ ئەم لەپی دەستە وەکو سەحنێکی سەتەلایت وایەو هەموو هێزەکان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ بۆیە ئیسلام قەدەغەی کردووە کوڕو کچ ژن و پیاوی نامەحرەم تەوقە لەگەڵ یەکدا بکەن .
پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: ﴿ لأن يُطعَنَ في راسِ احَدِكُم بمخَيطِ مِن حَديدِ خَير لَهَ من ان يَمسَّنَ إمراة

[٦٢] رواه ابوداود ،والترمذي ،وقال حديث حسن صحيح

لاتحلُ لـه ﴾[٦٣] فـەرموی : ئەگـەر بـە ئاسـنی نـوك تیـژ و تـورس لەسەری یەکێك لە ئێوە بدرێت، هێشتا ئەوەی باشترە کە دەست بخاتـە دەسـتی کەسـێکەوە کە بۆی حەڵاڵ نەبێت، دکتـۆر نـەوال ئەڵێت: ئافرەت بەس بەدەست لێدان و بە تەوقەکردن و بە باوەش پێداکردن. ئـارەزوی جنـسی دەوروژێـت ،هـەروەها بـە بـاوەش پێـداکردن و بەخوێندنـەوەی کتێـب و بابەتـە جنـسی یـەکان و هـەروەها بەنـەرم قسەکردنی پیاوان و عاتیفە جوڵانـدنی ئـافرەت بەم شتانە ئارەزوی سێکسی و جنسی دەجوڵێ و مـەیلی دەڕوات بـۆلای پیـاوان، بـەلام بە پێچەوانەی ئافرەتـەوە پیـاو بەبـچوکترین جەسـتەی ئـافرەت جـنس و هۆڕمۆنـەکانی ئـارەزوی دەجـوڵێ! ئەمـە قسەی دکتۆرە نەوال سعداوی یە کە یەکێکە لە بانگەشـەکەرانی بیری فیمینـزم لـە هـەڵگرانی بیری چـەپ گـەڕای دژ بـە ئیـسلامە، کەواتـە دەڵـێین: خـوای گـەورە کـە دروسـت کـەرو بەدیهێنـەری ئـەم ەرۆڤ و بونەوەرەیە، جوانی فەرموەکە دەبێت ئافرەت خۆی داپۆشـێ چونکە جەستەی جیـاوازە لەگەڵ پیاودا. بەڵـێ ئێمـە وەك و موسـڵمان دڵمـان خۆشـە بەدینەکـەمان چـونکە هـەتا زانـست و زانیـاری پـێش بکـەوێ دڵنیـابن ڕاسـتی و جـوانی دینەکـەمان زیـاتر دەردەکـەوێت وە تـەنها ئیسلامیـشە چارەسـەری هـــەموو دەردە سیاسـی و کۆمەڵایـەتی و ئابوری یەکانی جیهان دەکات بۆ نمونە ئەمڕۆ هەرچـەندە زانـستی پزیـشکی پـێش کـەوتووە بـەلام نـاتوانێ چارەسـەری ئـەم هـەموو

---

[٦٣] رواه التبراني في الكبير وصححه الألباني في صحيح الجامع(٥٠٤٥)

نەخۆشبە بکات ، وەکو نەخۆشی ئایدز بەرۆکی مرۆڤایەتی گرتوە بەتایبەتی کیشوەری ئەفریقا و ئەوروپاو ڕۆژئاوای گرتووە ، تەنها ڕوناکی یەك مابێ ئیسلامە! ئەوەتا جۆرج بۆش لە کۆبونەوەیەکی تایبەتی خۆی دا ، ڕەخنەی لێگیرا کە لە لایەن چەند ئەندامێکی کۆنگرێس و پەرلەمانی ئەمریکاوە ووتیان تۆ سالانە بڕیارت داوە و ئیمزات کردووە بە ملیارەها دۆلار لە جەنگی عێراق و ئەفغانستان سەرف دەکەی ووتیان ئەی باشە بۆچی ئەو پاردیە لە ولاتەکەی خۆماندا سەرف ناکەی بۆ چارەسەری نەخۆشی ئایدز. کە ئایدز بەهۆی بێ ڕەوشتی و داوێن پیسی یەوە بلاو دەبێتەوە و سالانە بەهەزارەها خەڵك لە ئەمەریکا دەکوژرێ ، خوا پەنامان بدا و لە میللەتمان بە دوور بێت کە ئەو نەخۆشی یە زۆر ترسناکە و تائێستا چارەسەری بۆ نەدۆزراوەتەوە ، بەجۆرێ نەخۆشەکە دەستی بەر هەرکەسێك بکەوێت یان ماچی هەرکەسێك بکات یان خوێنی لەگەڵ هەرکەسێك تێکەڵاو بێت هیچ دەرمانێك نیە چارەسەری بکات هەتا هەموو لاشەی دەڕزێ و دەمرێ. ڕەخنەیان لە جۆج بۆش گرت ووتیان: ئەی بۆچی بە ملیارەها دۆلار سەرف ناکەی بۆ چارەسەری ئایدز لەئەمەریکادا، ئەویش بە ڕاشکاوانە وەلامی دانەوە و وتی: چارەسەری ئایدز بە پارە ناکرێ بە دۆلار ناکرێ، ئەگەر ئەتانەوێ چارەسەری ئایدز بکرێ ئەبێت ئەخلاق و ڕەوشت بۆ گەلی ئەمریکا بگەڕێتەوە، هەروەختێ ئافرەتی ئەمریکی وەك و ئافرەتی موسڵمانەکان حەیاو حورمەتی هەبوو و حیجابی لەبەرابوو ئەوکاتە دڵنیابن ئایدز لە ئەمریکادا نامێنێ، ئەوە قسەی پیاوێکە کە

وڵاتەکەی سەرۆکی جیهانی ئەمڕۆیە دانیشی بەو ڕاستیە گەورەیەدا دەنێ و حیجاب بە گەورە دەزانێ، جا خۆشەویستان حیجاب تەنها پارچە قوماشێك نیە و ئافرەت بەسەری دا بدات وەك و ڕاهیبەکانی مەسیحی بەداخەوە جاری واهەیە ئافرەتی بالاپۆش و موحەجەبە دەبینم حیجابی لە بەرایە و لە حزبێکی لادینی و عەلمانی دا کاردەکات وا ئەزانم ئەو خوشکە بەڕێزەپێویستی بەبەخۆداچونەوە هەیە کە لەوانەیە لە حیجاب و واتای بالاپۆشی نەگەیشتبێ.
ڕەحمەتی خوا لە شاعیرێك بێت کە بە حەق دەڵێ :

حیجـــــــاب تاجـــــــــه
بە سەری هەمـــــوو کەس ناشێ
ئاڵای دەوڵـــــــەتی ڕەوشـــــــتە
نەك تەنها پارچــــــــــــە قوماشێ
چەکی بەرگـــــــــــری و شەرەفە
ئەسمێ گشـــــت گـورگ و داڵاشێ

کەواتە: خۆشەویستان ئێستا بۆمان دەرکەوت کە ئیسلام ڕێزی لـە غـەریزەی جنـسی گرتـووە و بـە غەریزەیـەکی مبارەکیـشی داناوە! کاتێ مێژوی زێڕینی حیجابەکان بخوێنینەوە ئەبینین کە حەزرەتی عمری کوڕی خگاب (ڕەزای خوای لەسـەر بێـت) شـەو و ڕۆژ بە ناو شار و میللەتەکەیدا دەگەڕا و هـەوڵی چارەسـەرکردنی کێشەی موسڵمانانی دەدا. بۆ نمونە شەوێك بە ناو کۆڵانـەکانی شـاری مەدینـەدا دەگـەڕا لـە دوای نیـوەی شـەوەوە گـوێی لـە

دەنگێکــی غــەریبی ناســك بــوو ، کــە ورد دەبێتــەوە بــۆی دەردەکەوێت ئەوە دەنگی ئافرەتە، ئافرەتێکە بە تەنها لە ماڵی خۆیدا دانیشتووە دەناڵێنێ و بە شعر لەگەڵ ناخی خۆیدا دەدوێت! ئیمامی عمر زیاتر گوێی بە لای دەرگاکەوە دەنێ بزانێ شەکوای حاڵی چیە؟ تەبعەن ئافرەتەکە مێردەکەی لە ماڵ نیە و ئەویش تازە بوکە، قەسیدەیەکی درێژی بە عەرەبی هەیە کە دەڵێت : خۆزگە ئەم شەوە ئەوەندە درێژ نەبوایە ، خۆزگە هاوسەرەکەشم ئێستا لێرەبوایە، وەڵاهی ئەوەندەی حەز لە پیاوەکەیەتی بۆیە بە ئاشکرا لە شعرەکەیا دەڵێ وەڵاهی لە ترسی خوا و خاتری مێردەکەم و حەیا و حورمەتی بنەماڵەکەم نەبوایە، ئێستا پیاوێکی بێگانەم دێنایە ماڵەوە لەگەڵما ڕاکشایە، جا ئەم ئافرەتە ئیماندارە ئەم حەزە جنسیەی خۆی بە شعر دەردەبڕێ ، واتە ئافرەتێکی شاعیرە، یەکسەر ئیمامی عمر زەربێك لە دەرگای ماڵەکەیان دەدات ، بەیانی نوێنەری خۆی دەنێرێ تا بزانێ ئەو ماڵە هی کێیە و ئەو ئافرەتە کێیە ؟ نوێنەردکەی کە هاتەوە وتی : قوربان ئەوە ژنی مجاهدێکی "فی سبیل الله"یە مێردەکەی ڕۆیشتووە بۆ غەزا و نەگەڕاوەتەوە ، حەزرەتی عمر فەرموی هاوسەرەکەی چەند ڕۆژە ڕۆیشتووە وتیان وەڵا شەش حەوت مانگە ، ئێستا وا لە جەبهەکانی عێراق و شەڕەکانی عێراقە و نەگەڕاوەتەوە، ئا لەو کاتەدا ئیمامی عمر چی دەکات ؟ چوو بۆ لای حفصە خانی کچی کەخێزانی

پێغەمبەری خوایە "صلی الله علیه وسلم" ڕەزا و ڕەحمەتی خوا لەسەر هەموو خێزانەکانی خۆشەویستی خوا بێت. فەرموی حفصە خان وەرە شتێکت لێ دەپرسم شەرم مەکە و پێم بڵێ، فەرموی : باوکە گیان چیە ؟ فەرموی: ڕۆڵەی شیرینم توخوا ڕاستم پێ بڵێ ژن تا چەند بەبێ مێردەکەی یان ڕونتر بڵێین تا چەند بە بێ کاری سەرجێیی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا ئیدارە دەکات؟ حفصە خان سەری داخست و فەرموی باوکە گیان چۆن پرسیاری ئاوا لە من دەکەی، فەرموی کچی شیرینم ئەم پرسیارە ئیشی موسڵمانانی پێوە بەندە و منیش زۆرم ئیش پێیەتی وەڵامم بەرەوە ، فەرموی باوکەگیان چوار مانگ بۆ پێنج مانگ ، حەزرەتی عمر تێگەیشت ، یەکسەر مەرسومی جمهوری دەرکرد و فەرموی لە عمری کوڕی خگاب ئەمیری موسڵمانانەوە بۆ هەموو بەرەکانی شەڕ لەمەو دوا نابێ هیچ سەربازێك لە بەرەی شەڕدا لە سێ مانگ زیاتر بمێنێتەوە ، ئەویش مانگێك بۆ ڕۆیشتنی ڕێگای لەمسەرەوە مانگێکیش بۆ مانەوەی ، هەر ئەمیر و فەرمانڕەوایەکیش ئەم فەرمانە جێ بەجێ نەکات خۆی بەرپرسیارە، ئیتر با لەمەودوا سەربازەکان بە خێرایی بگەڕێنەوە ناو ماڵ و منداڵی خۆیان ، جا خوێنەری خۆشەویست بە وردی سەرنجی ئەم باسە بدە، کەواتە کۆمەڵگای موسڵمان کۆمەڵگایەکی داخراو نیە یەعنی هەموی دەست بە ئەژنۆ و دەست لە دونیا بەردار نەبوون ، هەم پیاوی دنیا بوون هەم

پیاوی قیامەت بوون لە هیچیان دابڕاو نەبوون چونکە بەڕاستی هاوەڵی پێغەمبەری خوا بوون "صلی الله علیه وسلم" هەروەها ئەو دەرسەشمان پێ دەڵێت: کە چارەسەری کێشەی جنسی لاوان لە ئیسلام دایە، ئیسلام نەهاتووە بە قامچی لەپشتی خەڵك بدا و بڵێ تۆ بێ حەیا و بێ حورمەتی دەبێ کچ هەتا ماوە شوو نەکات و پرچی سپی بهۆنێتەوە کوڕ ژن نەهێنێ هەتا ماوە ڕەبەن بێت، نەخێر سەیرکەن خوێنەرانی بەڕێز ئیمامی عمر بەو ئافرەتەی نەوت تۆ بێ ڕەوشت و بێ ئابڕوی، نەخێر ئەو ئافرەتە و هەموو مرۆڤێکیش کە خوا دروستی کردووە مافی خۆیەتی چۆن داوای خواردن و خۆراك دەکات ئاواش داوای مافی جنسی بکات و ڕێز لەغەریزە جنسیەکەی بگرێ، جا خۆشەویستان لێرەدا کۆتایی بەم باسە گەورە و گرانە دێنم، ان شاء الله لە دوای ئەم کتێبە کتێبێکی تر دەنوسین بە ناوی " غەریزەی جنسی لەنێوان دیدی ئیسلام و عەلمانیەت دا " بە ئومێدی ئەوەی گەنج و لاوەکانمان زیاتر شارەزای دینەکەیان بن !

سەرچاوەکان

١- قورئانی پیرۆز
٢- الأخلاق والأسلامية للمسلمين عامة وللخطباء خاصة – بقلم سعد يوسف محمود أبو عزيز – الجزء الثالث .
٣- صحيح البخاري
للإمام أبي عبدالله محمد بن إسماعيل بن إبراهيم بن المغيرة بن بردزبة الجعفي البخاري المتوفي سنة ٢٥٦ هـ
طبعة محققة على عدة نسخ و عن نسخة فتح الباري التي حقق أصولها و اجازها
الشيخ عبدالعزيز بن عبدالله بن باز

٤- صحيح مسلم
تأليف اللإمام أبي الحسين مسلم بن الحجاج
شرحه اللإمام النووي ترقيم و ترتيب
محمد فؤاد عبدالباقي
إعتني به و حققه على خمس مخطوطات
أبو عبدالرحمن عادل بن سعد
دار ابن الهيثم
القاهرة – ت و فاكس ٤٢١٠٩٨٦
٥- ئافرەت و خێزان لە سایەی شەریعەت دا – نوسینی – مامۆستا علی باپیر
٦- ئافرەت و قەیرانی ناسنامەو مەیدا نخوازی یەکانی داهاتوو .
٧- ئایدز پوختەیەك دەربارەی نیشانەو شێوازەکانی خۆپاراستن .
نوسینی : دکتۆر حسین الله مورادی
وەرگێران : مودریك عەلی عارف

چاپی یەکەم : ٢٠١١

٨- ئایدزو نەخۆشی یە گوێزراوەکان لە ڕێگای سێکسەوە .

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی د. فریدون إبراهیم عبدالرحمن

٩- بەرەو بەختیاری ئافرەت .

نوسینی : جمال حبیب الله

چاپی یەکەم ١٤٢ك – ١٩٩٩ز .

١٠- بالاَ پۆشی .

نوسینی : بەیان ئامق

چاپی دووەم ٢٠٠٦

١١- بالاَ پۆشی : ڕێگایەك بۆ بەختەوەری .

نوسینی : عبدالحمید البلالی

وەرگێرانی : هیوا محمود جاف

چاپی یەکەم : ٢٠١٠ ز - ١٤٣١ ك

١٢- پۆشاکی ئافرەت و کاریگەری لەسەر کۆمەڵ .

نوسینی : محسن عبدالحمید

وەرگێرانی : هەورامان محمدأمین

چاپی یەکەم : ١٤١٦ك - ١٩٩٥ ز

١٣- پۆشاکی ڕۆژئاوایی لە دادگای عەقڵ و لۆژین دا.

ئامادەکردنی : لهۆن قادر

چاپی یەکەم : ١٤١٨ ك - ١٩٩٨ ز

١٤- پۆشاکی ئیسلامی مایەی خۆش بەختی تاك و کۆمەڵە

نوسینی : أحمد میرزا ڕۆستەمی ژێرو

ساڵی ٢٠٠٩

١٥- تەوژمی جنس و هەرەسی لاوەکان.

نوسینی : مصطفی زمانی

وەرگێڕانی : هێرش محمود سەنگەسەری

چاپی چوارەم : ٢٠١٠ ز

١٦- حەلاڵ و حەرام لە ئیسلام دا .

نوسینی : د. یوسف قەرزاوی

وەرگێڕانی : مامۆستا ملا حمەأمین کریم

چاپی یەکەم : ٢٠٠٣ م

١٧- دین و ژین لە ژێر ڕۆشنانی و سپاردەکانی (رب العالمین).

نوسینی : فاتیح مەلا ڕەسوڵ شارستێنی

چاپی یەکەم : ١٤٢٦ ك - ٢٠٠٥ ز

١٦- ڕەوشتی ئافرەت لە ئیسلام دا .

نوسینی : محمد رشدی عبید

وەرگێڕانی : غازی إسماعیل

چاپی دووەم : ١٤٣١ك - ٢٠١٠ ز

١٧- ژنان و کارو باری ژنان لە ئیسلام دا

نوسینی : ئەحمەد و کاکە محمود

چاپی یەکەم : ١٤٣٠ ك - ٢٠٠٩ ز

١٨- فیقهی ئافرەتی موسڵمان

نوسینی : إبراهیم أحمد جمل

وەرگێڕانی : أبوبکری صدیقی

چاپی یەکەم : ١٤١٩ ك - ١٩٩٨ ز

١٩- لاوان و ئاستەنگەکانی سەردەم .

نوسینی : عبدالسلام مەدەنی

چاپی یەکەم : ٢٠٠٨ ز

٢٠- هیمەت بەرزی .

نوسینی : ئەندازیار عوسمان

چاپی یەکەم : ٢٠٠٧

٢١- هاکا ئیسلام گەڕایەوە، توێژینەوەیەکی کورت دەربارەی داهاتوی ئیسلام

نوسینی : ئیکرام کەریم

چاپی یەکەم : ٢٠٠٩ ز

حیجاب تاجە

بەسەری هەموو کەس ناشێ
ئاڵای دەوڵەتی ڕەوشتە
نەک تەنها پارچە قوماشێ
چەکی بەرگری و شەرەفە
ئەسمێت گشت گورگ و داڵاشێ

چاپخانەی سیما